# پێکەنینی گەدا

# پێکەنینی گەدا

کورتە چیرۆک

حەسەنی قزڵجی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حەسەنی قزڵجی
پێکەنینی گەدا – کورتە چیرۆک
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٣٨
چاپی سێیەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٧١ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیتکاری: سەیران عەبدوڵا
هەڵەبژێری: تریسکە ئەحمەد حەمید
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

## پێشەکیی چاپی دووەم

حەسەنی قزڵجی، یەکێکە لە بنووس و چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانی کورد و هەر لە سەردەمی کۆماری مەهابادەوە کە لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانیدا کاری دەکرد تا ئەم دواییە کە کەوتە بەر شاڵاوی زەبروزەنگی ڕێژیمی کۆنەپەرست و خوێنخۆر و فاشست مەشرەبی وڵاتەکەی، هەر ئەوەندەی دەرفەتێکی دەسگیر بووبێ، قەڵەمی لە نووسینی وتاری سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و چیرۆکی ڕیالیستی و وەرگێڕانی ئەدەبی پێشکەوتخوازی جیهانی کۆڵ نەبووە.

لە پاش زیندەبەچاڵکردنی کۆماری مەهاباد و هێرشی ڕاوەدوونانی ئازادیخوازانی ئەو مەڵبەندە، کاک حەسەن پەنای هێنایە بەر براکانی کوردستانی عێراقی و تا چەندساڵیش پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز لە سولەیمانی و دێهاتی دەوروپشتی و لە هەڵەبجە و لە بەغدا بەسەری بردووە و لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشدا ئەویش وەک بنووسە نیشتمانپەروەرە کوردەکانی تر بەگەرم کەوتە نووسین و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە لە پێناوی سەرخستن و چەسپاندنی بیروباوەڕی ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتندا.

بەڵام زۆری نەخایاند لەگەڵ گۆڕانی ڕێبازی ئەو شۆڕشەدا، جێ بە حەسەنی قزڵجییش لەق بوو و لە عێراق وەدەر نرا. ئیتر تا ڕووخانی ڕێژیمی نۆکەر و کۆنەپەرستی شا، لە ئەورووپا دەژیا. بەڵام بە درێژاییی ئەو ساڵانەی ئەورووپاشی لەگەڵ ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکانی عێراقدا هەر هاوکاریی کردووە و بۆی نووسیون و تەنانەت ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی وا ئێستا بۆ دووەمین جار بڵاو دەکرێنەوە، زۆریان لە پێشدا لە ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکانی عێراقدا بڵاو کراونەتەوە و پاشانیش هەر لە عێراق کراون بە کتێب و بە کۆمەڵ بڵاو کراونەتەوە.

ئێمە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دووەمین جاری بە کۆمەڵی ئەم چیرۆکە ریالیستییە میللییانەی کاک حەسەندا کە نموونەی چیرۆکی ڕاستەقینەی بەئامانج و گەلپەروەرن، گفتی ئەوەش بە خوێندەواران دەدەین کە هەوڵ بدەین هەر دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم کۆمەڵە، چیرۆکەکانی تری و چیرۆکە وەرگێڕراوەکان و وتارەکانیشی کە لە پاش شۆڕشی تەمووزەوە تا گەڕانەوەی بۆ نیشتمان لە ڕۆژنامە و گۆوارەکانی عێراقدا بڵاوی کردوونەتەوە، لە بەرگێکی تردا پێشکێشی خوێندەوارانی ئازیزی کوردیان بکەین.*

ئێمە کە ئێستا ئەم چەند دێرە دەنووسین نازانین ئاخۆ کاک حەسەن ماوە، وەک بەهیواین، یان لەژێر قامچی و حەیزەرانی جەندرمە پیاوخۆرەکانی ڕژێمی دڕندە و کۆنەپەرستی ئێراندا، گیانی پاکی پێشکێشی ئەو بیروباوەڕە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئینسانییە بەرز و باڵایانە کردووە کە ئەم هەموو ساڵە بۆیان ژیاوە و ئەرک و مەینەتیی لە پێناویاندا کێشاوە.

جا ئەگەر ماوە، با ئەم ڕەنجە بچووکەمانی بە نیشانەی وەفا و قەدرزانین پێشکێش بێ، خۆ ئەگەر گیانی پاکیشی سپاردووە، دەبا بەڵگەی بیرنەچوونەوەی بێ و شایەتی ئەوە کەوا هەردەم لەناو دڵ و دەروونماندا دەژی.

محەمەدی مەلا کەریم

---

* ئەم پێشەکییە بۆ چاپی ساڵی ١٩٨٥ هاتووەتە نووسین کە چاپی دووەمە. لەم چاپەی ئێستەدا هەوڵمان داوە کۆمەڵێک چیرۆکی تریش بخەینە پاڵ ئەم کۆمەڵەیە کە لە چیرۆکی (هەستکردن قەدەغەیە) بەدواوە دەست پێ دەکەن.

## سەرەتا

شەو درەنگانە، بێدەنگییەکی بەسام ژووره ساردوسڕ و چۆڵ و هۆڵ و نیوه تاریکەکەی داگرتووم. لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە بوومەوە. لە حاڵێکدا کە کارێکی زۆریان کردووەتە سەر مێشک و دەمارم و ورده فرمێسکیان پێ هەڵوەراندووم، بەئەسپایی دەفتەرەکەم دادەنێم، ئەسرینەکانم دەسترەمەوە، چراکە دەکوژێنمەوە، لە جێگاکەم دەخزێم و چاو لێک دەنێم، بەڵکو بتوانم سەرخەوێک بشکێنم و خەم و پەژارەم بڕەوێنم.

کەچی خەیاڵ هەڵم دەگرێ، دەمبا.. دەمبا.. دەوەنا و دەوەن، ڕەوەزا و ڕەوەز، بەسەر بەفر بەسەری کوێستاناندا، بەناو دارستان و لێرە چڕوپڕەکاندا، بەنواڵە زەنوێر و بژوێنەکاندا، بەپێدەشت و گۆڕ و نەرمانەکاندا، بە بەستێنی چۆمی (تەتەهوو)دا، بۆ شاره خونچیلانەکەی مامۆستا، بۆ (بۆکان)، بۆ بووکی شارەکانی کوردستان، بۆ کانگای ئەوین و دڵداری، بۆ مەکۆی خەبات و فیداکاری، بۆ بەرسەرای سەرداری شەهید، بۆ سەر حەوز و کانییە جوان و بەناوبانگەکەی، بۆ تەماشای بەژن و باڵا و خاڵ و میل و چاو و برۆ و کەزی و ئەگریجە و پووز و بەلەک و سەر و شەدە و شان و دەسماڵ و قەد و پشتێنی کیژه بۆکانییان، کە دەستە دەستە و پۆل پۆل، وەک مێگەلی مامز و ئاسک، بە لەنجەولار و تاسکەتاسک دێنە سەر حەوز، گۆزە سوور و نەخشاوەکانیان بەناز لە ئاو هەڵدەدەن و وێنەیان لە ئاوێنەی ڕوون و بێ گەردی حەوزەکەدا جیلوەیەکی ئاسمانیی هەیە کە فریشتە و پەری وەبیر دێنێتەوە و شعوور و زەوق مشتوماڵ دەکا و هەست و خەیاڵ دەبزوێنێ.

گوێم لە دەنگی ئەو منداڵە ڕەزا سووک و بزۆز و ڕووتەڵە هەڵوافرۆشانە دەبێ، کە تەبەکی هەڵوا دەگێڕن و بە هەوایەکی خۆش پێی هەڵدەڵێن و هاوار دەکەن:

هەڵوای تەن تەنانی
هەتا نەیخۆی نایزانی

لە جێگاکەمدا ئەمدیو و ئەودیو دەکەم، بە ناهومێدییەوە هەناسەیەک هەڵدەکێشم و لەبەر خۆمەوە دەڵێم خۆزگە و هەزار خۆزگە منیش وا پیر و کەنەفت و شەکەت و کەلەلا نەدەبووم، ئەوەندەم هێز و گوڕ و تین و توانا دەما تا پڕ بە ئامێزم لەو چیرۆکانە هەڵگرتبا و بەهەموو شار و دێ و کووچە و کۆڵان و بازێڕی کوردستاندا گەڕابام و یەک بەخۆم هاوارم کردبا: خەڵکینە! ئەگەر شتێ لە هەڵوای تەن تەنانی شیرینتر و لە گوڵاڵەی نوالان بەبۆن و بەرامەترتان دەوێ وەرن وەرن بخوێننەوە، بخوێننەوە تا ئاهی خۆشتان لە دڵ و دەروون بگەڕێ. بخوێننەوە تا تامەزرۆییتان بشکێ. بخوێننەوە تا کوڵ و کۆتان دامرکێ. بخوێننەوە تا کۆمەڵەکەتان بناسن و لە دەرد و ئازاری بگەن. بخوێننەوە تا پتر شاییتان بە زمانەکەتان بێ. تا نەیخوێننەوە، نازانن قەڵەمی سیحراویی مامۆستا قزڵجی چ شوێنەوارێکی بەنرخ و بێ وێنەی خوڵقاندووە. بیری ورد و خەیاڵی بڵیند و هەستی ناسکی ئەم نووسەرە بلیمەتە چ نموونەیەکی ئەدەبیی بەرزی داڕشتووە و پەنجەی بەهێز و ڕەنگینی ئەم هونەرمەندە گەورە لیزگەیەکی چۆنی لە دوڕ و مرواری و گەوهەری نایاب بۆ هۆنیونەوە.

لە موکریان باوە دەڵێن: «بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچووە مرواری وان هەر لە هێلکە هاتنە دەر مەلەوانن». مەبەستیان ئەوەیە ئەوی لەو بنەماڵە بێ، هەر لە منداڵییەوە زانا و پیتۆڵە. بەڕاستیش ئەو بنەماڵە بەڕێزە گەلێک پیاوی بلیمەت و زانای لێ هەڵکەوتووە کە بێ ئەوەی بۆ خۆیان ویستبیان ناوبانگی زانست و هونەریان لە دنیادا بڵاو بووەتەوە.

مامۆستا حەسەنی قزڵجی ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی ئەو بنەماڵە گەورەیە، کە مایەی شانازیی نەتەوەکەمانە. ئەو ڕێبازی باوک و باپیرەکانی نەگرت و ڕێگەیەکی تری هەڵبژارد و لە باتیی خزمەتی ئاین کە ڕێگەی باوک و باپیرەکانی بوو، خزمەتی ئەدەبی وەئەستۆی خۆی گرت، ئەویش چ ئەدەبێک؟

ئەدەبێکی بەرزی کۆمەڵایەتی.

یەکێک لە سیاسەتە شوومەکانی ڕەزا خانی پەهلەوی لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی فاشیستیی خۆیدا، هەوڵی بێ وچان و بێ ڕەحمانە بوو بۆ تواندنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا. بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە شەیتانییە، داب و شوێن و جلوبەرگ و زمان و ئەدەب و مۆسیقا و سەمای کوردیی بەتوندی قەدەخە کردبوو.

بەڵام بەو هەموو هێزە شەیتانییەوە نەک هەر کوردی کۆڵنەدەری بۆ نەبەزی و دەرۆستی نەهات، بگرە ئەو سیاسەتە و زەبروزەنگی پۆلیسی ڕەزا خان بوو بەهۆی ڕاپەڕینێکی بەرینی فیکری لە کوردستاندا.

هەزاران پێچ و پشتێن و ڕانک و چۆغە و پەستەی پیاوی کورد و شەدە و هەوری و دەسماڵ و کڵاوانەی ژنی کورد دڕا و سووتا، بەڵام جلوبەرگی کوردی وەک سوونەتێکی میللی هەر ماوە.

لە قوتابخانە و ئیدارە، تەنانەت لە کووچە و خەیابان هەزاران کورد بەتاوانی کوردی گوتن گیران و ئازار دران و سووکایەتییان پێ کرا، بەڵام زمانی کوردی وەک سەرمایەی نەتەوایەتیمان هەر پارێزرا. کورد نەتواوە و ئابڕووتکاوی و ڕیسواییی مێژوو بۆ پۆلیسی ڕەزا خان مایەوە.

لەو سەردەمە تاریک و تنووک و ئەنگوست لە چاوەدا، لە مەڵبەندی موکریان بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ سیاسەتی تواندنەوەی کورد، کۆمەڵێکی نهێنی لە زانایان و ڕووناکبیران و گەورەپیاوانی کورد بەڕابەریی مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوای نەمر، قازیی بۆکان، شێخ ئەحمەدی سرێڵائاوا و گەلێکی تر لە ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە پێک هاتبوو کە ئامانجی ئەساسی و هەرە گەورەیان پاراستن و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی بوو. کتێب و ڕۆژنامەی کوردی کە لە عێراق بڵاو دەبوونەوە، بەزەحمەت پەیدایان دەکرد و بە ئیحتیاتەوە بەسەر لاوانی بڕوا پێکراودا بڵاویان دەکردنەوە، تا فێری کوردی خوێندنەوە بن. ئەوان، بەتایبەتی مامۆستا فەوزی،

دەستـەیەک لاوی ڕووناکبیریان پێ گەیاند کە لە دواڕۆژدا شـاعیـر و نووسـەری زۆر خـزمـەتکار و بەنـاوبانگیـان لێ هـەڵکەوت. یەکێـک لە دەست پەروەردەکـانی فـەوزی و هـاوبیـرەکانـی، کاک حـەسـەنی قـزڵجیی خۆمـانە کـە هـەر لەو دەمـەیڕا فـێـری کوردی خـوێنـدنەوە بووبوو. ئەوە بوو دەگـەڵ سـایەی شـوومـی پەهلەوی لاچوو و تەمـومـژی نەگـبـەت و چارەڕەشـیـی کـورد ڕەوی، وەک ئەسـتـێـرەیەکی گـەشی ڕوونـاک و پرشـنگدار لە ئاسـمـانـی ئەدەبی کـوردیدا درەوشـایەوە و لاپەڕی کۆوار و ڕۆژنامەکانی کوردیی بەنووسراوە جوانەکانی ڕازاندەوە.

لە زەمـانـی کـۆمـاری دیمـوکراتی کـوردسـتـانـدا مـامـۆسـتـا قـزڵجی بێ ئەوەی سـینگ ڕەپێش خـا و خـۆ ڕانێ، یەکـێک لە خـۆشـەویسـتـتـرین و نێـزیکتـرین دۆسـتـانی پێشـەوا قـازی مـحـەمـەدی ئەدەبدۆست و هونەرپەروەر بوو. بێـجگە لەوەی لە ڕۆژنامـەی (کوردسـتان) ئۆرگانی حزبدا دەینووسی، سـەرنووسیـاری کۆوارە جوانەکەی (هەلاڵە)ش بوو.

پێشـەوا لە ئاخرین ڕۆژانی دەسـەڵاتیدا خـەریک بوو مامۆستا قزڵجی و چەند شـاعیـر و نووسـەری لاو و تازەپێگەیشـتوو بنێرێتـە دەرەوە تا بە قـەولی خـۆی چاو و گوێیان بکرێتـەوە و شتی تازە فێر بن. بەڵام بەداخەوە نەگەیشت و ئەم ئاواتەشی وەک زۆر لە ئاواتە پیرۆزەکـانی نەهاتە دی. وەک ئێـسـتا لە بیـرمـە و تا گڵـەبانی چـاوم دەکەن لە بیرم ناچێتـەوە، ڕۆژێکی سـارد و سـەهۆڵبـەندانی مـەهاباد بوو، زریانێکی سـاردی دەهات و کـەڕەسیسـەی دەکرد. خۆم کووزوو کردبوو و بەپەلە دەرۆیشـتم جێگەیەکی گەرمـوگوڕ ببینمـەوە. تـەمـاشـام کرد پێشـەوا لەبەر بێڵاکەی هـاتـوچو دەکا و ڕۆژنامەی کـوردستانی بەدەسـتەوەیە و یەکێک لە نووسـەرانی ڕۆژنامەکەی لەلایە. خـەریک بوو فیزمـاڵکی دەمێ و خۆم ببوێرم. دیتمی و بانگی کردم. هێشتا دوور بووم فەرمووی: دیوتە ئەو قزڵجییە چۆنی نووسیوە؟

زانیم مـەبـەستی ئەو پارچە ئەدەبییە جوانەی قـزڵجییە کە لەو ژمارەدا چاپ کـراوە. گـوتم: بەڵێ دیومـە و بەڕاسـتی چاکی نووسـیوە. کـاکی نووسـەر هـەڵی دایە و گوتی: بەڵێ چاک دەنووسێ، بەڵام کەم دەنووسێ.

پێشـەوا بزێکی هاتێ. سـەری ڕاوەشـاند و ئەم دوو شـیعـرەی (سـەعدی)ی خوێندەوە:

خـاک مـغرب شنیدەام کـه کنند
به چهل سـال کـاسـەء چینی
صـد بـه روزی کنند در بغـداد
لاجـرم قـیـمـتش همـی بینی

که خوا لێخۆشبوو (مەلا مستەفای سەفوەتی) ئاوای کردووە بە کوردی:

بیـسـتـوومـە کـەوا لـە ڕۆژهەڵاتا
بە چل ساڵ ئەیکەن یەک کاسـەی چینی
لە (مـەردەشت) ئەکـەن سـەدی بەڕۆژێ
بۆیە قـیـمـەتی وایە ئەیبـینی

دیسان ڕووی لە من کرد و فەرمووی: بریا زۆری وامان هەبان و پێش ئەوەی من جـوابی دەمـەوە بۆ خـۆی گـوتی: ئـەگـەر بۆ خـۆمـان بـین زۆری وامـان لێ هەڵدەکەون.

داخی گـرانم زۆر زوو هێـلانەکـەمـان لێ شـێـوا و سـایەی ئەو پیـاوە نیـشـتـمـانپـەروەر و ئـەدەبدۆست و هونەرپـەروەر و قـەدرزانەمـان لەسـەر وەلا کـەوت. قزڵجـیش وەک زۆر لە شـاعیـر و نووسـەرەکـانی کورد بـێ ئەنوا و بێ داشـدار و دڵسـۆز مـایەوە و لە دەست زوڵم و زۆری ڕێژیم ئاوارە و پەرپوەی هەندەران بوو.

هەر بۆ خـۆ یدەزانێ لەو ماوە دوور و درێژەی لێقەومـان و دەربەدەریدا چەند تاڵ و سوێریی ژیانی چێشتووە. چەندی سەرمـا و گەرمای دنیـا دیوە. چەندی پەند و گوڵمـەز بەسـەر هاتووە. چەند گیراوە و ئازار دراوە و ئەمدیو ئەودیوی پـێ کــراوە و بـۆ پـەیداکــردنی پـاروە نـانێکی بـێ مـنـەت نـاچـار بـووە بـەو دەسـتـەوسـتـانیی خـۆیەوە، کاری چەند سـەخت و گرانی بەدەنی بکا و سـەر بۆ ناکەسان شۆڕ نەکاتەوە.

مامۆستا لە کۆڕی خەباتدا قاڵ بووە، خاراوە و لە کڵ هاتووەتە دەرێ. لەو هەموو کوێرەوەری و دەربەدەری و چەرمەسەرییە شت فێر بووە. زانستی بەرەوژوورتر چووە، تەجرەبەی وەسەریەک ناوە، کۆمەڵی خۆی باشتر ناسیوە. هەستی بە ئێش و ئازاری کردووە و دەرمانی بۆ دۆزیوەتەوە و بووەتە فەیلەسووفێکی پسپۆڕ و نووسەرێکی ڕیئالیست و واقیعبین.

پاڵەوانی چیرۆکەکانی قزڵجی هیچ کامیان بۆ خوێنەرێکی کورد نەناسیاو نین، هەمووی لە چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری هەڵبژاردووە، کارەساتی ژیانی وانی بەکوردییەکی ساکار بەو زمانەی هەموو کوردێکی نەخوێندەوار و ساویلکەی لێ حاڵی بێ، شی کردووەتەوە. خوێنەری ورد تێ دەگا مامۆستا قزڵجی تا چ ڕادەیەک شارەزای زانستی ڕەوانشناسییە و چۆنی ڕۆحی پاڵەوانەکانی ناسیوە و چووەتە ناخی هەناو و دەروونیانەوە.

مامۆستا قزڵجی کۆمەڵی کوردەواریی لە هەموو کەس چاکتر ناسیوە. خوێنەر لەم چەند چیرۆکە کورتەدا نموونەی ژیانی دەرەبەگێکی چەکمەڕەق، کۆنە بەگێکی بارگین تۆپیو، شێخێکی دەستبڕ، دەروێشێکی زەرگوەشێن، جووتیارێکی زۆر لێکراو، باب نۆکەرێکی زمانلووس، کاربەدەستێکی بەرتیلخۆری بێگانە، تاجرێکی سووتخۆر و تەماعکار، جاسووسێکی نیشتمانفرۆش، تەنانەت ژنێکی چارەڕەش و بێبەشی کورد، دەبینێ.

خوێنەر پاش خوێندنەوەی زۆربەی چیرۆکەکان پێکەنین دەیگرێ، بەڵام چ پێکەنینێک؟ پێکەنینێکی تاڵتر لە کەکرە.

ئەوەی بۆ کوردێکی دڵسۆز جێی داخ و خەفەتە ئەوەیە کە زیاتر ڕووداوەکانی ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانە دەگەڕێنەوە بۆ سی ساڵ لەوەی پێش. کەچی دەبینی ئێستاش ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە وەزعی کۆمەڵایەتیی کورددا ڕووی نەداوە کە ئەم چیرۆکانە تازەیی خۆیان لەدەست بدەن.

ئێستاش جووتیار بەچەشنێکی نوێ دەچەوسێنرێتەوە و لەبەر زۆریی ئیجارە و قیست و سووروسات دەست لە زەویوزاری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو لە

شاران دەکا. ئێستاش توونی حەمام پڕن لە هەژارە بێ جێ و ڕێیەکان. ئێستاش بازرگانی سووتخۆر و سفتەباز، شێخی کۆنەپەرست و دەستبڕ، دەروێشی فریودراوی زەرگوەشێن لە کوردستاندا کەم نین.

ئێستاش دایک و بابی کورد بۆ چارەی دەردی منداڵە نەخۆشەکانیان دەست و دامێنی ئامینە خانی نووشتەنووس دەبن و زۆر ئامینە خانی بێبەش و چارەڕەش ماون کە لەبەر وەزعی نالەباری کۆمەڵایەتی، هەوەس ناچاریان دەکا بە فێڵ ڕەشید فێر کەن نووشتەیان دە کۆشی باوێ.

ئێستاش سەرکار ڕەزایی پاسگاکانی کوردستان لە جەنابی سەرهەنگ بەئیجارە دەگرێ و بۆ ئەستاندنی بەرتیل و سازکردنی پەڵپ و بیانوو حوسێن قولیی هەر بەدەستەوەیە.

خوێنەرانی بەڕێز! من لەو سەرەتا کورتەدا ناتوانم مامۆستا قزڵجی بەئێوە بناسێنم. خۆتان کتێبەکەی بە سەرنجەوە بخوێننەوە تا ئەم نووسەرە هەڵکەوتووە بناسن و لە بیری بەرزی بەهرە وەرگرن.

با تێکڕا فەرمایشەکەی پێشەوای نەمرمان دووپاتە بکەینەوە و بڵێین: «بریا زۆری وامان هەبان».

هێمن

## پێکەنینی گەدا

لەبەر بەرۆچکێک هەڵتڕووشکابوو، چیلکەیەکی بەدەستەوە بوو لە خۆڵەکەی بەردەمی دەوەژاند. بەیانیی ڕۆژێکی دوامین مانگی پایز بوو. خۆڵەکە بە زوقمی شەو تەڕ بووبوو. جێگەی چیلکەکەی بەڕوونی لێ دیار بوو. بە درێژاییی دوو بست خەتی ڕاستی لە پاڵ یەکتردا کێشا بوو. لەولاشەوە جەغزێکی خاڵی و بەتاڵی کێشا.

ئەمانە نموونەی ئەوە بوون کە بەدڵیدا دەهات. بیری بەلای شتێکی ترەوە بوو. هیچ ئامادەی ئەوە نەبوو کە سەرنج بدات تەبەقی زێڕینی ڕۆژ لەوبەرەوە لە کام کەژ و چیاوە سەری لە کەل دەرهێناوە بە پرشنگی خۆی گوندی (تەپەڕەش) زێڕەوشان دەکات. ئەوەی کە لەو کاتەدا مەبەستی ئەو بوو تینی خۆرەکە بوو کە تەزووی سەرمای شەو لە لەشی دەرکا و نەختێ گەرمی کاتەوە.

ئەگەر لەو وەختەدا سەری بەرز کردایەتەوە لە بەرانبەری خۆی بیروانییایەتە تەبەقی ڕۆژ، ڕەنگ بوو لە کولێرەیەکی گەنمەشامیی داغ بەولاوە هیچی تری بەخەیاڵدا نەهاتایە. «بێ کراس گەزەجاو بە خەو دەبینێ». کابرای نەخۆش و برسییش کە چاوی تراویلکە دەکا، دوور نییە ڕۆژی لێ ببێتە کولێرەی زەرد و زۆڵی گەرمە تەنووری گەنمەشامی.

لەشی کە تا پێش تاوهەڵات سڕ بووبوو، وردە وردە بە تینی خۆرەکە دەبووژاوە و خاو دەبووەوە. تومەس دەستە ڕەق و تەقەکانی ماندوو بووبوون. ئیتر وازی لە چیلکە ئاژنینی خۆڵەکە هێنا، لەسەر زەوییە تەڕەکە دانیشت. بەهەردوو دەستی ئەژنۆکانی گرتە باوەش و سەری بەرداوە، تا تەوێڵی نیشتە سەر کەشکەژنۆکانی. لەو حاڵەدا ئەگەر پانوپۆڕ و مل ئەستوور و ڕیش

شانەکراو بوایە، دەتگوت سۆفیی بیارەیە (موراقیب) بووە.

نێزیکەی سەعاتێک بەو جۆرە مایەوە. لەوە دەچوو بە گەرمای خۆرەکە خاوە بووبێتەوە و خەوی لێ کەوتبێ. بەڵام لە بزووتنەوەی پەنجەکان و سەری، کە ناو بەناو دەیجووڵاندن، وا دیار بوو ماشەری خەیاڵەکەی هەڵدەکات.

سەری ماشەرەکەی لە چیلکە وەژاندنەکەوە دەست پێ کردبوو. بە خەتەکانی کە لە پاڵ یەکدا کێشابووی، بیری لە شێف و وەردی زەوییەکەی دەکردەوە. بەجەغزەکەش جێ خەرمانەکەی نیشان دەدا کە ئێستا و ئێستاش شەنە و کەو و بێژینگی بەخۆیەوە نەدی. چونکە ئەو ساڵە شارەزوور نەهاتی بوو، سن و کوللە هیچیان بۆ نەهێشتبووەوە تا بیری لێ بکاتەوە، بەڵام دەرد و مەینەتی ئەوەندە زۆر بوو نەیاندەهێشت مێشکی وچان بدات و تاوێک بحەسێتەوە. لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان دابوو، یەک لە دوای یەک تارماییی خۆیان نیشان دەدا. دەهاتەوە بەرچاوی چۆن خۆی و ژنەکەی تووشی سێبەرۆ بوون و سێ مانگی ڕەبەق کەوتن. چۆن حاجی ڕەشید لە سلێمانییەوە هات جووتە گاکەی لە جیاتیی سەلەم برد و ڕۆیشت. چۆن منداڵەکەی هاوڵەی گرت و مرد. چۆن ژنەکەی لە خەفەتی منداڵەکەیان و لە برسانا بەدەم سێبەرۆوە گیانی دەرچوو، یاسینی فریا نەکەوت. بەئاسانی هەست بەوە دەکرا کە بیر لەم نەگبەت و نەهاتییانە دەکاتەوە، بەڵام دژوار بوو بزانرێ داخوا هەودای وتووێژەکەی دەپسێ، یان هەڵی دەکا تا دەیگەیەنێتە جێگەیەکی وا بریارێک بدات.

کوتوپڕ بە شێنەیی سەری هەڵێنا، دەتگوت ملی وەکو فەنەرێکی ڕەواوە وایە و توانای ئەوەی تێدا نەماوە سەرەکەی بۆ بەرز کاتەوە. وردە وردە سەری هەڵێنا تا لەسەر ئەستۆی ڕاست وێستا. ئەمجار پەنجەکانی لەبەر یەک ترازاند و دەستی سەر زەوییەکە بەو نەختە هێزەی کە لە دەستیدا مابووەوە یارمەتیی قاچەکانی دا، هەموو جمگەکانی کەوتنە قرچەقرچ تا ڕاستەوە بوو. بە لارەلارەوە چووە ماڵەوە. لە شتومەکی ناوماڵ تاقە لێفەیەکی مابووەوە، دوو بەرکۆژەی بە بەن لێ نابوو ڕۆژانی باران و سەرما دەیدا بە شانیدا و بەرکۆژەکانی گرێ دەدا.

لێفەکەی دا بەشانیدا، گاڵۆکەکەی بەدەستەوە گرت و کەوتە ڕێ . کەس نەیدەزانی تا کوێ بڕ دەکات و دەیەوێ بچێتە کوێ، بەڵام وا دیار بوو ورەی بەرنەداوە، هێشتا دڵی لە دەست و قاچی بەهێزترە. ڕۆیشت و ڕۆیشت تا دوای ماوەیەک لە چاو ون بوو.

پاش چەند ڕۆژ (حەمەڕەش) لە هەڵەبجە سەری هەڵدا. بەم حاڵەوە دەچووە ناو بازاڕ داوای کاری دەکرد، بەڵام کاری چی؟ خەڵک کرێکاری دەویست کە هەر لە بەیانییەوە تا ڕۆژ ئاوا پشوو نەدا و وەکو خولخولە هەڵخولێ. گەلێ لەوانەی بۆ کرێکار دەگەڕان، کە حەمەڕەش داوای کاری دەکرد سەریان ڕادەوەشاند و دەڕۆیشتن، لەبەر خۆیانەوە دەیانگوت: کرێکاری چاکی! نۆرەی ئەوەیە لە کارەکەمدا بمری، کفن و دفنی تۆشم بەڕیشەوە بی!

بەڕێکەوت هیی واشیان بوو ئانەیەکی دەدایە و دەیگوت: باوکم تۆ ناتوانی کار بکەی، ئەوە بدە بە کولێرەیەک و واز بێنە. حەمەڕەش بە درێژاییی ژیانی کوڕی ناو مەزرا و شیناوەرد بوو، بە شان و باهووی خۆی ژیابوو، ئەو گەوزەی ئەو لە درەودا دەیوەشاند کەم پاڵە هەبوو بیوەشێنێ. ئێستا کە تووشی ڕۆژێکی ئاوا ڕەش هاتبوو وای وەڵام بدەنەوە، کزە لە جەرگییەوە دەهات. ئانەکانی وەرنەدەگرت و هەموو جارێ دەیگوت: لالۆ! من گەدایی ناکەم، داوای کار دەکەم. بەڵام ئاگری برسییەتی کە بڵێسەی سەند، ئازا و خوێڕی وەکو یەک دەسووتێنێ. کە زانی کەس بەکرێی ناگرێ، ناچار چەند ئانەیەکی وەرگرت و دوو سێ کولێرەی کڕی.

لەبن دیوارێک دانیشت. برسییایەتی ئەوەندە زۆری بۆ هێنابوو تا بڵێی یەک و دوو کولێرەکانی ماشتەوە. پشووێکی دا و لەبەر خۆیەوە گوتی: وا باشە جێگەیەک بدۆزمەوە شەو تێیدا بحاوێمەوە، ئەگینا بەم سەرمای دەمەو زستانە لە کۆڵانان و لەبن دیواران ڕەق دەبمەوە. هەستا، بێ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ دەچێ، لەو کۆڵانەوە ڕۆیشت بۆ کۆڵانێکی تر، هێندێک بەوێدا گەڕا و رووی کردە کۆڵانی سێیەم، لەوێ تەماشای کرد دووکەڵێکی ئەستوور بە هەوادا دەچێ. گوتی: هەرچییەک بێ ئەوە ئاگرێکی گەورەیە، وا چاکە بچم شەو لە

پەنایدا بحاوێمەوە. وەکو شوێنگەڕێکی چاک شوێنی دووکەڵی هەڵگرت تا دۆزییەوە. دووکەڵەکە لە کونێکی ڕەشی گەورەی وەکو ئەشکەوت دەهاتە دەرێ، خۆی کرد بەکونەکەدا. لەناو چڕەدووکەڵدا تارماییی کابرایەکی دی پەیتاپەیتا ئاگرەکەی خۆشی دەکرد. سڵاو و ماندوونەبوونی لێ کرد و پرسی:

– لالۆ ئەم ئاگرە چییە وا بێ وچان هەر خۆشی دەکەی؟

ئاگر خۆشکەر گوتی: براکەم ئەمە توونی حەمامە. کاری من ئەوەیە ئەم توونە تاو دەم.

حەمەڕەش: لالۆ وەرە پیاوەتی بکە لە ڕێی خوادا جێم بکەوە شەو لێرەدا بحاوێمەوە، با لە سەرماندا ڕەق نەبمەوە.

توونچی: برالە توونی حەمام پاڕانەوەی بۆ چییە؟ وەرە هۆ لەو قوژبنە پاڵ کەوە.

حەمەڕەش لەگەڵ توونچی ڕێک کەوت، شەوانە یارمەتیی توونچیی دەدا تا تاوێ بخەوێت و نەختێ بحەسێتەوە. بە ڕۆژیش دەڕۆیشت لەناو بازاڕ بوایە، لە کۆڵانان بوایە، چەند نانێکی گەدایی دەکرد و دەهاتەوە. مەبەستی ئەوە بوو هەر چۆنێک بێ بگاتە بەهار، ئیتر بچێتەوە دێهات شوانی و گاوانی بێ، ڕەنجبەری و سەپانی بێ، هەرچییەک بێ، ملی کارێک بگرێ و لە تەنگانە دەرچێ.

ڕۆژێک زۆر تۆف بوو، بە باوە کرێوەی دەکرد، کەس نەیدەتوانی ماڵەوماڵ بکا، حەمەڕەش تا چێشتانێ سەبری کرد بەشکەم نەختێ هەوا خۆش بێ، بەڵام گڤە گڤی با تا دەهات توندتر دەبوو. کولوە بەفری گێژ و خول دەدا و دەیکرد بە کونی توونەکەدا، دەتگوت لە عاسمان هەرەوەزیان کردووە و بەفر هەلاجی دەکەن.

حەمەڕەش گوتی: ئەمڕۆ ناگەمە ناو بازاڕ، ماڵەوماڵیشم پێ ناکرێ. وا چاکە ڕوو بکەمە ماڵە دەوڵەمەندێک داوای دوو نان بکەم. هەر چۆنێک بێ ئەمڕۆکەی پێ بەرمە سەر، تا بەیانی خوا کەریمە. لێفە شڕەکەی بە شانی

دادا، دەستی دا گاڵۆکەکەی و لەقەلەق کەوتە ڕێ. ئەوەندە بایەکە ڕای دەوەشاند بەفرەکە بۆیەی سپیی تێ هەڵدەسوو. فایدەی نەبوو، سەرتاپا دەتگوت لە قیرت هەڵکێشاوە، ڕەشاوی لێ دەچۆڕاوە و بەدوایدا خەتێکی ڕەشی لەسەر لاپەڕی بەفری سەر زەوییەکە دەکێشا، بەڵام لەو وەختەدا کێ هەبوو ئەوەندە ورد بێ ئەم خەتە بخوێنێتەوە و بەسەرهاتی ئەو تێ بگا؟

لەولاوەی هێندێ خانووی قوڕین و کشومات کۆشکێکی تەرز و بەرزی بەرچاو کەوت لەناو حەوشەیەکی گەورەدا لە چەند لاوە لە بانەکانی دووکەڵ هەڵدەستا و لەگەڵ کرێوە و ڕەشەبا شەڕی دەکرد. وا دیار بوو هۆدەکان سۆبەیان تێ دادەئایسا و گەرموگوڕ بوون. پەنجەرەکانی پەردەی سپییان پێوە بوو، بەڵام دەبیندرا بەم چلەی زستانە گوڵیشیان لێیە. حەمەڕەش بیرێکی کردەوە و گوتی:

– یێژن لەو دنیا بەهەشت هەس، کەچی ئەمانە هەر ئیسە وان لە بەهەشتا.

ڕۆیشت تا گەیشتە بەرقاپیی حەوشەکە. دەرگەکە ئەوەندە سەوز و جوان بوو نەیوێرا بەدەست لێی دا چونکە دەستی ڕەش و دووکەڵاوی بوو، دەترسا قاپییەکە پیس کات و بەگژیدا بچن. ڕوانییە دەوروبەری خۆی، دارێک، بەردێک بدۆزێتەوە پێی لە قاپییەکە بدا. بەفر هەموو شتێکی داپۆشیبوو، هیچی دەس نەکەوت. ئاخرییەکەی چەند مستی لە قاپییەکە دا. دەستی کە هەر ئێسقانی ڕووت بوو تەقەی لە قاپی هەستاند، وەکو بە دار لێی دەی دەنگی دایەوە لەناو حەوشەکە.

کابرایەکی سەر زلە، بە سەری ڕووت و باوەشێ قژەوە، کولێرەت لە لاملی ساوییایە چەوری دەکرد، سەری لە پەنجەرەیەک دەرهێنا و نەڕاندی: سەعە ئەوە کێیە بەم بەیانییە لە قاپی دەدا؟

حەمەڕەش گوێی لە دەنگی کابرا بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: دەک کوچکت لێ وارێ! بەیانیی چی؟ ئەوا نێزیک نیمەڕۆس.

سەعە قاپییەکەی کردەوە، چاوی بەحەمەڕەش کەوت. لە وەڵامی کابرادا

گوتی: بەگم، بێژم چی! داوەڵێ ڕەشە، وا دیارە گەدایە.

حەمەڕەش گوتی: خێرومەند! خوا نەیبڕێ، فرە برسیمە، دوو نانم بدەنێ.

سەعە قیژاندی بەسەریدا: برۆ بەرێی خۆتەوە، کابرا! خانم لە ماڵ نییە، چووەتە حەمام.

حەمەڕەش سەرنجی بەژن و باڵای سەعەی دا، لێوە چرچەکانی تا لای بناگوێی لێک ڕەوینەوە و شەویلاکەکانی لەبەر یەک ترازان. ئەگەر ئینسانێکی ساغ و تێروتەسەل بوایە زوو دەزانرا خەریکە پێ بکەنێ، بەدەنگێکی کوت و پچڕەوە گوتی:

– کوڕە، جوان خاسەکە، خاسیان وتووە «هەر کەس گوێز لە هەمانەی خۆی ئەژمێرێ». تۆ گوێت پێوە نەبوو، من داوای نانم کرد. خانمی چی؟ من برسیمە، شتێکم گەرەکە بیخۆم، شتێکم گەرەک نییە گەمەی لە تەکدا بکەم.

# عادەتی بازاڕ

لە بەغدا کە لە حەیدەرخانەوە بە جادەی ڕەشیددا، بەرەو (باب شەرجی) دەڕۆیشتی، هەوەڵین مەیدان ناوی (ساحەتولئەمین) بوو. لەو مەیدانەوە جادەیەکی کورت بە بەر خانی حاجی قەدووریدا دەپەڕییەوە بۆ ئەوبەری دەجلە، بەویشیان دەگوت (شاریعولئەمین).

پێش ئەوە بگەیتە خانی حاجی قەدووری، کۆلانێک لەو جادەوە دەچووە بازاڕی مسگەرەکان، ئەو کۆلانە ئەوەندە تەنگ بوو ئەگەر حەماڵ بە کۆڵە تووتنەوە پێیدا دەڕۆیشت ڕێگە دەبڕا. هەر ئەوەندە بوو هۆڕن لێ نەدەدرا و پۆلیسی هاتوچو نەوێستابوو، دەنا دەبوو بوێستی تا قەتاری حەماڵ تێ دەپەڕێ.

ئەو حەمالانە فەردە تووتنەکانیان دەبردە خانی عەبدولقادر خەفاف، یا سەڕاف. بەهەر جۆر، تۆ نە حەماڵی نە تووتنکڕ. کابرا سەڕاف بێ یا خەفاف، بۆ تۆ فەرقی نییە. با ئێمەش وەکو حەماڵەکان پێی بڵێین عەبدولقادر ئەفەندی، تا لەم چەقی ڕێیەدا بەدەست ناوەکەیەوە گیر نەخۆین.

بەغدا وەکو پیوازی توێ توێ وایە، ئەوەی بە بەرچاوەوەیە توێی سەرەوەیە و شارەزابوونی ئاسانە، جادەیە و ئەمبەر و ئەوبەری مەغازەیە، لەسەر مەغازەکانەوە یانەی حەکیم و ددانساز و پارێزەر و شتی لەم بابەتەن. تابلۆیان لەسەر دەرگەکانیان، وەکو تەبکە بۆ مشتەری ناوەتەوە. هەر کامێک لەوانەش گلۆڵەیەک ڕاز و نهێنیی خۆی هەیە. ئەمە ڕواڵەتی بەغدا یا توێکڵی سەرەوەی ئەو پیوازەیە. ئەگەر بتوانی بە نێوان ئەو توێکڵانەدا خۆ بگەیەنیتە ناوەڕۆکەکەی، شتی زۆر سەیر دەبینی. دوور نییە ئاخرەکەی ڕێت بکەوێتە خەزێنەکەی (عەلی بابا).

ناوەڕۆکی ئەو پیـوازەش ڕواڵـەتێکی هـەیە کـە نـاوی بازاڕە. بازاڕ هـەمـووی سیپـە و حـەشـارە بەتەنیـشت یەکەوە. لە هـەر حـەشـارێکدا ڕاوکـەرێک دەسـتی داوەتە چەکی نیـوگـەز، یا تەڵەی تەرازووی ناوەتەوە و خـۆی مـات داوە. نەچیر وەک لافـاو لەم سـەرەوە بە سـاخی دێن و لەو سـەرەوە کـە دەردەچن، هیـی وایان هـەیە نیو گەز گیرفانی دڕیوە و هیـی واشیان هـەیە کیسـەکەی بەتەڵەوە بووە.

ئەمـەش هێشـتا شـتێکی زۆر سـەمـەرە نییـە. ناو بەناو لە نێوان ئەو سـیپـە و حەشارانەدا، درزێک، قەڵشتێک هـەیە، ئەگەر خۆت باریک بکەیتەوە و بەدرزێک لەو درزانەدا بڕۆی، دەگـەییە شـتی زۆر سـەیروسـەمـەرە کە پێیان دەڵێن: خـان. مـشکی سـەر خـەزێنە بەناوبانگە، دەڵێن مـشک کونێکی پێچەڵپـووچی، درێژی، تاریک هـەڵدەکـەنێ، ئاڵتـوون دەدزێ و لە قـوژبنێکی کونەکەیدا کۆی دەکاتەوە. شـەوانە گاڵتەیـان پێ دەکا و کـەیفی پێ دێ. ئـەو خانانەش کونە مـشکی سـەر خەزێنەن.

خانی عـەبدولقادر ئەفەندی یەکێ بوو لەو کونە مـشکانە. قاپییەکـەی بچووک بوو، حـەمـاڵـەکـان فـەردە تووتن، کـەتیـرە، مـازوو، خـوری و شـتی وایـان لە بەردەرگەکـە دادەنا و دەیانهێنا ژوورەوە. لـە قـاپییـەکـەوە تا ژووری، داڵانێکی دوو سێ مـیـتـری بـوو. دەڵێین ژوور چونکە ناوێکی تـر نیـیـە پێی بڵـێین. لەوە دەچوو ئەسـڵـەن حـەوش بووبێت. کـەی و چ وەختێک سـەری گیـراوە؟ نازانین! ئێـسـتـا ئـەوا لە قـاتی دووەم بانێکی قـایمی بەسـەرەوەیە و ئـەم حـەوشـەی کـردووەتە هـۆڵ. لە حـەواشـەوە عـەبدولقـادر ئەفـەندی سنووری مـوڵکی خـۆی دیاری کردووە، تەنانەت هەتاویش بەخۆڕایی ناتوانێ ڕێی بکەوێتە ئەوێ.

لە سـوـوچێکی ئەم هـۆڵە قـەپانێکی گـەورە وەکـو تەڵە نراوەتـەوە. لەلای قاپییـەکـەوە جێگـەیەک هـەیە. پێش ئەوە کـە حـەوشـەکە بانی بخـرێتـە سـەر، هـەیوان بووە. ئیدارەی عـەبدولقادر ئەفەندی لەوێیە. دوو قـەنەفەی لێ دانراوە و مێزێکیان لە نێواندایە. وا دیارە ئـەوانەش هاوتەمەنی خانەکەن. بەڵام شـەربەی ئاو و پەرداخـەکـە، بێگومـان لەو قـەنەفـانە گەنجـتـرن. لە تەنیـشت ئەو کـۆنە هـەیوانەوە، قـاپییـەکی قـورس و قایم هـەیە هـەمـوو کات داخراوە و کلیلەکەی لە

گیرفانی عەبدولقادر ئەفەندیدایە. ئەو قاپییە، وەکو (زاکیر)ی خانچی دەیگوت، دەچێتە (سەرداب) یانی ژێرخانێکی گەورە کە سێ سندووقی پۆلای لێیە.

ڕۆژی هەوەڵ کە مانگی بە چوار دینار لای ئەفەندی دامەزرام، ئەرکی ڕۆژانەی منی دیاری کرد: مەخاریجی ڕۆژانەیماڵەوە لەو دەفتەرە بنووسە. چەند فەردە تووتن دێ و چەندەش دەڕوا لەو دەفتەرە بینووسە. لە ژوورەکانی قاتی دووەم لەگەڵ زاکیر گوونییەکان بژمێرن، تازە بەجیا و کۆنەی ساغ بەجیا و دڕاو بەجیا دانێن و لەو دەفتەرە بیاننووسە. ئیشەکانی تریش خۆم بە ڕۆژدا لێرەم پێت دەڵێم.

مەخاریجی ماڵەوە ڕۆژی هەوەڵ: ترێ ٥٠ فلس، گۆشت ١٥٠ فلس، نان ٦٠ فلس، تەماتە و سەوزی ٣٠ فلس، جەریدە ١٠ فلس.

ڕۆژی دووەم: شووتی ٥٠ فلس، ئەوانی تر وەک خۆیان.

ڕۆژی سێیەم: لە جیاتیی شووتی، کاڵەک.

ئاخری مانگ ئەفەندی گوتی: کوا دەفتەری ماڵەوە؟

– ئەوەتا.

– حیسابی هەموو ڕۆژێکت نووسیوە؟

– نەخێر. چی بنووسم؟ هەموو ڕۆژێ ٣٠٠ فلسە. ئەوا ئێستا دەنووسم مەخاریجی ئەم مانگە ٩ دینار.

– کاکە، ئەمە دەڵێی چی؟ گۆترە نییە. ئەمە تیجارەتە. (بەچپەوە) کچەکەشم لە ماڵەوە دەینووسێ. سەری مانگ بەرامبەریان دەکا، بەڵکو زاکیر فڕوفێڵی کردبێ.

– ئەفەندی عەیبە. لە ٣٠٠ فلس فڕوفێڵی چی دەکرێ؟

– کاکە تۆ نیقاش مەکە. ئەمە تیجارەتە.

– باشە، ئەفەندی، باشە.

ڕۆژێک لەگەڵ زاکیر چەند سەعات گوونیمان جیا دەکردەوە، گەروومان پڕ

بووبوو لە تەپوتۆز، لە تینواندا دەهاژاین، گوتم: زاکیر بچۆ دوو پیپسی کۆلا بکڕە با لە تینواندا نەخنکێین. زاکیر زۆری بەلاوە سەیر بوو، لە بیچمی وا دەرکەوت کە لە مێژووی ئەو خانەدا هەوەڵێن جارە شتی وا دەبیسێ. گوتم: بۆچی واقت وڕماوە؟ ئەوە ٣٢ فلس، ڕاکە زوو وەرەوە.

دانیشتبووین پیپسی کۆلامان دەخواردەوە، ئەفەندی پەیدا بوو. بێ ئەوە سلاو بکات، بە ڕوویەکی گرژەوە هات دانیشت. زاکیر پیپسی کۆلاکەی بەجێ هێشت و چووە گیان گوونییەکان. خۆم بەوەوە شەکەت نەکرد ئەفەندی بۆچی ڕووگرژە. پیپسی کۆلای خۆم خواردەوە. بانگم کرد زاکیر وەرە پیپسی کۆلاکەت گەرم دەبێ. ئەفەندی، دەمی وەک مەشکەی کۆن تەقی و نەڕاندی: کاکە، ئەمە خانە، گازینۆ نییە. تۆ خۆت کار ناکەی، خەریکی زاکیریشم لێ بەدعەمەل کەی؟ من خۆم پیپسی کۆلا ناخۆمەوە، ئێوە پارەتان لە کوێ بوو پیپسی کۆلا دەخۆنەوە؟ کاسبی چۆن وا دەبێ؟

– ئەفەندی خۆ گوونییەکانمان نەگوشیوە پیپسی کۆلای لێ چۆڕابێتەوە. من بەپارەی خۆم کڕیومە. جگە لەوەش خۆ من حەماڵ نیم، کاتبم. ڕاستت پێ بڵێم، لەبەر تۆ نییە یارمەتیی زاکیر دەدەم، بەزەییم بەودا دێتەوە.

– بەزەییی چی؟ زاکیر خانچییە، دەبێ کاری خۆی بکات. تۆ وا دیارە بەکاری بازاڕ نایەی. وابزانم بۆنی (یەعیش و یەسقوت) لە مێشکت دێ!

– نەوەڵا، ئەفەندی، من کابرایەکی کاسبم، لەو کوردستانەوە هاتووم، سەرم لەم بەزمانە دەرناچێ، ئەگەر ڕازی نی، دەڕۆم. ئەوەندەی بیر کەوتەوە کە شەش دینار لە کاتبەکەی پێشوو کەمتر بە من دەدا. خاو بووەوە و گوتی: باوکم، برام، تۆ غەریبی، دەمەوێ فێری کاسبی ببی. عەقڵی خوێندەواری لە سەرت دەرکە. ڕۆژی ٣٢ فلس پیپسی کۆلا مانگی دەکاتە نێزیکەی دینارێک، کۆی کەوە، پاش چەند ساڵی تر بیکە دەسمایە و کاسبیی پێوە بکە، بۆ خۆت دەبیە پیاو. ئێمەش هەر وامان کردووە.

تا ئەو کاتە تەواو بەوردی سەرنجی سەر و گوێلاکی ئەفەندیم نەدابوو.

بەڕاستی مشکی سەر خەزێنەم بیر کەوتەوە. سەرێکی گرمۆڵە، دوو چاوی بچکۆلە و زیت، لووتێکی باریک، دەمێکی درێژ، پێستێکی وەک کۆنە مەشکە. لەسەر قەنەفەکە قوت بووبووەوە و خێرا خێرا دەیڕوانییە من، دەیڕوانییە قەپانەکە، دەرگەی ژێرخانەکە. جاروبار لە شووشەکانی پیپسی کۆلا مۆڕ دەبووەوە. تێ گەیشتم کە شووشەکان وەک (مەرگەمووش) ئازاری دەدەن. هەڵم گرتن و چووم بۆ لای زاکیر، ئەوەندەی هەوڵم دا زاکیر پیپسی کۆلای نەخواردەوە، سپی هەڵگەڕابوو، خێرا خێرا گوونیی دەژمارد. گوتم کوڕە ئەوە بۆچی دەترسی، خۆ دنیا سەری بەپووش نەگیراوە؟ بەدەنگی بەرز تا ئەفەندی گوێی لێ بێ، گوتی:

– ئەفەندی ڕاست دەکا. ئێمە کاسبین نابێ هەڵەخەرجی بکەین. لە پاشان بە چپە گوتی: ئەم کابرایە دەرم کا لە هیچ خانێک ڕام ناگرن، دەڵێن یا دەستپیسە، یا سەرسەرییە. کارێکی تریش نازانم، منداڵەکانم لە برساندا دەمرن.

تۆزێکی پێ چوو ئەفەندی بانگی کرد وەرن. هاتینە خوارەرە. مام سەعدوون و چەند کەسی تر لە دەۆکەوە کەتیرەیان هێنابوو.

– کاکە تۆ بچۆ دانیشە، بیاننووسە. زاکیر وەرە بیانکێشە.. زاکیر فەردەی کەتیرەی دەخستە سەر قەپانەکە و ئەفەندی خۆی تەماشای دەکرد. بنووسە: ٤٨ کیلۆ – ٤٠ کیلۆ – ٣٢ کیلۆ – ٤٦ کیلۆ. دوای قرە و هەرایەکی زۆر نرخیان بڕی: کیلۆی بە ٢٠٠ فلس.

– هەمووی بوو بەچەند کیلۆ؟

– ١٦٦ کیلۆ.

– چوار جێگەیە، ٨ کیلۆی لێ فڕێ دە.

مام سەعدوون: عەبدولقادر ئەفەندی چۆن ٨ کیلۆ؟ ئەم کیسانە یەکی کیلۆیەکیش نابن.

– کاکە ئەمە عادەتی بازاڕە. ئێرە بەغدایە، بەغدا.

– ٦ کیلۆی تەپوتۆز و خاک و خۆڵ لێ فڕێ دە.

مام سەعدوون: کوڕە پیاوی چاک بە، کەتیرە دەڵێی جەواهێراتە، تەپوتۆزی چی؟

– کاکە ئەمە دەڵێی چی؟ چەند جارت پێ بڵێم عادەتی بازاڕە؟

– بەڵێ، دەمێنێتەوە ١٥٢ کیلۆ.

– بیکە بە باتمان.

– دە باتمان و دوو کیلۆ.

– نا، نا، وا نییە کەمتر دەکات.

– بۆچی وا نییە؟ ١٥٢ کیلۆ، هەر باتمانی ١٥ کیلۆ، دەکاتە ١٠ باتمان و دوو کیلۆ، ئیتر چی؟ خۆ شتێکی ئەوەندە زۆر نییە.

– کاکە غەڵەتی، عادەتی بازاڕ ١٦ی بە ١٥یە.

– تێ ناگەم، ١٦ بە ١٥ یانی چی؟

– دەزانم تێ ناگەی. تاوانی خۆمە تۆم ڕاگرتووە. ١٦ کیلۆ دەژمێرن و دەڵێن ئەمە ١٥، دای دەنێن بە باتمانێک.

هێندەم پێ سەیر بوو دام لە قاقای پێکەنین و گوتم: دەی جا با ئەمەش عادەتی بازاڕ بێ هەر ١٦ دیناری بۆ دەژمێرین و دەڵێین ئەوە ١٥ دینار.

مام سەعدوون گوتی: ئەو کێشەیەی ناوێ. ئەو میرزایە چۆنی حیساب دەکات بەو پێیە پارەم دەدەیێ باشە، دەنا دەیبەمە خانێکی تر.

– کوڕە ئەمە عادەتی بازاڕە. لە هەموو خانێک هەر وایە.

– من عادەت و مادەت نازانم. هەر ئەوەیە پێم گوتی.

ئەفەندی لە تووڕەییان چاوی دەرپەڕیبوو: باشە دەکاتە چەند؟

– ٣٠ دینار و چوار سەد فلس.

– چوار جێیە. دەلاڵییەکەی دەکاتە چوار دینار. تۆ ٣ دیناری لێ دەرکە، بۆ مام سەعدوون بە زایە ناچێ.

– ٢٧ دینار و چوار سەد فلس.

– دینارێکیشی ئەرزییە و قەپانی لێ دەرکە.

– ٢٦ دینار و ٤٠٠ فلس.

– ٤٠٠ فلسەکەش حەماڵیی زاکیر.

مام سەعدوون و ئەوان ڕۆیشتن. ئەفەندی گوتی: چەندی مانگە؟

– ١٥ی مانگە.

– بگرە، ئەوە دوو دینار و برۆ بەڕێی خۆتەوە. تۆ بە کاری بازاڕ نایەی.

# بیهێنه، ئەمما ناوی مەبە

کۆشکی ئاغایی وەکو کوندەبەبووی گەڕۆڵ بە بەربەڕۆچکی دێی (سەرکەل)ەوە هەڵنیشتبوو. لە هێندێ جێ پاسارەی بانەکان کەوتبوونە خوارەوە، لە هێندێ جێشدا چۆڕا بوون، دەتگوت دەمی گزیری پیرە لەبەر کرووساندنەوەی ئێسقانی پاش خوان و چەقەی زۆری چەند ساڵە لەگەڵ بێگارچییەکان ددانی تاق و واز کەوتووە و ئەوی ماویشتەوە خواروخێچ بووە. لەمێژ بوو پلووسکەکان بەربووبوونەوە و چاییان پێ لێ نرابوو. شۆلاوگەی باران کەندڕی خستبووە دیوارەکان و دەمیان لە گوندی سەرکەل داپچڕیبوو، دەتگوت قەستیانە ئەو چەند ماڵە ڕەعیەتەش کە لە دێدا ماون بە گا و گوێر و شیناوەردەوە قووت بدەن. بەردەکان سەریان لە سواغەکان دەرهێنابوو، ددانیان لە ڕیچەوە بردبوو، لەوە دەچوو نیازیان وابێ خۆیان لە بەندی دیوارەکان ڕزگار بکەن.

بەشی دەرەوەی قەڵا، دیواخان و پێشخانە، تەویلە و کادین، هێشتا هەر بەپێوە بوون. دیواریان بە دەورەوە و بانیان بەسەرەوە مابوو. بەڵام نە لە تەویلە حیلەی ئەسپ و ماین دەهات، نە کادین سپیایی کای تێدا دیار بوو. لە بنمیچ سیسرە دەیانخوێند و لە خواریشەوە قالۆنچە ڕمبازییان دەکرد. ساڵێک بوو فەرشی دیواخانەکە فرۆشرا بوو، بەڕەکانی پێشخانەی لێ ڕاخرابوون. هەموو شتێک لە ماڵی مەجید خان بەرەو سووک و چرووکی دەڕۆیشت. ئەم بەڕانە نەبێ ڕێز و حورمەتیان پەیدا کردبوو لە پێشخانەوە هاتبوونە دیواخان و جێگەی قاڵییان گرتبووەوە. تاقە حەسیرێکیش لە مزگەوت پەڕەوازە بووبوو هاتبووە قوژبنێکی پێشخانەکە.

دەزگای دەرەوەی مەجید بەگ بە سێ شتەوە دەگەڕا: فەرەجی فەڕاش،

هەڵۆی تانجی، ئێستره بۆز. شەوانە ئێستره بۆز فەرمانڕەوای شەشدانگی تەویلە بوو، سەربەخۆ دەیزەڕاند. هەڵۆ لەسەر کوتە حەسیرەکەی پێشخانە و فەرەجیش لە مزگەوت دەخەوتن.

تازە تاو لەناو ئاوایی کەوتبوو. فەرەج لە مزگەوت هاتە دەرەوە. نۆرەی ماڵی سۆفی ڕەحیم بوو، چوو سەوەتەیەک کا و جامێ ماستی لێ ئەستاندن. کایەکەی کردە بەر ئێسترە بۆز و ماستەکەی بردە ژوورەوە بۆ بەرچاییی ئاغا. هاتەوە لە گوێسوانەی کادینەکە پێنج شەش لقی دار دەرهێنا و کوورەی دیواخانەکەی داخست، هەڵۆی لەسەر حەسیرەکە دەرکرد و لە جێگەی دانیشت. تاوێکی پێ چوو مەجید بەگ پەیدا بوو، بەکاوەخۆ هەنگاوی هەڵدەهێنا. لەگەڵ هەموو هەنگاوێک کەوشەکانی قاچیان دەقۆستەوە. هەردوو دەستی نابووە کەلەکەی، ڕەسمی ئاغایەتیی بەجێ دەهێنا و لە شنەبای ساردیش شاردبوونیەوە. مەجید بەگ هاتە ژوورەوە لە پەنا کوورەکە دانیشت. فەرەج وەک دەست بۆ ژیژک بەرێ سەرینێکی تووکی گەورەی چڵکن کە بەرگەکەی لە دوو سێ جێ دڕا بوو، لای پەنجەرەکەوە لە جێگەی دوێنێ ئێوارەی ئاغا دانرابوو، بە ئەسپایی هەڵی گرت و هێنای لە پشت ئاغایەوە داینا. مەجید بەگ پاڵی داوە و گوتی: بچۆ نان بێنە. فەرەج تاوێکی پێ چوو سینییەکی گەورەی هێنا دوو نان و پیاڵەیەک ماست و سێ ئیستیکان چای لەسەر بوو، لە بەردەم ئاغا داینا و چووەوە پێشخانە.

مەجید بەگ بەدەم وتووێژەوە، چەند پارووی نان و ماست خوارد و دوو ئیستیکانی چا خواردەوە. چاوی بڕیبووە سینییەکە و کەوتبووە دەریای خەیاڵاتەوە. دەستی شارەزای بەرپشتێنەکەی بوو. لە خۆیەوە قوتووە سیغارەکەی دەرهێنا، سیغارێکی پێچاوە و بەئاگری کوورەکە دای گیرساند. پزیسکێک ئاگر پەڕییە پشتی دەستی. وریا بووەوە و بانگی کرد: وەرە لایبە.

فەرەج هات سینییەکەی لابرد. مەجید بەگ ناو بەناو مژێکی لە سیغارەکەی دەدا و بەوردی دەیڕوانییە میچی دیواخانەکە. تۆڕ و ڕایەڵەی جاڵجاڵۆکەی نەدەدی، فیکری دوورتر ڕۆیشتبوو، لەبەر خۆیەوە دەیبژارد: یەک.. دوو.. سێ..

تا گەیشتە سێ.

فەرەج وای دەزانی ماڵە ڕۆیشتووەکان دەژمێرێ. لە پێشخانەوە هەڵی دایە: نەخێر ئاغا، بیست و پێنج.

مەجید بەگ ئەوەندە نوقمی خەیاڵات بوو گوێی لە فەرەج نەبوو. مژێکی تری لە سیغارەکە دا، دووکەڵ نەهاتە دەمی. قونچکە سیغارەکەی فت کرد. دارجگەرەکەی چەقاندە بەرپشتێنی و هاتە دەرەوە. بۆڕە و قۆڕەی گا و گوێر وریای کردەوە. تەماشای کرد ئەوا ماڵێکی تریش خەریکی کۆچکردنە. تاوێ لووتی داژەند و لە پاشان لەبەر خۆیەوە گوتی: بەگۆڕی بابیەوە، با بڕوا. داری خانووەکەی بەشی مانگێکی کوورەکە دەکات. مەجید بەگ ڕۆیشتە ماڵەوە، سینییەکە بە سێ ئیستیکان و پیاڵەیەکی خاڵییەوە لەوێ دانرا بوو، خەیاڵاتەکەی دیواخان سەری لێ داوە. گوتی: ئەرێ خانم! تۆ پێم ناڵێی ئەم سینییە بۆچی وایە؟

زارا خانم گوتی: سینی چییەتی؟ چۆنە؟

– کچێ! ئەوە دەڵێی چی؟ بڕوانە ئەوەندە گەورەیە گێرەی لەسەر بگێڕە. لە دیواخان تەماشام دەکرد نانەکانیش بەحاڵ لە قوژبنێکیدا دیار بوون. دیواخانەکەش دەڵێی وشترخانە ئەوەندە بەرز و گەورەیە سێ ئالّوودارى تێدایە.

– جا بۆ ناڵێی ئەویش لەبەریەک ڕەویوەتەوە.

– بەڵێ، بەڵێ، ئەسڵەن هەموو شتێک لەبەریەک ڕەویوەتەوە. کەوشەکانیشم ئەوا بەحاڵ بەپێمەوە گیر دەبن. بڕوانە کەواکەی بەرم، دەڵێی عەبایە، دووانی وەک منی تێدا جێ دەبێتەوە.

– کوڕە! قسەی چا بکە، ئابڕوومان دەچێ.

– چۆن بڕوا ناکەی؟ تۆش هەر وای. دەڵێی کیژۆڵەی کراسی دایکت لەبەر کردووە.

زارا خانم هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: ئەو ڕەعیەتە بێ وەفا و ناپیاوانە

بەجێیان هێشتین. لە دێیەکی چۆڵ و هۆڵدا هەر چاکە شێتیش نابین. سەیدی زەنبیل ئاور لە عەمر و ماڵیان بەردات.

میمکە پیرۆز، ژنی لالۆ ڕەحمان، کە بۆ خواحافیزی هاتبووە لای خانم، گوتی: ئەیرۆ خانم گیان، توخوا بۆ دوعای شەڕ لە هاوماڵەکان دەکەی! ئەوانیش وەک تۆ ڕۆڵەی شیرینیان هەیە.

– میمکە پیرۆز ئەی توخوا ئەوە پیاوەتییە لەگەڵ ئێمەی دەکەن. ئەوە وەفا و ئەمەکە! دێیەکەتان چۆڵ کرد و ئێمەتان بەتاقی تەنیا بەجێ هێشت؟

– خانم گیان، بڵێین چی؟ ئەوەی لای خواوە بێ خۆشە. ئاخر چی بکەین. بەخوا ئەرکتان زۆر قورسە. تا پێمان کرا خزمەتمان کردن. ئێستاش لە پەرۆپۆ کەوتووین. ناشکوری نەبێ دێیەکە نەگبەت گرتوویەتی. دەڵێین بەشکم خوا لە جێیەکی تر دەروویەکی بەخێرمان لێ بکاتەوە و نەگبەت بەرمان بدا.

خانم لە قسەکانی میمکە پیرۆز «خوا»، «نەگبەت»، «دەرووی خێر».. فیکرێکی بەدڵدا هات و گوتی: میمکە پیرۆز بە دڵیەوە مەگرە، لەگەڵ تۆم نەبوو. ئێوە ڕەعیەتێکی باش بوون، تا توانیتان لەگەڵمان مانەوە، بەخێرچن، خێرتان بێتە ڕێ.

– خانم گیان! دەم خۆش. قەت دوعای شەڕ لە خەڵک مەکەن. ئێوە نەجیم زادەن. ودمی باش نییە.

– بەخێرچی، میمکە پیرۆز، بەخێرچی.. کارتان ڕاست بێ!

میمکە پیرۆز ڕۆیشت. زارا خانم قیژاندی بەسەر مەجید بەگدا. عەمرت نەمێنێ. سەرسەپۆلەی بێ دەم و پل و دەستەوستانە. تۆ کەی پیاوی.. منیش نەگبەت گرتمی، چارەم لە چارەی تۆ نووسرا. دیواخان وەک وشترخان وایە و سینی بۆ گەورەیە؟ ئاقڵ لە مێشکتدا نەماوە. بەدیار ئەو پیرەژنە ڕەعیەتەوە ئەم قسانە دەکەی. ئەوانە بە خوێنی سەرمان تینوون. هەر دەڕوا و دەیڵێ. ئاخرییەکەی بۆمان دەکاتە بەیت و باوێک و ئابڕوومان دەچێ.

جاری جارانە، سینی نانی گەنمە سەرداری شانەوشان دای پۆشێ، شەش

حەوت قاپ و دەوریی لەسەر بێ؟ دوو نانی وەک باڵە مێشوولە سینی لە کوێ پڕ دەکاتەوە؟ ئاقڵت بەوە ناشکێ لە برساندا و لەبەر خەم و خەفەت وەک چیلکە وشک هەڵاتووین، کراس و کەوامان لێ بووەتە عەبا، دیواخان چۆڵ و هۆڵ و ڕووتوقوت؟ وشترخانە، ئەی چییە؟

تازە بۆم دەبێتەوە ئاغا و لە دیواخانە نان دەخوا. چاکە دێیەکە چۆڵە و کەسی تێدا نییە، دەنا دەبووینە پەند و مەخسەرە.

مەجید بەگ وەکو قەلەموونە لووتی بەسەر لچیدا شۆڕ بووبووەوە، چاوی بڕیبووە عەرزەکە. بە کزییەکەوە گوتی: بڵێم چی؟ منیش دەزانم دیواخان و میواخان وەختی بەسەرچووە. گوتم بەرەجێژنانە. جارێ با وابێ، بەڵکو ڕەعیەتەکان ڕۆژی جێژن جێژنانەمان بۆ بێنن، جا لە پاشان بەرەو مەڕەکان کۆ دەکەینەوە.

– جێژنی چی؟ تازە بەتەمای جێژنانەی؟ ئەوا ئەمڕۆش ماڵێکی تریان ڕۆیشت. ماوەتەوە چوار ماڵ، ناگاتە جێژنە ئەوانیش بار دەکەن. بەتەمای جێژنانە خۆت لە سەرماندا دەکوژی؟ هەستە بڕۆ بۆ زەنبیل، بەڵکو سەید هیمەتێکمان بۆ بکا، خوا دەرووییەکی بەخێرمان لێ بکاتەوە و نەگبەت بەرمان دا.

مەجید بەگ سواری ئێسترە بۆز بوو. فەرەج کەوتە پێشی و چوونە زەنبیل. نە وەک جاران بارگە و بنەی پێ بوو و نە دیاری و سەوقات. کەس خۆی تێ نەگەیاند. شەو لێفەیەکیان بۆ هێنا لە خانەقا، چووە ناو دوو توێی لێفەکەوە. لە خەویدا لای وابوو جاری جارانە، سەردەمی دەسڕۆیشتنیەتی. خەبەری بووەوە، بەدەم خەوەوە بانگی کرد: کێ لەوێیە؟

فەرەج گوتی: بەڵێ ئاغا.

– شتێکم پێدا دە، ساردە.

– هیچ نییە، جلی ئێسترەکە نەبێ.

– بێدەنگ بە، سەگباب.

تاوێکی تری پێ چوو، سەرما زۆری بۆ هێنا. بانگی کرد: فەرەج شتێکم پێدا دە، زۆرم سەرمایە.

فەرەج گوتی: هەر جلە ئێسترەکە هەیە، هیچی تر نییە.

مەجید بەگ وتی: وست بە، کەرە.

چاوی چووە خەو، لە خەویدا زارا خانم لێی بەدەمدا هاتووە، گەزارە دەکێشێ و ئەوی بەسەر زاریدا دێ پێی دەڵێ. داچڵەکا. لە سەرماندا دەلەرزی، گوتی:

– فەرەج، زۆرم سەرمایە، عیلاجم بکە.

فەرەج گوتی: ئاغا، بەم شەوە کێ چاوی لێیە، قەی چی دەکا؟ با جلی ئێسترەکەت پێدا دەم.

مەجید بەگ گوتی: باشە، بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە.

# تاج و تەختی کوێخا هۆمەر

چەند ساڵ پێش شەڕی دووەمی جیهانی، هەر لە بەیانییەوە ڕۆژێک لە بازاڕی مەهاباد، سەودا و کڕین و فرۆشتن وێستا. دووکاندارەکان کە هەموو شتێک بە گەزی خۆیان دەپێون، وە هەموو شتێک بە سەنگ و تەرازووی خۆیان دەکێشن، تا گەز و تەرازوویان لە کاردا بێ بەتەنگ هیچەوە نین، دنیا ژێر و ژوور بێ، هەر ئەوان فرۆشیان ببێ، پەکیان پێ ناکەوێ. ئەو ڕۆژە نیو گەز وەکو مقاشی هاوین لەولاوە کەوتبوو، تەرازووش مریشکە بەکورکت تێدا بنایەتەوە. کوتوپڕ چپەچپ کەوتە بازاڕ. یەک لە یەکی دەپرسی: چ باسە، کرمانج ئەمڕۆ بۆ دەرمانیش دەست ناکەوێ؟

زۆری پێ نەچوو زانرا: سەرباز دەوری شاری گرتووە، سوخرەیە، ماین، ئەسپ، وشتر، گوێدرێژ، هەرچی بەکاری سواری و باری بێت بەسوخرە دەگیرێ.

ئەمجار خەڵک زیاتر تینووی دەنگوباس بوون. چییە؟ چ قەوماوە؟ کەس نەیدەزانی! کەسیش نەیدەوێرا زۆری لێ بکۆڵێتەوە. کاروباری لەشکری دەوڵەتە و نهێنییە، لێکۆڵینەوەی باسی سەرە.

دوو سێ ڕۆژی پێ چوو، وردە وردە سوخرە براوە و وەزع هاتەوە دۆخی خۆی. دەنگوباس بڵاو بووەوە: بەشێک لەو لەشکرەی لە مەهابادە، چووە بۆ ناو (گەورکان). پاشان خەبەر گەیشت کە لە گەورکانیش تێ پەڕیوە و بەرەو سەردەشت ڕۆیشتووە. ئیتر دەنگوباس وشکاوی هات. هێندێک دەیانگوت: ڕەنگە ئەمانە چووبن هیی سەردەشت بگۆڕن. هێندێکانیش دەیانگوت: ڕەنگە لەو ناوە شەڕ بێت. هاتوچو بۆ سەردەشت نەبوو، نەیاندەهێشت هیچ کەس هیچ ببیسێ. ئەوە بووبووە مەتەڵۆکەیەک کەس نەیتوانی هەڵی بێنێ. تا شین و

شەپۆڕ لە ماڵی (حەیدەر عەلی خان) داکەوت. حەیدەر عەلی خان ئەفسەری فەرماندەی بەشی شەست تیری ئەو لەشکرە بوو کە چووبووە سەردەشت. دەرکەوت کە سەید عەلی خان کوژراوە.

خەڵک لە ژمارەی سەربازە کوژراوەکان کەوتنە خۆ. یەکێک دەیگوت: سەد سەرباز کوژراوە. یەکێک دەیگوت: دوو سەد. هیی وا بوو دەیانگەیاندە پێنج سەد. هێندێکیش دەیانگوت قەڵاچۆیان تێ خراوە و چۆڵەکەکوژیان نەماوە.

خەڵک ئەوەندەیان حەز بە فەوتانی لەشکری دەوڵەت دەکرد، ئەوەی لە دڵیاندا بوو بەزۆرکردنی ژمارەی سەربازە کوژراوەکان دەریان بڕی و بەمجۆرە کفت و کۆی دڵی خۆیان دەڕشت. بەڵام سەرلەبەریش بتگرتایە قسەکەیان بێ ناوەڕۆک نەبوو، چونکە ئەو بەشە لەشکرەی دەوڵەت کە لە سەردەشت بوو هیچی پێ نەکرا.

دەوڵەت نەیدەویست وەکو جاران– کە لە هەر لایەکی کوردستانی ئێران جووڵانەوەیەک بووبووایە تفەنگی بە عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی و قەرەنی ئاغای مامەش و چەند سەرۆک عەشیرەتی خۆفرۆشی تر کۆ دەکردەوە و جووڵانەوەکانی کوردی بە کوردەکان دەخنکاند – ئەمجاریش وا بکات. دەوڵەت خۆی بە دەستەڵاتدار دەزانی، ئەوانیشی چەک چن کردبوو، ئیتر نەیدەویست جارێکی تر چەکیان بداتەوە دەست. دەیگوت: «ڕەش هەر ڕەشە». ئەمانە با خائینی گەلەکەشیان بن، هەر کوردن و جێگەی بڕوا نین.

نەشیدەویست لە شارەکانی ترەوە لەشکر بێنێ، تا خەڵک نەزانن هێشتا کەسی وا ماوە بتوانێ لە زەمانی ڕەزا شادا سەری دڵی هەڵاوێ. لە تارانەوە فەرمان درا مەسەلەکە لە کورتی ببڕنەوە و پووشبەسەری کەن.

فەرماندەکانی لەشکری (ورمێ) و (مەهاباد) و (سەردەشت) کەوتنە ڕا و تەگبیر. ئاخرییەکەی بڕیاریان دا لەگەڵ کوێخا هۆمەری سوێسنێ وتووێژ بکەن. «کێ ئەم زەنگوڵە لە ملی پشیلە بکات؟» دەستیان کرد بەپرسیار لەو بازرگان و دەرەبەگانەی سەر بەدەوڵەت بوون. بە هەموویان «کاحسێن»یان دۆزییەوە.

کاحسێن هەم سەید بوو، هەم بە ڕاوێژی دەمی عەشایری دەزانی. کاتی شەڕی هەوەڵی جیهانی میرزای باپیراغای مەنگوڕ بوو. لە پاشان بە نۆرە میرزای عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی و قەرەنی ئاغای مامەش بوو. سەرۆک عەشیرەتەکان دەیانناسی و بەپیاوێکی ئاقڵیان دەزانی. چەق و تەقی دنیای زۆر دیبوو. لە شەڕی هەوەڵی جیهانیدا کە لەشکری عوسمانی لە سابڵاخ (مەهاباد) بوو، داوایان لە باپیراغا کرد بەخۆی و لەشکریەوە بچێ بۆ (خەزا). باپیراغا بە کاحسێنیدا وەڵامێکی زۆر توندوتیژی بۆ ئەفسەری عوسمانی ناردەوە. ئەفسەری عوسمانی کە دەستی نەدەگەیشتە باپیراغا، حوکمی ئیعدامی کاحسێنی دا.

کاحسێن بە تکای قازی عەلیی باوکی قازی محەمەدی شەهید ڕزگاری بوو. کە لەشکری ڕووسی قەیسەری هات و لەشکری عوسمانیی شکاند، ڕۆژێک کاحسێن بۆ کاری باپیراغا دەچووە سابڵاخ. لە ڕێگە تووشی دەستەیەک ساڵداتی ڕووسی بوو، ساڵداتەکان کە بۆ کابرایەکی تر دەگەڕان، بەهەڵە چوون و کاحسێنیان گرت، وە لەگەڵ دیلی تری نێردرا بۆ قەفقاز، تا لە شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەردا بەربوو، هاتەوە.

کاحسێن کە بە سارد و گەرمیی ڕۆژگار قاڵ بووبوو، بۆ ئەم کارە هەڵبژێردرا، وە لەگەڵ ئەفسەرێک ناردیان بۆ لای کوێخا هۆمەر لە گوندی (قەلەڕەشە).

کاحسێن گوتی: فەرماندەی سەردەشت لەپێشدا پیاوی ناردبووە لای کوێخا هۆمەر، کە لەلایەن دەوڵەتەوە دوو کەس دەنێردرێن بۆ وتووێژ. کوێخا هۆمەر قبووڵی کردبوو. لەسەر ئەو بەڵێنیە کەوتینە ڕێ. کە لە سەردەشت دەرکەوتین و گەیشتینە ناو نزار، دوو کابرای سوێسنیی ڕووتەڵە لەبن دەوەنێک دەرپەڕین، تفەنگەکانیان قایشی پێوە نەبوو، لە جیاتیی قایش بەنیان تێ خستبوو. پرسییان: چ کارەن، بۆ کوێ دەچن؟

گوتمان: لەلایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

گوتیان: ڕاوەستن تا پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت، دوای نیو سەعات هاتەوە. گوتی: با بڕۆن.

ڕۆیشتن، گەیشتینە بەندەنێ. دیسان دوو سوێسنی لەبن دارێک دەرپەڕین:

– چ کارەن، بۆ کوێ دەچن؟

– لەلایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

ڕاوەستن، تا پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت و دوای سەعاتێک هاتەوە، گوتی: با بڕۆن.

بە دۆڵی قەلەڕەشدا بەربووینەوە. لە شیوێک دوو سوێسنیمان لێ دەرپەڕی:

– چ کارەن، بۆ کوێ دەچن؟

– لەلایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

– ڕاوەستن، با پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت و دوای سەعات و نیوێک هاتەوە، گوتی: با بڕۆن.

ڕۆیشتین تا گەیشتینە قەراخ ئاوایی قەلەڕەشە. دوو سوێسنی لەوێ ڕاوەستابوون:

– چ کارەن، بۆ کوێ دەچن؟

– لەلایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

– ڕاوەستن، با پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت، دوای دوو سەعات هاتەوە، گوتی: با بڕۆن.

ڕۆیشتین، گەیشتینە بەر حەوشەیەک کە بە تەیمان گیرابوو، چەپەرێکی گەورەی پێوە بوو. سوێسنییەک بە تفەنگەوە لەودیوی چەپەرەکە ڕاوێستابوو.

– چ کارەن، لە چی دەگەڕێن؟

– لەلایەن دەڵەتەوە هاتووین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

بانگی کرد: پیرۆت! ئەمانە دەیانەوێ بێنە لای کوێخا هۆمەر.

دوای چارەکە سەعاتێک پیرۆت لە هەیوانی هۆدەیەکەوە بانگی کرد: با بێن.

ڕۆیشتین، گەیشتینە هەیوانەکە. پیرۆت گوتی: ڕاوەستن.

پیرۆت چووە ژوورەوە. دوای ماوەیەک هاتە دەرەوە، گوتی: بچنە ژوورەوە.

چووینە ژوورەوە. چ ببینین؟ سەیروسەمەرە! هۆدەیەکی قوڕین، دیوارەکانی بە دووکەڵ ڕەش بووبوو، میچەکەی قورماوی بوو، تاقە پەنجەرێکی بچووکی تێدا بوو بۆ سەر هەیوانەکە، شووشەکەی بەدووکەڵ ڕەش داگەڕابوو. هیچی لێ ڕانەخرابوو. لە ناوەڕاستی هۆدەکەدا کورسییەکی زستانی کە لەسەر تەنوور دای دەنێن و لێفەی پێدا دەدەن و لە دەوری دادەنیشن، دانرابوو. کوێخا هۆمەر لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، لاقێکی نابووە سەر لاقێکی، بەسەر سەریەوە سەوەتەیەک بە بەن بەداری میچەکەوە هەڵاوەسرابوو. کوێخا هۆمەر سەری کردبوو بەبن سەوەتەکەدا. کوێخا هۆمەر نە تەماشای کردین؛ نە وەڵامی داینەوە. پیرۆت قەلیانێکی تێ کرد و دایە دەست کوێخا هۆمەر. کوێخا هۆمەر ناو بەناو مژی لە قەلیانەکە دەدا و چاوی بڕیبووە پەنجەرەکە. ئێمەش وێستابووین. کابرای ئەفسەر سپی هەڵگەڕابوو، لە بیچمی وا دەردەکەوت لای وایە بەدەست ئەم دێو و درنجەوە هەزار گیانی پێ بێ گیانێک بەساخی دەرناکات. بە چاو ئیشارەم لێ کرد: نەترسی. دوای تاوێک کوێخا هۆمەر گوتی: پیرۆت، چای بێنە.

پیرۆت چایەکی هێنا و داینا. کوێخا هۆمەر ناو بەناو مژێکی لە قەلیانەکە دەدا و قومێکی لە چایەکە دەخواردەوە. کە لە قەلیان و چایەکە بووەوە، ڕووی کردە ئێمە و گوتی: ئێوە کێن؟ دەڵێن چی؟

گوتم: کوێخا هۆمەر، ئەمە ڕەسم و باوی کوردەواری نییە. لە هەموو ماڵێک ڕێز و حورمەت لە میوان دەگرن. ئێمە میوانی تۆین.

– بەڵێ، کە دەستتان ناڕوات، ئەم قسانە دەکەن. ئێستا قسەتان چییە بیڵێن.

– لە پێشدا پیاویان ناردبووە لات قبووڵت کردبوو ئێمە بێین. ئەوا لەلایەن

دەوڵەتەوە هاتووین قسەت لەگەڵ بکەین.

– چۆن هاتن؟

– لە سەردەشت کەوتینە ڕێ و ئەوا گەیشتووینەتە ئێرە، لای تۆ.

– نا، نا، بەوردی بۆم بگێڕنەوە تووشی کێ هاتن؟ چییان لێ پرسین؟

بەوردی هەمووم بۆ گێڕایەوە، چەند جار ڕایان گرتین، چەندە برسی و تینوی بووین.

گوتی: لێرە، لەم هۆدەیەدا چۆن؟

گوتم: وەڵامی سڵاوت نەداینەوە، ماندوونەبوونیت نەکردین. لەوساوە تا ئێستا بەپێوە ڕات گرتووین.

– قسەی چیم لەگەڵ دەکەن. ئەمە وەڵامەکەتانە. کردەوەی پیاوەکانی دەوڵەتەکەتان لە سەردەشت لەگەڵ ئێمە ئاوایە. بە شایەکەتان بڵێین کردەوەی پیاوەکانی باش دەکا و وەکو ئینسانان دەبزوونەوە، ئەوا باشە. ئەگەر هەر لەسەر ئەم پێوەدانانەش دەڕۆن، ئەو تاج و تەختی هەیە، منیش ئەمە (ئیشارەتی بۆ سەوەتەکە کرد) تاج و ئەمەش (ئیشارەی بۆ کورسییەکە کرد) تەختم. دەسا دەست لە دەست و قەوەت لە خوا. کوێخا هۆمەر دەرفەتی نەداین قسە بکەین، گوتی: پیرۆت بیانبە.

پیرۆت بردینیە هۆدەیەکی گەورەی ڕووناک و خاوێن، قاڵیی لێ ڕاخرابوو، پاڵ و پشتیی لێ دانرابوو، سەماوەر قوڵتەقوڵتی بوو. دانیشتین، چایان بۆ تێ کردین. دوای تاوێک کوێخا هۆمەر هات و لای خوارەوە دانیشت. بە ڕووخۆشییەوە بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕی کردین. نان و خوانێکی باشیان هێنا و نانمان خوارد.

گوتم: دەی کوێخا هۆمەر، ئێستا با قسان بکەین.

– قسەی چی بکەین؟ «قسە هەزارە، یەکی بەکارە». من وەڵامی ئێوەم دایەوە. تۆ پیاوێکی ئاقڵی. بڕوا ناکەم تێ نەگەیشتبی. ماڵاواییمان لێ کرد. کوێخا هۆمەر زۆر بە حورمەتەوە بەڕێی کردین.

هاتمەوە، سەرلەشکرم تێ گەیاند تاوانی ژاندارمەیە سوێسنییەکانی ئەوەندە هەراسان کردووە ناچار بوون بەگژ دەوڵەتدا بچن. دەوڵەت قەدەغەی کرد ژاندارم بە خاکی سوێسنیدا بچێ. بۆ کاروباری ئەوێ دایرەیەکیان دانا بەناوی (دایرەی ئینتیزاماتی عەشایری)، کابرایەکیان کردە سەرۆکی ئەو دایرەیە بەناوی (سەرهەنگ پزیشکییان). سەربازەکانی پزیشکییانیش پاش یەک دوو ساڵ وردە وردە چوونەوە سەر پێودانەکەی ژاندارم، تا ڕێژێمی ڕەزا شا ڕووخا. ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی هاوینی ساڵی ١٩٤١ پزیشکییان و سەربازەکانی، وەکو سڵقی ڕووت، بەتوێی کراس و دەرپێ هاتنەوە مەهاباد و لەوێوە ڕۆیشتنەوە بۆ پێتەختی شاهەنشاهی.

## ئاغا وەجاخی ڕۆشنە

ڕەشید ئاغا لە تەمەنی لاوێتیدا بوو. چەند ساڵێک بوو بووبووە ئاغا. ئەویش وەک «گای حاکم[1]» لە تەڕی دەیخوارد و لە ویشکی دەخەوت. لەوەتی پێ گەیشتبوو، شەو خەریکی قومار و ڕۆژ خەریکی ڕاووشکار بوو. تاقە هونەرێکی کە بووی، ئەوە بوو لە زمانی تاژیی دەزانی.

ڕەشید ئاغا: هەو... هەو... هەو... ڕستی هاوریشم و قەلادەی زیوت لە ئەستۆ دەکەم، دەست و پەنجەت لە خەنە دەگرم، جلی تورمەت بۆ دەکەم!

تاوس، وەکو ژاندارمەیەک کە تازە چەند کوردی گرتبێ و ئافەرینی لێ کرابێ و ئەفسەرەکەی بانگی کات، یا وەک ژنە وەرزێرێکی کە بەناو دڕک و داڵدا بەدوای تاقە مانگا ونبووەکەیدا ڕابکات، بەخۆشبەزی و خێرایی بازی دەبرد بۆ لای ڕەشید ئاغا، وە خشپەی پێی نەدەبیسرا، بە قەلادەی زێوین و جلی تورمەوە بە دەوروبەری ئاغادا دەهات و دەچوو، کلکەسووتەی دەکرد، خۆی دەکێشاوە و دەیقوروسکاند، یانی: ئامادەی ڕاو و تێ بەربوونم.

ئاغا و تانجی، پشتاوپشت، لەگەڵ یەکتر هاتبوونە خوارەوە. هەرچەند لە دوو ڕەگەزی جیاواز بوون، بەڵام سەبارەت بە پێشینەی مێژوویی بێ تەرجومان لە یەکتر تێ دەگەیشتن.

ئێوارەی ڕۆژێکی دەمەوزستان بوو. لە هەیوانی دیواخانی «نۆبار[2]» ڕەشید ئاغا و تاوس بەدیار نۆکەرەکانەوە، بە زمانی حاڵ ئەو قسانەیان دەکرد.

---

(١) قسەی پێشینانە بە کەسانی ئاوا دەڵێن «وەک گای حاکم وایە لە تەڕی دەخوا و لە ویشکی دەنوێ».

(٢) نۆبار: گوندێکە لە مەڵبەندی بۆکان.

نۆکەرەکانی ڕەشید ئاغا کە زۆربەیان لەگەڵ نۆبار و دیواخانە و ئەسپ و تاژی لە ئاغای ڕەحمەتی بە میرات مابوونەوە، لە هەراویی ناودەست و باریکیی دەست و پاشوو و خۆشبەزیی تاوس واقیان وڕ مابوو، هیوادار بوون خۆیان و ئاغایان بێ گۆشت نەکات. یەک لە دوای یەک پیرۆزباییی تاوسیان لە ڕەشید ئاغا دەکرد. لە پاشان کوێخا عەولا هەڵی دایە و گوتی: بە گۆڕێکی ئاغای ڕەحمەتیی تێ چووە، ئەو تاژییە دزییەتییە. ئەگینا ئەم هەڵۆیە و دوو تەغار گەنمیان نەگوتووە.

ڕەشید ئاغا: دە چەغەبە. دەویت باب، ئاقڵت بۆ لە کار کردم! دیارە ئەگەر حەمەوەیس لە برسا قۆڕەی زگی نەهاتایە، بۆ دوو تەغار گەنم لێرەوە نەدەچووە (تیلەکۆ[٣])، بە شەوی ئەنگوستەچاو، سینگی خۆی بە گوللەوە نێت و تاوس بۆ من بدزێ. دوو ساڵی تەواوە ناوبانگی تاوسم بیستووە. لە عاسمان بۆی دەگەڕام، لەسەر زەوی دەستم کەوت، ئەگەر زۆرت بەخیلی بەحەمەوەیس دێ دوو تەغار گەنمی دەست کەوتووە، نەچووە بچێ، ڕستت دەکەم و تێت بەردەدەم. کە کەروێشکێکت کوشت دوو تەغار گەنم بە تۆش دەدەم.

کوێخا عەولا: دە باشە ئاغا. تۆ لەسەر کەروێشکی خۆت نی؟ من تەماڵێکت بۆ دەدۆزمەوە، کەیفت لێیە لە لاندا بە زیندوویی دەیگرم، حەز دەکەی تاوسی تێ بەردە.

ڕەشید ئاغا: دە بڕۆ تەماڵ بدۆزەوە.

کوێخا عەولا: ئاغا ئەوەندەم لێ بوەستە گەرداڵێک بەفر بباریێ. بزانە دوو تەغار گەنمەکە حەڵاڵ دەکەم یان نا؟

لەو کاتەدا، تاوس ڕەشید ئاغای تێ گەیاند کە ئارەزووی ڕاوی هەیە. بە بەردەمی ئاغادا ٣-٤ بازی برد. بە حاڵ نووکی پەنجەی لە زەوی دەخشا. ڕەشید ئاغا (بە تاوس): دەک لەبەر قەڵەمبازت مرم. (ئەوجار بە کوێخا عەولا): بەسەری مارف ئاغا، سبەینێ تا چێشتانێ تەماڵێک نەدۆزییەوە گەسکت

(٣) تیلەکۆ: ناوچەیەکە لە مەڵبەندی سەقز.

بەسەر بارەوە دەنێم[٤]. کە دۆزیشتەوە جگە لە دوو تەغار گەنم، ئەو ڕانک و چۆغەی بەریشم هیی تۆیە. دە بڕۆ بزانم چ دەکەی؟

کوێخا عەولا: ئاغا! سوێندەکەت بە گول بێ. لە بەفری نەباریو، تەماڵت لە کوێ بۆ بدۆزمەوە؟ ئەوەندەم سەبر لێ بگرە. بەفر عەرز سپی بکات جا ئەو حەلە چاوم لێ بکە.

ڕەشید ئاغا: ئەو قسانەی پێ ناوێ. باسی تەماڵت کرد، دەبێ بیدۆزیتەوە. دەنا دەتکەمە تەماڵ و سەگت تێ بەردەدەم.

بایز (یەکێ لە نۆکەرەکان، کە بەڕیز لەبن دیواری هەیوانەکە بەدیار ئاغاوە وێستابوون) لەبەر خۆیەوە: عەولا خۆی بەدەمڕاست دەزانێ. دە بڕۆ بەم ڕەشانگە تەماڵ بدۆزەوە.

جافر [یەکێکی تر لە نۆکەرەکان]: ئەوەندە گەوجە پێی وایە کەروێشکیش ڕەعیەتە بچێ لە ماڵەوە بە شەق بیهێنێتە بێگار. ئێمەش دەتوانین ڕەعیەت بەشەق ئەمدیو و ئەودیو کەین. دە بڕۆ تەماڵ بدۆزەوە. بە زمانی خۆت پێوە بووی!

مام سەلیم (بە حاڵ کەڵبەی لە دمدا مابوو، وەختی خۆی گەورە نۆکەری مارف ئاغای باوکی ڕەشید ئاغا بوو) بەپڵتەپڵت لەبەر خۆیەوە دەستی پێ کرد: دەک کوێر بم، ئاغا ئاوا دەبێ. دەمەویست ئێستا ئاغای ڕەحمەتی بوایە ئەم چەلەحانێیەی لەگەڵ بکردایە. چما کای لە پێستی سەری نەدەئاخنی.

ڕەشید ئاغا، کە بە بەرسەفی نۆکەرەکاندا پیاسەی دەکرد، گوێی لەو قسەیە بوو، چووە پێستی باوکییەوە و گوتی: مام سەلیم! سبەینێ تا نیوەڕۆم لێ ڕاوێستە، جا قسەی ئاغای خۆت تاقی کەوە، بزانە چۆن دەیکەمە تەماڵ.

کوێخا عەولا، هەرچەند باب نۆکەر نەبوو، وەکو مام سەلیم چاوی بەپاشخوانی ئاغای ڕەحمەتی نەپشکوتبوو، بەلام دەتگوت لەژێر چەکوشی شەیتان دەرپەڕیوە. لە فڕوفێڵی ئاغا و نۆکەریدا وەستابوو، دەیزانی ئاقڵی

(٤) یانی: بە ماڵەوە دەرت دەکەم.

ئاغا تا کویێ بڕ دەکات. تەگبیری خۆی کردبوو، ئەمما دەیویست ڕەشید ئاغا پتر شێلگیر کا. تا دوو تەغار گەنمەکەی دەست کەوێ. ڕووی کردە میرزا سمایلی میرزای ئاغا کە لەولاوە وێستابوو، کتێبێکی چڵکنی بەدەستەوە بوو: مام میرزا بۆم بڕوانە ئەو کتێبە، جا ڕبەیەکت لە گەنمەکە دەدەمێ.

میرزا سمایل: دە برۆ مردووت مرێ. ئێستاکە لە قەندیلیش بەفر نەکەوتووە، قامووسیش تەماڵ ناگری. بۆت بڕوانمە کتێبی چی؟

کوێخا عەولا: بەسەری ئەو ئاغایە ڕبە گەنمێکت لە کیس چوو.

ڕەشید ئاغا: ئاها... ها... ها... لە سبەینێی نەهاتوو، لە تەماڵی نەدۆزراوەوە، لە گەنمی وەرنەگیراو، داخ دەباتە دڵی میرزا!

نۆکەرەکان: بەڵێ، ئاغا جوانی دەفەرمووێ. ئاها... ها... ها...

کوێخا عەولا (دەیەویست بۆ پێکەنینی ئاغا زیاتر سەر بکاتە سەر میرزا): باشە، مەڕوانە کتێبە چڵکنت. بەسەری ئەو ئاغایە چاوت بەگەنم ناکەوێ.

میرزا: کوڕە، باوکم، برام! دەوەن بە ئاشی چم پێ دەکەی؟ تۆ خۆت تەماعی ماسیی ناو دەریا کەوتووەتە سەرت، واز لە من بێنە.

ڕەشید ئاغا: من عەولا دەناسم. بە ڕبە گەنمێک باوکیشی دەفرۆشێ.

میرزا (کە داخی عەولای لە دڵدا بوو): شوکور باوکی نەماوە، ئەگینا بێ گەنمیش دەیهێنایە سەما. کوێخا عەولا تێ گەیشت مەبەستی میرزا ئەوەیە باوکی عەولا ڕەعیەت بوو. ئەگەر بمایە ئەویشی بە دەردی ڕەعیەتەکانی تر دەبرد. گوتی: من نمەک بەحەرام نیم. ئاغام چۆنی پێ خۆش بێ وا دەکەم.

میرزا، کە زانی قسە دەگاتە ناسکی، گوتی: ئاغا حەز دەکا تەماڵی بۆ بدۆزیتەوە.

کوێخا عەولا: باشە، بەڵام بەو شەرتە دەم لە گۆشتەکەی نەدەی.

مام سەلیم: هەتیوە، عەولا، تۆ شێتی؟ لە بەفری نەباریو، لە تەماڵی نەبوو، لە ڕاوی نەکراو، لە تاژیی تێ بەرنەدراو، لە کەروێشکی نەکوژراو، لە چێشتی لێ نەنراو، میرزا دەم لە گۆشتی چی نادات؟

میرزا: بەخوا بڵێم چی؟ سەرم لەم قسانە دەرناچێ!

کوێخا عەولا: ڕاست دەکا. هەر سەری لەوە دەردەچێ بۆ ڕەعیەتەکان بپارێتەوە و تکایان بۆ بکا. ئەوەندەی قاقەز و ماقەز خوێندووەتەوە و هاتوچۆی شاری کردووە قسەی ئێمەی پێ هیچە.

میرزا: تۆ برۆ تەماڵ بدۆزەوە و واز لە من و قاقەز و ماقەزم بێنە. هەر شتە وەختی خۆی هەیە. ئێستا جارێ ئەوا وەختی تەماڵ و ڕاوە.

ڕەشید ئاغا (بەدەم ڕێگەی ژوورەوە): عەولا! تاوس بەرەدەست و پاشووی لە خەنە گرە بۆ تەماڵەکەی سبەینێ.

کوێخا عەولا: بەڵێ، ئاغا.

ڕەشید ئاغا (بەیانی دوای نان و چا): عەولا!

کوێخا عەولا (کە لە پێشخانە لەگەڵ نۆکەرەکان خەریکی پاشخوان خواردن بوو، پاروەکەی بە خڕی قووت دا): بەڵێ.. بەڵێ.. ئاغا.

ڕەشید ئاغا: دەست و پاشووی تاوست لە خەنە گرت؟

عەولا: بەڵێ، ئاغا.

ڕەشید ئاغا: قسەی خۆم لە بیر نەچووەتەوە. تەماڵت دۆزییەوە؟

عەولا: بەڵێ، ئاغا.

ڕەشید ئاغا: ولاغان بێنن، با بچین بۆ ڕاو.

تاوس لەبەر ئەسپی ڕەشید ئاغاوە سەمای دەکرد. لە بناری (تەرەغە[٥]) ڕاو دابەسترا. کە گەیشتنە شیوەڵێک، عەولا، لە پڕ، هەڵی کێشا تەماڵ:

– خولامی سەری ئاغای خۆمم، تەما... ڵە!

ڕەشید ئاغا تاژیی تێ بەردا، بەلام کەروێشک هەڵنەستا.

عەولا: ئاغا، بەلان کەوتووە[٦]، با بچم هەڵی ئەستێنم. ڕکێفی لێ دا و چووە پێشەوە.

(٥) تەرەغە: کەژێکی گەورەیە لە ناوچەی بۆکان.

(٦) یانی لە لاندا خۆی مات داوە.

دابەزی و گورجێک پەتی ملی کەروێشکی داڕنی و فڕێی دا دەرەوە.

ڕەشــیــد ئاغــا (تاوسـی دووبارە تـێ بەردا): هـا بیگرە تـاوس ها.!. دەری نەکــەی ها!.. لە ســەری منت کــەوێ... تاوس یـەک دوو ســەری پێــدا هات و کەروێشکی هەڵگرت.

عـەولا بەغـار چوو کەروێشکی لـە دەم تاژی سـەندەوە و بە پاشکۆیەوە هەڵی واسی.

کە گـەڕانەوە عەولا چاوی پێ کەوت برایمـەشـەل لە سـەرمـانا دەلەرزێ کەچی لە بەردەرکی مزگەوت لەگەڵ میرزا وێستاوە قسەی بۆ دەکا.

کوێخا عەولا (بەپەلە): برایم ئەوە هێشتا نەڕۆیشتووی؟

برایم: بۆ کوێ؟ تۆ هیچت بەمن نەگوتووە.

کوێـخـا عـەولا: پێـم نەگوتی، ئەوا گوتم. ڕاکـە بچۆ بۆکـان تـەنەکـەیەک نەوت بێنە بۆ ماڵی ئاغا. زوو وەرەوە، بۆ ئێوارێ فریای خە!

شـەو لە دیواخـان بەدەم خـواردنی گۆشـتی کـەروێشکەوە، باس باسـی ڕاو و تاریف تاریفی تاوس بوو.

ڕەشـیـد ئاغـا: مـام سـەلیم! چۆنم تەمـاڵ بە عـەولا پەیدا کـرد؟ خـۆ ئـێسـتـا ئاغایەتی دەزانم؟

مـام سـەلیم: ئەوەندەی گڵ بـەسـەر ئـاغـای ڕەحـمـەتـیـیـەوەیە، سـەد ئەوەندە عومری تۆ بێ. شوکر ئاغا وەجاخی ڕۆشنە.

میرزا (بزەی دەهاتێ): بەڵێ، ئاغا وەجاخی ڕوونە!

ڕەشـیـد ئاغـا: مـام سـەلیم! بـەیانی دوو تەغـار گـەنم بدە بە عـەولا، ڕانک و چۆغەکانیشی بۆ دەنێرم..

شــەو دیـواخــان چۆڵ بـوو، عــەولا دەڕۆیشــتــە مــاڵەوە، لای دا دەرکی مــاڵی برایمەشــەل و بـانگی کـردە دەرەوە، گـوتی: بـرایم لە دەمت دەربێ کـەروێشکی مـاڵیت لێ ون بووە، لەژێر بێگاردا دەتپڕووکێنم. خـۆ دوێنێ هیـچت بە مـیـرزا نەگوتووە؟

برایم: جا با پێشم گوتبێ، چیی تێدایە، ئەویش هەر لە خۆتانە!

عەولاّ: نا، نا. ئەوە کابرایەکی شاری و دەم شڕە. ئەگەر لای ئاغا باسی کرد، تۆ بڵێ درۆ دەکا شتی وا نەبووە، جا نۆرە بێگارت لەسەر هەڵدەگرم.

## خەملی پەموو

هاوینی ساڵی ١٩٥٦ بوو، خانەقا چۆڵ و هۆڵ بوو، زەوی خوا دەزانێ بۆ جاری چەندەم لە ڕۆژ نێزیک دەبووەوە و تیشک و تینی زیاتری لە خۆر وەردەگرت. وەرزێرەکان وەکو هەموو هاوینێکی تر بە ئیش و کاری کشتوکاڵەوە سەریان قاڵ بوو، نەیاندەپرژا سەری ماڵی شێخ بدەن. ئەگەر دەرفەتیشیان بووبووایە، لەبەر ئەوە کە نوخشە دەرنەهاتبوو، لە ڕوویان نەدەهات بە دەستی خاڵی و بەتاڵ بێنە زیارەت. پەردەی کشوماتی بەسەر خانەقا و ماڵی شێخدا کشابوو. لە شەو و ڕۆژدا تەنیا پێنج جار دەنگی بانگی سۆفی قادری هەورامی گۆمی بێدەنگیی نەختێ دەشڵەقاند. لە جیاتیی (خەتم و تەهلیلە)ی سۆفی و زیکر و دەفی دەروێش، مێشوولەکان کە لە برساندا ئاڵۆزابوون، تێک دەهاڵان و ویزەویزیان بوو.

شێخ پێش نیوەڕۆ و ئێوارە تا نێزیک بانگدان یا لە حەوشەی خانەقا پیاسەی دەکرد، یا لەسەر کورسییەکەی کە لە هەیوانی خانەقا بەتایبەتی بۆ ئەو دانرابوو دادەنیشت و دەنکی تەزبێحەکەی دەگێڕا و دیار بوو بیری لە داهاتی پایزی پار دەکردەوە کە چەندە بوو، وە ئەمساڵ چەندە دەبێت.

مەلا جەلال، کە ئەگەر نوێژ کالا بوایە دەکرا بڵێین کرێکاری دینی بوو، مانگێ بە پێنج دینار بۆ پێشنوێژی بەکرێ گیرابوو. وەکو کرێکاری دەستەمۆ کە چاوی لە دەمی خاوەن کار بێت و وریای وەخت و کاتی کارەکە بێ، گوێی لەوە نەبوو کەس هەیە لە پشتیەوە نوێژ بکا یان نا، لەگەڵ دەنگی بانگەکە دەسبەجێ دەخزا میحرابەکە. سۆفی قادریش کە نوێژ بەشێکی گرینگ بوو لە دەسمایە، یا باشتر بڵێین (دەم مایە)ی ژیانی، لە پشتیەوە دەوێستا. میرزا عەلییش کە کرێوەپێچ بوو دەبووە سێیەمیان. بەڵام شێخ یا وەڕەز بوو، یا بە

پێویستی نەدەزانی، یا بەشکم لە ماڵەوە نوێژی دەکرد، لەو وەختەدا نەدەهاتە خانەقا.

مەلا جەلال و سۆفی قادر کە قامەتیان بۆ یەکتر دەستاندەوە، لە هەوای دەنگ و خاویی دەمیان دەردەکەوت هەر ئەوەندە بوو ئەرکی خۆیان بەجێ دەگەیاند، ئەگینا هیچ لە شانیان خۆش نەبوو. میرزا عەلییش وەکو ڕەشاییی لەشکر وابوو، لە نوێژکەرێکی سادە بەولاوە ڕۆڵێکی یاری نەدەکرد.

ئەو خانەقا وڕاق و گەورەیە بە سێ کەسەوە، لە کاتی جەماعەتدا وەکو حەمامێکی قەدیمی وابوو کە حەمامچی و ئاوگێڕ و یەکێکیش بەخێر خۆیانی تێدا بشۆن، وە ئەو ڕۆژانە دیاری و سەوقاتێکی بۆ شێخ و خەتم و تەهلیلەیەکی بۆ خوا تێدا نەبوو.

پێش نیوەڕۆیەک سۆفی قادر وەکو هەموو ڕۆژێ حەوشەکە و هەیوانەکەی گەسک دابوو، ئاوپرژێنی کردبوو. کورسییەکەی شێخی خاوێن کردبووەوە. ڕاوێستابوو شانی دابوو بە لاشیپانی دەرکی ماڵی شێخەوە.

شێخ هاتە دەرەوە:

– سۆفی قادر چ باسە؟

سۆفی قادر (بەشێوەیەکی نیوە هەورامی): سەلامەتی و سەرو شێخی. ناشوکری نەبۆ خانەقا چۆڵەن.

شێخ هات لەسەر کورسییەکە دانیشت و چاوی بڕییە دەرگەی حەوشەکە. کوتوپڕ مەلا جەلال بە شان و عەباوە خۆی کرد بە ژووردا، وا دیاربوو دوێنێ ئێوارێ مانگی دیبوو.

شێخ چاوەڕوانی هاتنی خەڵک بوو، بەڵام نەک هی وەکو مەلا جەلال کە جگە لەوە خێری بە ناوچاوەوە نەبوو، ڕەنگ بوو داوای مانگانەش بکات. شێخ کە ئەحواڵ پرسی و خۆشهاتنی مەلا جەلالی کرد، لە بیچمی وا دەرکەوت لە دڵی خۆیدا دەڵێ: کابرا تۆ پێشنوێژی خانەقای، دەبێ لە واریداتی ڕۆژانەی خانەقا پارەت بدرێتێ. خانەقاش ئەم ڕۆژانە چۆڵ و هۆڵە. ئیتر چیت دەوێ، نابێ

نەختێ ئاقڵت ببێ؟

لەم کاتەدا سۆفی نامیق کە چاکی کەوا شۆڕەکەی کردبوو بەلادا و بەنەخوێنەکەی بەسەر دەرپێ سپییە چڵکنەکەیەوە تاقمانەجووتی دەکرد، ئەوەندە بە پەلە خۆی کرد بە ژووردا، لە بیری چوو ئاتەکی کەواکەی داداتەوە. شێخ کە چاوی بە سۆفی نامیق کەوت، تەمومژی ناوچەوانی نەختێ ڕەوی، بانگی کرد:

– سۆفی نامیق بەخێرێی، خێرە شوکر؟

سۆفی نامیق: بەخوا قوروان مەگەر هیمەت پیران فریام کەفێ! خێری چی؟

شێخ هەقی بوو هاتنی سۆفی نامیقی پێ خۆش بێ. مریدێکی بەسۆز و موخلیس بوو، خزمەتی خانەقای زۆر دەکرد، هیچ کاتێ بەدەستی خاڵی نەدەهاتە زیارەت. «هیچ نەبێ دینارێکی هێناوە مەلا جەلالی پێ بێدەنگ کەم.. خۆ ئەگەر هیچیشی نەهێنابێ، دیسان هەر قەیناکا. هاوینە، نوخشە دەرنەهاتووە (دار ئەگەر ساڵێ بەری نەهێنا، ناشێ بیبڕی)».

سۆفی نامیق سەرکەوت، سڵاوی کرد و دەستی شێخی ماچ کرد.

– سۆفی نامیق، بەخێرهاتی. خۆشی شوکر؟

– قوروان خوا خۆشت کا. لە سایەی خواوە و هیمەت و بەرەکەتی شێخەوە.

– ماڵ و منداڵت چۆنن؟

– قوروان، دەستەکانت ماچ دەکەن.. خزمەتکارتن.

– شیناوەردەکەت چۆنە، نوخشە دەرنەهاتووە؟

– ئای قوروان نوخشەی چی؟ خۆزیا هەر نەبوایە. ئەمساڵ پەمگەکەمان هەراش بوو، بە خاووخێزانەوە تێی ورووکاین. چەند مانگ کوێرەوەریمان لە تەکیدا دی، ئەوا ئیسە گشتی بووگە وە هیچ. مەگەر خۆت هیمەتێکم بۆ بفەرمووی، پەنام هاوردگە بەر خانەقا، تا چارم نەکەی نارۆمەوە.

شێخ (بەشێوەی دەمی سۆفی نامیق): سۆفی نامیق، بێژە خوا کەریمە. چی قەوماگە؟

– قوروان، وەکیل زۆراو بەگ هاتگە، دەفتەری هاوردگە، خەمڵەکەی ئەوەندە قورسە گشت پەمگەکەی بەمێ ئینجا رزگارم تێ. ئەوا خۆم خستگە خانەقا. بەخوا ئەشێ هیمەتێکم بۆ بکەی.

– شتی وا چۆن دەبێ؟ ئاخر خەمڵیش رێوشوێن و قاعیدەی خۆی هەیە.

– قوروان شلە و قولەی بەگ کوا گوێ ئەدەنە رێوشوێن و قایدە؟

لەو کاتەدا سۆفی قادر بانگی نیوەڕۆی دا.

شێخ: خاسە، سۆفی نامیق خاسە، ئیسە دەنێرمە لای زۆراو بەگ. مەلا جەلال! تۆش مەڕۆوە.

جەماعەتەکە بکەن. لەگەڵ سۆفی نامیق لە حوجرە دانیشە، لێرە قاوەڵتی بکە.

دوای قاوەڵتی شێخ هاتە دەرەوە: سۆفی نامیق! سۆفی ڕەشیدم ناردە خزمەت زۆراو بەگ. ئیستا دێتەوە. خوا کەریمە.

سۆفی نامیق: ئای خوا بمکا وە سەیەقەت. ئای بم وە قوروانەکەت.

تاوێکی پێ چوو سۆفی ڕەشید هاتەوە.

شێخ: ئادەی سۆفی ڕەشید، زۆراو بەگ گوتی چی؟

سۆفی ڕەشید: قوروان، چووم، فەرمایشتەکەی جەنابتم بە زۆراو بەگ گوت، زۆر سەلامی عەرز دەکردی.

– عەلەیکە سەلام. خوا کاری ڕاست کا. دەی ئیشەکەی سۆفی نامیق بوو بە چی؟

– عەرزت دەکەم (چووە پێشەوە، شتێکی بەگوێچکەی شێخدا سرکاند).

تومەس زۆراو بەگ گوتبووی شێخ ئەوەندە ڕوو نەدا بەو مسکێنانە. ئاخر خۆشی خاوەن موڵکە. ئەمانە ڕوویان بکرێتەوە هیچ بە خۆشی نادەن.

شێخ ڕاوێژی دەمی گۆڕا. گوتی: ئەمانە پیاوی دنیان، هەر لەسەر تەماعی خۆیانن، بیریان بەلای قەبر و قیامەتەوە نییە، تکای ئێمە ناگرن. بچۆ بزانە

بەشکم لە تەک وەکیلەکەیدا ڕێک کەوی.

سۆفی نامیق: قوروان ڕێککەوتنی چی؟ کاورا ئێژی بەرازە. گشت پەمگەکەی گەرەکە.

شێخ: سا بێژین چی؟ زەمانە خراپ بووە. زوڵمەت دنیای داگرتووە. خوا ڕەحم بە ئیمانەکەمان بکا.

سۆفی نامیق: بیم وەقوروانەکەت. خاس ئەفەرموی. ئاخرزەمانە. ئەمە پێنج مانگی ڕەبەقە بە خۆم و بە منداڵەکانمەوە ڕەنج ئەدەین. ئیسە گشت پەمگەکەی گەرەکە. ئەی خوا هەڵی نەگری.

شێخ: بێژین چی سۆفی نامیق، قەزا و قەدەری خوایە.

سۆفی نامیق: یا شێخ ئەمە ئەفەرمووی چی؟ ئیسە من گشت پەمگەکەی بەمێ، ئەمە چییە خەمڵی کردگە؟

شێخ: عیلاج نییە سۆفی نامیق. زەمانەکە خراپ بووە. خوا خراپتر نەدا.

سۆفی نامیق: یا شێخ کە واسە. بێژە «تۆ فەرموو، ئێمە میاو».

مەلا جەلال ویستی سۆفی نامیق تێ بگەیێنێ لە ڕووی شێخدا قسەی وا نەکا، گوتی: سۆفی نامیق، ئەمە مانای چی؟ سۆفی نامیق لەبەر پەرۆش و پەژارەی خۆی تێ نەگەیشت مەلا جەلال مەبەستی چییە، گوتی:

– مامۆستا، زوو فرە زوو، گەنج بووم. ئەوسا گەرمیان و کێوسانمان دەکرد. هاوینان دەڕۆیشتینە سەرشیو سەقز. کاوراێ سەقزی بوو ناوی لالۆ هەواس بوو، ئاشنامان بوو، مامەڵەمان لە تەکیدا دەکرد. ڕۆژێ هاتە وارگەکەمان ڕۆن و خوریی لێمان کڕی. سۆزی ڕۆن و خورییەکەم بۆ بردە سەقز و میوانی بووم. شەو خێزانەکەی سینیی بۆ هاوردین، گۆشتاوی لێ نابوو، نانمان تێ وڵی. کتکەبۆر پەیدا بوو، دەستی کرد بە میاو میاو. خاوەن ماڵەکە پاروویەکی بۆ هاویشت، گورج قۆستییەوە و دیسان: میاو! پاروویەکی تری بۆ هاوێشت، کتکەبۆر ئەمیشی قۆستەوە و دیسان میاو! ئەوەندەی پارووی بۆ هاویشت، وازی لە میاو میاو نەهێنا و نەیهێشت نانەکەمان

بخۆین. لالۆ هەواس سینییەکەی هەڵگرت و نایە بەردەمی کتکەبۆر و گوتی:

– کە واسە، تۆ فەرموو، ئێمە: میاو!

سۆفی نامیق دەستی شێخی ماچ کرد و ڕۆیشت. بەدەم ڕێگەوە دەیگوت.

– هەزار قەزا و قەدەر بێ، پەمگی خۆمی نادەمێ..

مەلا جەلال لای وابوو سۆفی نامیق شتێکی بۆ شێخ هێناوە، بەدەرفەتی زانی و گوتی:

– قوربان! شەکر و چامان نەماوە. مانگانەکەمان پێ کەرەم نافەرمووی؟

شێخ خۆی لە قسەی مەلا جەلالیش گێل کرد و گوتی:

– زۆراو بەگ هەقیەتی. بڕوانە، ئەم خەڵکە دەڵێی شەیتان دەرسی داداون، قسەیان چەند ڕەق و ناخۆش بووە. ئاخرزەمانە، خوا ڕەحم بە ئیمانەکەمان بکات.

## سەرفیترە

حاجی عەلی دەوڵەمەندێکی قورس بوو، بازاڕی ئەوەندە گەرم بوو، نەیدەپرژا سەری خۆی بخورێنێ، کاری بەوە باش بوو کە وەکو بەزاز و چەقاڵ و وردەفرۆش نەبوو، ئەگینا هەر فریا نەدەکەوت. ئێستاش کە بە تا و لینگەبار شتی دەفرۆشت بەتەنیا پێ ڕانەدەگەیشت. میرزاساڵحی خزمی خۆی مانگی بە حەوت دینار و نیو گرتبوو کە دەفتەریشی بۆ بگرێ، هاتوچووی بانکی بۆ بکا، پارەی لای بەقاڵ و بەزازەکانیشی بۆ کۆ کاتەوە.

حاجی هەرچەند سەری زۆر قاڵ بوو، بەلام خوا هەڵناگرێ لەگەڵ ئەوەش سەری بچوایە نوێژی نەدەچوو. ڕۆژووی ڕەمەزانیش ئەوا هیچ. پیاوێکی وریا و عاقڵ بوو، حیسابی دنیا و قیامەتی خۆی باش دەزانی. زۆر چاک لێکی دابووەوە: ڕەمەزان هەم زیارەتە و هەم تیجارەت. خواشی لێ ڕازی دەبێ و ژەمی سی نیوەڕۆش دەگەڕێتەوە. خوا نەکا دوور لە گیانی حاجی، خۆ قسە لەوە نییە پیاو هەر دەبێ ڕووت و نەدار بێ تا دەس پێوە بگرێ. پیاوەکە بازرگان بوو، ئەهلی بازاڕ بوو. بازاڕیش جێگەی دەفتەر و حیسابە. سەرمایە هەرچەندە زۆریش بێ، کە لێکی دەیتەوە هەر فلس فلسە کەوتووەتە سەریەک. هەموو فلسێک لە دەفتەردا جێگەی خۆی هەیە. بۆ ماڵی حاجی بەو مەخاریج و دەرچوونە زۆرەوە، سی نیوە ڕۆژە بە لانی کەمەوە دەیکردە پازدە دینار. ئەمە پارەیەکی کەم نەبوو، کرێی دوو مانگی میرزا ساڵحی لە کۆڵ دەکەوت، یا دەیتوانی پێنج شەش جار بۆ سەودا و مامەڵە پێی بچێتە بەغدا. بەکورتی ڕۆژووی ڕەمەزان لە هەموو بارێکەوە بە قازانج تەواو دەبوو.

حاجی مانگی ڕەمەزانی بەڕێکوپێکی گرتبوو. (تەراویح)ی شەوەکانیش سەرباری. لە مەلای بیستبوو هەر کەس شوکرانەبژێر بێ، خوا بۆی زیاد

دەکا. جا بۆیە هەموو شەوێ بەدەم تەراویحەکەوە ئەوەندەی زمانی هێزی تێدا بوو شوکری خوای دەکرد، خواش لێی قبووڵ کردبوو، ڕۆژ بەڕۆژ بەسەریدا ڕشتبوو.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٨ی ڕەمەزان حاجی لە مزگەوت نوێژی شێوانی بەجەماعەت کرد و بە دەم ڕێگەوە وردە دوعاکانی خوێند. کە گەیشتە ماڵەوە، دەمی لە ئاخرین دوعا بەتاڵ بوو، بیسمیللایەکی کرد و دەستی کرد بە بەربانگ کردنەوە. نۆشی گیانی بێ بەروبووی ڕەنجی شانی خۆیەتی وەکو (سونەتە) لە شیرینەوە پاقلاوەی بە نیوەجواوی قووت دا و ڕیزی لێ گرت سێ چوار شیلەی پاقلاوە بە گەروویەوە لکا و هەناسەی سوار بوو. بەپەرداخێک ماستاو شۆردیەوە و کۆکەیەکیشی بەدوادا کرد. ڕێگە بۆ خواردنی تر بە تەواوی کرایەوە، پەلاماری دەوریی قبووڵیی دا، قبووڵییەکە بە یارمەتیی بامیە و گۆشت، باشتر خۆی کۆ دەکردەوە و بە ڕەحەتی بەناو پەرژینی ڕیش و سمێڵدا خۆی دەکرد بە دەمی حاجیدا و ئاوای ئەودیو دەبوو.

ناو بەناو پەرداخێک ماستاوی دەخواردەوە، (دوور لە حاجی و بەربانگەکە) شفتەیەکیشی دەکردە مەزەی. وەکو وەرزێرێکی لێزان بژارێکی باشی سینییەکەی کرد. دەستێکی بە ڕیشیدا هێنا. ئەلحەمدولیللا، خوایە شوکری تۆ. ڕووی کردە خێزانی:

– ئا خێراکە چایەکم بۆ تێ کە، با فریای جەماعەت و تەراویحەکە بکەوم.

حاجی ژن– هێشتا سەرپۆشی نوێژی شێوانی بەسەرەوە بوو– پیاڵەیەک چای بۆ حاجی هێنا:

– حاجی! ئەرێ سەرفیترەت قەبڵاندووە؟

– یاڕەبی خوا جەزای بەخێرت بداتەوە ئافرەت! چابوو وەبیرت خستمەوە. هاوار بەماڵم! شەیتانی مەلعوون بەهەموو فێڵێک خەریکە ڕەنج بەخەسارمان کا. وەختابوو نوێژ و ڕۆژووەکەمان بە خۆڕایی بچێ. دەڵێی چی با سەرفیترەکە بدەین بە میرزا.

حاجی ژن: میرزا ساڵح پیاوی خۆته. جگە لەوە مەعاشیشی هەیە. لە کوێ سەرفیترەی پێ دەشێ؟

حاجی: قوڕبەسەرە ژنێک و سێ منداڵی هەیە، بۆچی پێی ناشێ. چەند شەو لەمەپێش مەلا لە مزگەوت دەیگوت خێر و حەسەنات بۆ خزم باشە. میرزا ساڵح خزمی خۆشمانە.

حاجی ژن: دەیجا یەک دوو دیناری جێژنانە بدەرێ، هەم خێرە و هەم پیاوەتی. سەرفیترەکەش بدە بە مستەحەقێک.

حاجی: تۆ بەم دەسبڵاوییە لە جێگەی من بوایەی، نە من دەبووم بە حاجی عەلی، نە تۆش بە حاجی ژن. من هەموو کات میرزا ساڵحم لە بیر بووە. چاکەشم لەگەڵ کردووە. دەڵێم ئەمەشی لە زیادی بدەینێ.

حاجی ژن: باشە، وا بکە، من مانیعی خێری تۆ نابم.

حاجی: ڕووی کردە کوڕە گەورەکەی- ئەوڕەحمان ئا ڕاکە، میرزا ساڵح بانگ کە..

میرزا ساڵح هات، بەدەنگێکی نیوەنووساوی خەفەتاوییەوە سڵاوێکی کرد و لای خوارەوە دانیشت.

حاجی کە لەبەر جەماعەتەکەی بەپەلە بوو، لەلایەک ڕووی کردە میرزا ساڵح و گوتی دەمەوێ سەرفیترەکەی ئەمساڵ بدەم بە تۆ، لەلایەکی تریشەوە بانگی کردە حاجی ژن:

- فاتێ، ئا خێراکە، نێزیکەی دوو هۆقە گەنم بێنە.

حاجی ژن: گەنممان نییە. هەر برنج لە ماڵەوە هەیە، برنج دەبێ؟

حاجی: فەرقی چییە؟ ئەویش زەوادە. خێراکە. دوو هۆقە برنج بێنە!

میرزا ساڵح: ناعیلاج نەبوومایە وەرم نەدەگرت. پیاو کە ناچار بوو خێر و سەدەقەش قبووڵ دەکا!

حاجی: دوور لە تۆ، میرزا، تۆ خوێندەواری، شتی وا مەڵێ. عیلاجی چی؟ ساغ و سەلیمی، مانگی حەوت دینار و نیو مەعاشتە. شوکری خوا بکە.

برنجیان هێنا. حاجی میرزاساڵحی بانگ کردە پێشەوە:

– ئەوا ئەو برنجەم دا بە تۆ لە سەرفیترەی ئەمساڵدا کە خوا لەسەر منی فەرز کردووە. میرزا ساڵح گوتی: ئەوا قبووڵم کرد و دامەوە بەخۆت بە قەرز. برنجەکە حەوت جار لە سەرفیترەی حاجی و حاجی ژن و سێ کوڕەکە و دوو کچەکەیان لە بەینی حاجی و میرزادا دەستاودەستی کرد.

حاجی هەستا بڕوا بۆ جەماعەت، بەسەر پێوە گوتی:

سەرفیترە بە زیادەوەی دانێی باشترە. بۆ میرزا ساڵحیش بەزایە ناچێ. دای دەنێین هەر سەرەی بەڕوبعێک، دەکاتە دوو دینار چارەکێ کەم. حاجی چوو بۆ جەماعەت. میرزا ساڵح خەریک بوو بڕوا. حاجی ژن بەزۆر گێڕایەوە و چایەکی بۆ تێ کرد. حاجی ژن ئەحواڵی منداڵەکانی میرزا ساڵحی دەپرسی. میرزا ساڵح شاش و واش وەڵامی حاجی ژنی دەداوە. زیاتر بیری لە پارەی سەرفیترەکە دەکردەوە: چۆنی خەرج کات بەشی کاسەجێژنەش بکا و جێژنانەیەکیش بۆ ژنەکەی و منداڵەکانی بکڕێ. چایەکەی خواردەوە، ماڵاوایی کرد و ڕۆیشت.

بەیانی میرزا ساڵح وەکو هەموو خەڵکی بازاڕ دەڵێن (محەلەکەی) کردەوە. گەسکی دا و دەفتەر و شتی خۆی ئامادە کرد و دانیشت. تاوێکی پێ چوو، حاجی پەیدا بوو.

حاجی: میرزا، تا زووە و سەرمان قاڵ نەبووە، دەست دەرە قەڵەمەکەت با حیسابی خۆمان بکەین.

میرزا: حیسابی چی؟

-- چۆن حیسابی چی؟ تۆ دوو دینار چارەکێ کەمت لای من هەیە.

– باشە، ئیتر ئەمە حیسابی دەوێ؟

– تۆ دەڵێی ئەمڕۆ هاتوویتە بازاڕ. چۆن حیسابی ناوێ؟ هەموو شتێک حیسابی دەوێ. برامان برایی، کیسەمان جیایی.

میرزا: باشە، دەی فەرموو. ئەمە قەڵەم و کاغەز.

حاجی: بنووسە دوو دینار چارەکێ کەم.

میرزا: ئەوا نووسیم.

حاجی: دەی من چیم لای تۆ هەیە؟

میرزا: وەڵڵا نازانم. لە بیرم نییە تۆ هیچت بەلای منەوە بێ.

حاجی: تۆ لە بیرت نییە، من لە بیرمە. زستانێ قۆندەرەکانت دڕابوو، دووکانەکەت پیس دەکرد، جووتێ قۆندەرەم دایەی. قەیناکا، با لەبەر تۆ بە دینارێکی دانێین. بنووسە دینارێک.

میرزا: بۆچی بە چەندت کڕیبوو، وا بە کۆنییش بە دینارێکی لەسەر من حیساب دەکەی؟

حاجی: کاکی خۆم تۆ ئەهلی بازاڕی. لە بازاڕ قسە لەوە نییە بەچەندە کڕاوە، قسە لە نرخی ڕۆژە. کۆنی چی و شتی چی! تاقە زستانێک لە پێم کردبوو. هێشتا تازە و نوێ بوو.

میرزا: دە باشە، ئەوا نووسیم دینارێک.

حاجی: ئەو ڕۆژە حاجی فەتحوڵڵای پێنجوێنی سندووقە چاکەی لێ کڕین، چارەکێ چای نموونەت ڕشت. ئەویش سێ سەد فلس.

میرزا: چارەکە چایەکم کۆ کردەوە و کردمە سندووقێکی.

حاجی: کۆکردنەوەی چی؟ نەختێکت کۆ کردەوە. ئەوەکەی تری تێکەڵ خاک و خۆڵ بوو، گەسکت لێ دا. قەیناکە بنووسە دوو سەد فلس.

میرزا: دەی باشە، ئەمە دینارێک و دوو سەد فلس.

حاجی: تەختەی دوو سندووقە قۆندەرەت بردەوە کورسیی پێ دروست کەی. ئەویش یەکی نیو دینار. بنووسە دینارێک.

میرزا: تۆ دەڵێی بە نرخی ڕۆژ. ئێستا تەختەی سندووقە قۆندەرە چەندە دەکات؟

حاجی: ئەوسا زستان بوو زیاتریشی دەکرد. باشە بە نرخی ئەمڕۆکەی

دادەنێین. بنووسە هەشت سەد فلس. ئەمە بووە دوو دیناری تەواو.

میرزا: بەڵێ تەواوە.

حاجی: تۆ دینارێک و حەوت سەد و پەنجا فلس پارەی سەرفیترەت لای من هەیە، ئەوە لە دوو دینارەکە دەرکە. تۆ ڕوبعێکت دەکەوێتە سەر. ئەویش جێژنانەی ئەم جێژنەت بێ. ئیتر بێ حیساب.

میرزا (بەزەردەخەنەیەکەوە): جا بۆچی بەو ڕوبعە دینارە سەرفیترەی ساڵێکی ترم لێ سەلەم ناکەی؟

حاجی: حیسابی ساڵێکی تر وەختی خۆی دەکەین. ئێستا چۆن بێ جێژنانە و بەدەستی بەتاڵ دێڵم لە مەحەل دەرکەوی؟

## کەشکۆڵی جادوویی

وەیسە و ناسکۆڵ تاقانەی دایک و باوکی خۆیان بوون و، بە نازداری پەروەردە کرابوون. یارە و پیرۆتی باوکیان، برایەتییان خۆش بوو. چەندیهانی چەند ساڵ بوو دڵی یەکتریان نەیەشاندبوو، لەسەر ماڵ مابوونەوە و بە برابەشی رایان دەبوارد. ڕان و پاتاڵیان بوو. لە زەویوزاری فەرەیدوون بەگدا دەیانلەوەڕاند و بژێویی خۆیان پەیدا دەکرد. هەرچەند دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام سەبارەت بەوە کە هێدی و هێمن و بێ وەی بوون، خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویستن.

وەیسە و ناسکۆڵ کە جووتە منداڵی ماڵ بوون، هۆگری یەکتر بوون و لەیەک جیادەبوونەوە. بەیەکەوە دەچوونە مەزرا بۆ لای باوکیان و بەیەکەوە دەهاتنەوە ماڵ بۆ لای دایکیان. بەیەکەوە لەگەڵ بەرخۆلەکان یارییان دەکرد.

ساڵ و مانگ بەدوای یەکدا تێ دەپەڕین و وەیسە و ناسکۆڵیش بەخۆدا دەهاتن و گەورە دەبوون. تا گەورەتر دەبوون خۆشەویستییان پتەوتر و هاواڵەتییان گەرمتر دەبوو.

ڕۆژێ لە ڕۆژان یارە و پیرۆت بەیەکەوە دانیشتبوون باسی حاڵ و باڵی خۆیان دەکرد. یارەی باوکی وەیسە نە بە پیرۆتی گوت: ئێمە چەند ساڵە برایەتیی خۆمان ڕاگرتووە و بەتەبایی و سەر و دڵ خۆشی ڕامان بواردووە. ئێستاش با کارێکی وا بکەین منداڵەکانیشمان وەکو خۆمان بن و لەیەک جیا نەبنەوە. خۆت دەزانی لە منداڵییەوە بەیەکەوە گەورە بوون و زۆر هۆگری یەکترن.

پیرۆت گوتی: یارە، من هەرگیز نابمە درکی مەم و زین و ئۆباڵی وەیسە و ناسکۆڵ ناهێنمە ئەستۆی خۆم. برالە، منیش دەزانم پاروو لە دەم بکەوێتە

خوارێ بۆ کۆش باشە. ئێمە کە براین، دیارە کچی منیش بۆ کوڕی تۆ چاکە. بەبێ ئەوەی تۆ بڵێی من خۆم ئەمەم هەر لە دڵدا بوو.

شەوێک مەلای ئاوایی و دوو سێ کەس لە دەرودراوسێی خۆیان بانگ کرد و ناسکۆڵیان لە وەیسە مارە بڕی. مەلا بە چاکەی یارە و پیرۆتدا هاتە خوارێ و زۆری بە وەیسە و ناسکۆڵدا هەڵگوت و دوعای خێر و پیرۆزباییی ئەو کارە چاکەی کرد. یارە بە هێواشێک دەستی بۆ لای مەلا درێژ کرد و دوو دیناری مارەبڕانە دا بە مامۆستا. مەلا سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە پیرۆزبایی و دوعای خێر و پاشان هەڵستان و ڕۆیشتن.

وەیسە و ناسکۆڵ ئیتر لە دوو منداڵی ماڵ و دوو هاوڵی خۆشەویستەوە بوونە دەزگیرانی یەکتر و شەرمیان دەکرد و وەک جاران بەیەکەوە نەدەگەڕان. بەڵام تا دەهات عەشق و ئەوین لە دڵیاندا زیاتر تین و تاوی دەساند.

پایز کە خوری و ڕۆن و شەک و کاوڕیان فرۆشت، کەوتنە سەروکاری زەماوەندی ناسکۆڵ و وەیسە. جگە لە خەڵکی ئاوایی لە کەسوکاری خۆشیان گێڕاوە و سێ ڕۆژ شاییان کرد و بەتەقەی دەهۆڵ و زوڕنا داوەتیان گێڕا، کچ و کوڕ و ژن و پیاوی ئاوایی بە چەپی و ڕۆینە و سوێسکەیی و شێخانی هەڵدەپەڕین. یارە دەستپێشکەریی خۆی کرد نەیهێشت گزیر بێتە سەری دە دیناری سوورانە بۆ فەرەیدوون بەگ برد و دوو دیناریشی شیرینی دا بە کوێخا و کاوڕێکیشی پێشکێشی ئاغا ژن کرد.

دوو سێ ساڵێک بەسەر زەماوەندی وەیسە و ناسکۆڵدا ڕابوورد. ساڵێک دەرد کەوتە ناو ڕانەکەیان و بەرودوای کوشت. چەند سەرێکیشی کە لە چنگ دەرد ڕزگاری بوو، ناچار فرۆشتیان و دایان بە نان و ئیتر بە یەکجاری پەکیان کەوت. دەبوو بە ڕەنجبەری و سەپانیی خەڵک بژێویی خۆیان پەیدا کەن، وەک جاران دەستیان نەدەڕۆیشت بێگارانە بدەن، ناچار بوون خۆیان بچنە بێگاری ئاغا.

جارێک گزیر هات و دەنگی دان بۆ بێگار. پیرۆت گوتی: من دەچم. یارە

نەیهێشت و گوتی: تۆ لە من پیرتری و برا گەورەی، تا من ماوم ناهێڵم لەگەڵ منداڵ و مەزندا بچی بۆ بێگار. وەیسەش ڕەنجبەری خەڵکە، من خۆم دەچم. یارە نان و شەکر و چا و قۆری و پیاڵەی خستە تۆشەبەرەیەکەوە و کڵاشەکانی کردە پێی و دەستی دا داس و کەوتە دوای گزیر. کاتێ گەیشتە ناو بێگارچییەکان و دیتنی هەموو هەرزەکار و کوڕوکاڵن و کەسی لە تەمەنی ئەویان تێدا نییە، زۆر بەزەیی بەخۆیاندا هات و لە دڵی خۆیدا وتوویرەی ئەوەی دەکرد: کە ئەگەر نەهاتی سواری شانیان نەبوایە و هەژار نەکەوتنایە، یان بێگارانەیان دەدا، یا دەیتوانی وەیسە بنێرێ. هەرچۆنێک بوو کەوتنە بەندەن و ڕوویان کردە کەماجاڕی فەرەیدوون بەگ.

کەماجاڕەکە بە هەورازێکی زۆر سەخت و کووڕ و تەڵانێکی ڕژد و بەردەڵانەوە بوو. لای خواروویشیان هەڵدێر و زەرد و ماهـ بوو. بەریان لە کەماکەندن گرت. یارە کەوتبووە لای ڕەوەزە بەردێکەوە و جگە لە ماندوویی و شەکەتی وتوویرەش زۆری بۆ دەهێنا و دڵتەنگی دەکرد. کوڕوکاڵ دەنگی یەکتریان دەدا وەک گرەوەکاری دەیانویست لە یەکتر پێش کەون. یارەی هەژار و پیر و بێهێز بوو، لەگەڵیان دەرنەدەچوو. لەلایەکیشەوە لەوە دەترسا کە سەرکارەکەیان قسەیەکی سووکی پێ بڵێ، ناچار ئەویش کەوتبووە پەلە و تەکانی دەدا. چاویشی کز و پرووش بوو، باش ڕێی بەدی نەکرد. لە نەکاو لە ڕەوەزە بەردەکە قاچی خلیسکا و هەڵدێرا. کاتێک چوونە سەری بێ هۆش کەوتبوو. ئێوارە بە دارەتەرم بردیانەوە ماڵەوە. یارەی بەدبەخت پشتی شکابوو.

چەند ڕۆژێک بە ئێش و ئازارەوە ژیا و مرد. خەڵکی ئاوایی و سەرەخۆشیکەری دێهاتی دەوروبەر، سەریان تێ کردن. (شین و شایی دەستەوایە). ئەمڕۆ لەمانە، سبەینێش لەوان. دەبێ پیاو بە تەنگ خزم و هاوماڵەوە بێ.

چەک و پووشێکی بووشیان لە پرسەدا ڕۆیشت. ئەمجار پیرۆتیش هەرچەند وەیسە تەقەلای دەدا نەهێڵێ کار بکا، کەڵکی نەدەگرت و بەو پیرییەوە تەکانی

لە خۆی دەدا و ئیشی دەکرد، تا ئەویش لە خەم و خەفەتی براکەی و بێ خۆراکی و کەم حەسانەوەیی، ئاخری نەخۆش کەوت و چەند ڕۆژێک لەسەر جێگە بوو، ئەوەندەی (خێر و سەدەقە)یان بۆ بەخشییەوە، نووشتە و دوعایان بۆ کرد سوودی نەدا و لە دنیا دەرچوو.

وەیسە بە تاقی تەنیا مایەوە. دەبوو ئەرکی ئاغاش بگرێتە ئەستۆی و ناسکۆڵ و دایکی و خەسووشی بەخێو کا. ئەم قوڕبەسەرە هەر کردەی ئەو بوو و بردەی شەیتان. تا نانی پەیدا دەکرد، شەکر و چا نەبوو. تا چەوری و بەرەچێشتی دەست دەخست، جلوبەرگ نەبوو. سەری لێ شێوا. خۆشی نەیدەزانی چ بکا.. ئەمانەش گشتی لەوێ بوەستێ. هەر تاو نا تاوێکیش دەنگیان دەدا بۆ بێگار و هەرەوەز. وەیسە بۆ ئەوەی لە بێگار تەرخان بێ، قەدپاڵێکی خوایی لە فەرەیدوون بەگ مەختە گرت کە بنێشتی لێ بکات.

ڕۆژانە بەو لێڕەوار و نزارە چڕوپڕەدا دەگەڕا و دارەبەنی دەدۆزییەوە، لەلەی دەکردن و کۆچەڵەی بە بەرەوە دەنان بۆ بنێشت. دارستانەکە هێجگار پڕ بوو. هەردەم مەترسیی ورچ و پڵینگ و دڕندەی تری لێ دەکرا. یەکێکی وەک وەیسە بێ بژێو و داماو نەبوایە کەمتر دەیوێرا ڕووی تێ کا. دارەبەنەکان ئەستێور بوون و بنێشتێکی زۆریان دەردەدا. وەیسە کە دەیدی کۆچەڵەکان زوو پڕ دەبن، هەروا زۆر دڵی خۆش بووبوو. هیوایەکی باشی بە بەروبووی کارەکەی پەیدا کردبوو.

ڕۆژێک ئیش و کاری خۆی خێرا تەواو کرد. بە ئارەزوو بە لێڕەوارەکەدا دەگەڕا، بە نیازی ئەوە بەڵکو کانیی ئاوێک بدۆزێتەوە لە کوندەئاو گێڕان ڕزگاری بێ. بە کەژەکەدا فرە هەڵگەڕا و تەواو لە ڕێباز و ئاوەدانی دوور کەوتبووەوە. نزار لەوێ زۆر پڕ و داری تەنبووئەستوور و کۆنەساڵی فرە بوو. لە شیوەڵێکدا پنگەل و زەل و قەرەم دیاری دا. بەردا و بەرد بنداره و بندار بۆی چوو تا گەیشتە پێشەوە. تەماشای کرد ئاوێکی کەمە لە سەرەوە دێتە خوارێ. زانی کە دوور یا نزیک کوێرەکانییەک لەو ناوەدا هەیە. بەرەو ژوور هەڵکشا تا گەیشتە بن داربەڕوویەکی زۆر ئەستوور و کۆنەساڵ کە بە لک و

پۆپی خـۆی سـێـبـەری لە مـەودایەکی هەراو کـردبـوو. ڕابواردنی سـاڵانی زۆر شــوێنیــان کــردبووە دڵی پیــرەدار و کلـۆرێکی گــەورەی تـێ کــەوتبــوو. لـەبن داربەڕووەکە کانییەکی بچووکی لێ بوو، بەڵام تا بڵێی ئاوەکەی ڕوون و سارد بوو. لێی دانیـشت و نـەختـێ بەری کـانیــەکـەی خـاوێن کـردەوە و دەست و دەمـوچاوی شـوشت و دوو سێ مـستی ئـاو خواردەوە و لە حـاسـتی خـۆی پاڵی دا بە بەردێکەوە، تۆزێ بحـەسـێتـەوە. کە سـەری هەڵبڕی تەمـاشـای کـرد ئەوا سـیـپـاڵێک و هێندێ کـەلوپەل لە بـەرامبـەریەوە لـەناو کلۆری دارەکـەدا دیارە. گوتی: ڕەنگە ئەوانەش هینـی چارەڕەشـێکی وەک من بن، وا چاکە چاوەڕوانی بکـەم تا دێتــەوە. هـەر بـاشــە لەم نزارە بەســامــەدا هـاواڵێکم بۆ پەیدا بووە. مــاوەیەک چـاوەڕوانی کـرد لە لابەلای دارەکـانـەوە کـابرایەکی ڕیش سـپـیـی ناوچاوان پاک دیاری دا، وردە وردە هـاتە پێشـەوە. وەیسـە لە بـەری هەسـتـا و سـڵاوی لێ کرد. ئەویش زۆر بەڕووخۆشییەوە وەڵامی دایەوە و چاک و خۆشیی لەگەڵ کـرد. وەیسـە پرسـیی: مـامـە گیـان! ناوت چییـە؟ مـامـەی پیـرە گوتی: ئینسان.

وەیسە ئەم ناوەی بەلاوە سـەمەرە بوو. ئیتر نەیویست لێی بپرسێ کێیە و چ کارەیە و بۆ چ لەوێیە. بە دەرفـەتی زانی و لە دڵی خۆیدا گوتی هـەرچییـەک بێ یا پیـاوچاکـە یان بەلانی کـەمـەوە دنیـا دیتـووە و بەرژەوەندیی زۆرە. وا باشــە چارەڕەشیی خۆمی بۆ بگێڕمەوە و تەگبیرێکی پێ بکەم.

کە باسی شـپرزەیی خۆی بۆ کرد، لالۆی پیرە بەزەیی پێدا هات و بزەیەکی هـاتێ و گــوتی: هـەروا نابێ، بەڵام درەنگ و زوویی کــەوتووە. بە هـەر جــۆر من دوو کـەشکۆڵم هـەیە بەشیـان دەکەین، یەکیـان بۆ من و ئەوی تریشیـان بۆ تۆ. وەیسـە زۆری سـوپاس کرد و لە دڵی خۆیدا گـوتی ئەمیش هەر باشــە کـەڵکی شـتێک دەگرێ. کە لالۆی پیرە کەشکۆڵەکەی لە کەلوپەلەکەی دەرهێنا و دایە دەستی، تەماشـای کرد شتێکی زۆر جوانە و باش نەخشـاوە و کەندەکارییەکی نایـابی لێ کـراوە. دەرخــۆنەیەکی کـپی بەســەرەوەیە ئەگــەر شــتی تێ کـرێ تەپوتۆزی لێ نانیشێ. ئەمجار بە خـەیاڵ شتی بۆ دەدۆزییەوە تێی کا . ئاخری

گوتی بۆ شەکر و چا باشە.

کەشکۆڵی وەرگرت و گەلێک سوپاس وماڵئاواییی لالۆی پیرەی کرد و گەڕایەوە. کە لێی ورد بووەوە وەک شتێکی لێ نووسرابێ وابوو، بەلام نەیدەزانی بیخوێنێتەوە. بەینێک ڕۆیشت، برسیی بوو، گوتی خۆزگە ئەو کەشکۆڵە ئێستە نان و پێخۆرێکی تێدا بوایە. بەدەم ڕێوە یاریی بە کەشکۆڵەکە دەکرد و سەری لابرد بزانێ چۆنە، کە تەماشای کرد نان و پەنیرێکی باشی تێدایە. تاوێک سەرسام ما و گوتی: تۆ بڵێی ئەمە وەک هەمانەبۆر نەبێ یا کەشکۆڵێکی جادوویی بێ هەرچی پیاو ئارەزوو بکا تێیدا بێ؟ نان و پەنیرەکەی خوارد و گوتی: خۆزگە پڕ بوایە لە ئاوی سارد. کە دەرخۆنەکەی لابرد پڕ بوو لە ئاوی سارد. تێریشی ئاو خواردەوە. ئەمجار وتی خۆزگە سێ چوار پیاڵە چاشی تێدا بوایە. دیسان کە دەرخۆنەکەی لابرد چاشی تێدا بوو.

وەیسە لە خۆشییان هەر ئەوەندە بوو باڵی نەدەگرتەوە. وتی: ئیتر دەحەسێمەوە. ئیتر ناسکۆڵ و دایکم و خەسووم برسیایەتی ناکێشن. ئیتر گرانی و هەرزانی نازانم. ئیتر لە نانی گاڵ و پووە[1] خواردن ڕزگارمان دەبێ. بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ. تا زووتر خێزانەکەی تێر کا و تامەزرۆییان بشکێنێ. لە خۆشییان و پەلەپەلییان ئاگای لە دەوەن و پنچک و بەرد و دار و دڕک و داڵ نەبوو هەروا سەر دەپەڕی. هێندێ جار گۆرانیی دەگوت. هێندێ جاریش لە کەشکۆڵەکە ورد دەبووەوە و قاقا پێ دەکەنی. هەردوو هەنگاوی دەکردە هەنگاوێک و خێرا دەهات تا لە دێ نێزیک بووەوە.

قەلای فەرەیدوون بەگ لە ژوور ئاواییەوە بە جێگەیەکی بەرزەوە بوو. پەنجەرەکانی دیوەخانەکەی دەیانڕوانییە هەموو ئاوایی و ماڵ بە ماڵی لێوە دیار بوو. فەرەیدوون بەگ هەموو کات لە سەرووی دیوەخانەکە لە

---

(١) بەڕوو دەهاڕن و لەگەڵ ئاردی جۆ تێکەڵی دەکەن و دەیکەنە نان و پێی دەڵێن (نانی پووە). خەڵکی هەورامان لەبەر نەداری و پەرێشانی پتریان ئەوە دەخۆن.

بەرپەنجەرەیەک دادەنیشت و سەرنجی خەڵکی ئاوایی و کار و کردەوەیانی دەدا.

وەیسە گەیشتە قەراخ ئاوایی و فەرەیدوون بەگ چاوی پێ کەوت. لە خێرا ڕۆیشتنی وەیسە و لە زوو هاتنەوەی هەستی بێدار بوو. هەنگاو بەهەنگاو بەر سەرنجی دا. کە نێزیکتر بووەوە تەماشای کرد لە خۆشییان دەموچاوی پێ دەکەنێ و شتێکیشی توند گرتووەتە بن باخەڵی. فەرەیدوون بەگ گوتی: ببێ و نەبێ ئەم خۆشییەی وەیسە سەبارەت بەو شتەیە لەبن باخەڵیدایە. کە لە دیوەخان نزیک بووەوە، فەرەیدوون بەگ بانگی کرد: ئا وەیسە وەرە ئێرە. وەیسە لە ترسان نەیوێرا وەڵامی نەداتەوە. ناچار چووە دیوەخانە. فەرەیدوون بەگ وتی: ئەوە چییە بەبن باخەڵتەوە؟ وەیسە گوتی: هیچ نییە، کەشکۆڵێکی دەروێشییە. فەرەیدوون بەگ کەشکۆڵی لێ وەرگرت و تەماشای کرد نەخش و نیگارێکی سەیری لێ کرابوو. کە سەرنجی ئەولاکەی دا بەخەتێکی جوان لێی نووسرابوو (کشتوکاڵ). تێ گەیشت کە چەندە هێژا و بەنرخە. گوتی: ئەمە بۆ من چاکە. تۆ کابرایەکی وەرزێر و بۆرەپیاوێکی بێ سەروپێی، شایانی تۆ نییە. ئەوەندەی وەیسە پاڕاوە و لالاوە سوودی نەبوو، بە پاڵەپەستۆ کردیانە دەرەوە. فەرەیدوون بەگ ئیتر خەو و خواردنی لێ هەڵگیرا، هەرگاف خەریکی کەشکۆڵی تاین بوو، ئەوەندەی خەڵە و چەڵتووک و تووتن و پەمۆ و نیسک و نۆک و دانەوێڵەی تر لێ پەیدا کردبوو ماڵەکەی وەک هەڕاجە بازاڕ هەردەم پڕ بوو لە بازرگان و چەرچی. دارایی و سامانێکی زۆر و زەوەندی پێکەوە نا و قەڵاکەی لەبەر کارەکەر و خزمەتکاری زۆر و زڕەزڕی ڕادیۆ و بریسکەبریسکی کارەبا و وڕەوڕی ترۆمبێل و چزوهووڕی چێشتخانە و زرینگەزرینگی بوتڵ و پێک هەر دەتگوت کابارەی شارە گەورەکانە.

وەیسەی چارەڕەش لە تاوی کەشکۆڵەکەی ئاگای لە بنێشتکردن بڕا و بنداره و بندار بەدوای لالۆی پیرەدا دەگەڕا.

سەرکانییەکەی کردبووە وارگەی بەیانی و ئێوارێ، بەڵام بۆ نەگبەتی بەهیچ جۆرێک ئاسەوارێکی لە لالۆی پیرە بەدی نەکرد. ماوەیەکی زۆری بەم

چاوەڕوانییەوە ڕابوارد، هیچ سوودی نەبوو. ئەمجار بیرێکی لە حاڵی خۆی کردەوە و گوتی: من تازە خەریکی چیم، پاش ئەوەی نەمفامی و کەشکۆڵەکەم لە کیس خۆم دا، لە بنێشتکردنەکە بۆ واز بێنم. ئەدی دوو ڕۆژی تر خێزانەکەم بەچی بەخێو کەم، پارەی مەختەکەی بەگ چۆن بدەم؟

وەیسە کە لەسەر کانییەکە ئەم بیرانەی دەکردەوە، تۆزێک هۆشی هاتەوە بەر و دەموچاوی شۆرد و نەختێ ئاوی خواردەوە و بەداخێکەوە سەرنجێکی جێگەی لالۆی پیرەی دا چۆڵ و هۆڵ بوو. هەستا و بە هەناسەساردی گەڕایەوە سەر ئیش و کارەکەی، بنێشتی کۆ کردەوە و کردیە مەشقاڵە و بردیە شار فرۆشتی. کە پارەکەی وەرگرت و لێکی دایەوە، هەر ئەوەندە بوو لە جیاتیی مەختە بیدا بە فەرەیدوون بەگ، لە تاوان ئەژنۆی شکا و گوتی: ئەو زستانە خێزانەکەم لە برسان دەمرن. پارەکەی نا باخەڵ و بە شپرزەیی لە شار دەرکەوت. لە قەراخ شار خانوویەکی گەورەی تازە دروست دەکرا. وەیسە لە دیاری وێستا و سەیری کرێکار و وەستا و ئیشەکەیانی دەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەگەر بمگرن بە کرێکار ماوەیەک ئیش دەکەم و شتێک بۆ خێزانەکەم کۆ دەکەمەوە. وەیسە لەم بیرەدا بوو کە کابرای وەستا چاوی پێ کەوت و بەناو بانگی کرد: وەیسە وەرە بۆ ئێرە. وەیسە سەری سووڕما و چووە پێشەوە. وەستا گوتی: وەیسە، ئەوە نامناسییەوە؟ وەیسە گوتی: نە بەخوا، جا من تۆم لە کوێ دیوە تا بتناسمەوە؟ وەستا گوتی: من ئەو کابرایەم کەشکۆڵەکەم دایەی. وەیسە ڕای کردە پێشەوە و دەستی کردە ملی و گوتی: تۆ ئەو وەختە لە نزار بووی و ئێستا لە شاری و بەننایەتی دەکەی. ئەمە لە کوێ بەبیری مندا دەهات؟ وەستا گوتی: ئاخر وەیسە، بەرخ هەردەم لەژێر سەوەتەدا نابێ، ئینسان بەرەو پێش دەچێ. ئێستا حاڵت چۆنە؟

وەیسە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاوە و زۆری داد و بێداد کرد لە دەست فەرەیدوون بەگ. وەستا کە جوان بووبووەوە و وەک کوڕێکی قیت و قۆز دەهات و دەچوو، گوتی: وەیسە، خەمت نەبێ. کەشکۆڵەکەی کەشم بۆ هەڵگرتووی. لێرە بوەستە تا دێمەوە.

لالۆی ئینسـان تاوێکی پێ چوو هاتەوە کەشکۆڵەکەی دا دەست وەیسە. وەیسە وەری گرت و زۆری ماڵاوایی لێ کرد و بەدڵخۆشییەوە کەوتە ڕێ. ماوەیەک ڕۆیشت، لە ڕێگە ویستی تاقیی کاتەوە. هەرچەند نیازی لێ گرت و تەقەلای دا دەرخۆنەکەی بۆ نەکرایەوە. ئیتر خۆی پێوە خەریک نەکرد و لە خۆشییان کارەساتی پێشووی لە بیر چووەوە، بەپەلە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

گەیشتەوە ئاوایی. سەرلەنوێ فەرەیدوون بەگ چاوی پێ کەوت و بانگی کرد. کە چووە دیوەخان گورج ئەم کەشکۆڵەشی لێ ساند. هێشتا وەیسە لەوێ وێستابوو کە فەرەیدوون بەگ وەک تەلیسمێکی بەناوی ئەوەوە بێت دەستی دا دەرخۆنەی کەشکۆڵەکە و بۆی لابرا. بەڵام دەسبەجێ دوو مستی قورس و قایم لە کەشکۆڵ هاتنە دەرێ و ڕاست و چەپیان لە سەری فەرەیدوون بەگ گرت و لە لاجانگیان دەسرەواند. هەروا پشوویەکی پێ نەچوو هێندەیان بە سەریدا کێشا نزیک بوو مێشکی بە کونە لووتیدا بێتە خوارەوە. فەرەیدوون بەگ خۆی پێ ڕانەگیرا و لە تاواندا هاواری کردە وەیسە: کوڕە وەیسە فریام کەوە، وەیسە تۆ کوڕ و برامی، من کردم تۆ نەیکەی. جارێکە و ئەمجار، ئەمان وەیسە! دەخیل وەیسە!

وەیسە ئاهێکی هاتەوە بەر. بە کەشکۆڵی تاین پشت ئەستوور بوو، گوتی: ئاغام بفەرموو کەشکۆڵەکەی ترم بۆ بێننەوە جا ڕزگارت دەکەم.

فەرەیدوون بەگ بانگی کرد: کێ لەوێیە؟ ئا ڕاکەن کەشکۆڵەکەی بۆ بێننەوە، خێرا کەن، گیانم دەرچوو، کەللەی سەرم ورد و خاش بوو. کوڕە وەیسە، من ماڵی دنیام بۆ چییە؟ گیانیشم هیی تۆیە! خزمەتکارێک هاتە ژوورێ و کەشکۆڵەکەی پێشووی هێنا و دایەوە دەست وەیسە. کە وەیسە کەشکۆڵەکەی وەرگرت، مستەکان لە جێگەی خۆیان وێستان و لە تێ سرەواندنی سەروگوێلاکی فەرەیدوون بەگ بوونەوە. فەرەیدوون بەگ بستێ زمانی دەرکێشابوو، چاوی بە مۆڵەق ویستابوو، زرینگەزرینگ لە سەریەوە دەهات. سەرنجێکی کەشکۆڵەکەی دا بزانێ چ جادوویەکی تێدایە وا ئەم کارەساتەی پێ کرد، کە تۆزێ لێی خێس بووەوە، لێی نووسرابوو: «زەوی بۆ وەرزێر و

مەرگ بۆ دەرەبەگ»، ئیتر لە تاواندا وەک مار پێوەی دا کەشکۆڵی بۆ وەیسە فڕێ دا و ڕای کرد، ئەو ڕۆینەی ڕۆیشت نەگەڕایەوە. ئیتر جارێکی تر کشتوکاڵ لە وەرزێر و بۆرەپیاو داگیر نەکرا و هەرکەس ڕەنجی شانی خۆی هیی خۆی بوو. ئەگەر کەسێک بیویستایە زۆرداری بکا و دەس ڕەنجی خەڵک داگیر کا مستەکان لای چەناگەی ئەوێستان و دەستیان دەکردەوە بە تێ سرەواندنی.

وەیسەش بە تێروتەسەلی ڕای بوارد و لە نانی گاڵ و پووە ڕزگاری بوو.

## شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ

ســاڵێک لـە ســاڵان دێوی قــاتوقــڕی و گــرانی باڵی ڕەشی بەســەر ناوچەی (ژاوەرۆ)دا کێشا، ڕەهێڵەی پەرێشانی و پەشێوی و شپرزەیی دای کرد. وەرزێر لە کشتوکاڵی بەهاری و لە ڕەپستە و ئاوەنیای پایزە، مافنگی و ڕەنجەڕۆ مایەوە، هەژار و نەدار و کز و کەنەفت کەوت و ژیانی تاڵ و ئاڵۆز بوو. سەرەڕای ئەمانەش ئەوەندەیان بردبووە گەل و هەرەوەز وەک قسەقوتان دەڵێن «لە چوار پەلا گوێچکەی ساغ بوو». زگی برسی و پشتی بریندار و شان و شەپیلکی تێک شکابوو. کۆڵکێشانی زۆر و زەوەند هێز و توانای پێ نەهێشتبوو، برسییایەتی و بێ بژێوی ڕست و دەرەتانی لێ بڕیبوو.

وەرزێر ئەوەندەی ســەرنجی دا و بیــری کــردەوە و ســەری هێنا و برد، نەیتوانی ڕێگەی ڕزگاری و چاری چارەڕەشیی خۆی بەدی بکا. لەلایەکەوە بێگار مەودای نەدەدا بەرژەوەندێک لە حاڵی خۆی بکات و لەلایەکی تریشەوە ناشارەزایی و نەزانی ڕۆژی ڕووناکی لێ کردبووە شەوەزەنگ.

بێ بارانی و وشکەساڵ و خەلە گران بوو. بێ کاری بوو. ئیش لە حاند ڕەنجبەر و ئیشکەران چووبووە پشتی شێران. ئەوەی لەو ناوەدا فرە و فراوان و کەم نرخ و هەرزان بوو، تەنیا تەرم و جەندەکی هەژاران و فڕین و پەڕەوازە و ئاوەکیبوونی گیانی وەرزێران بوو، ئاژاوە و پەشێوی بوو لەناو لەشاندا. گیانی سەربەهەش توانای مانەوەی ناو جەندەکانیان نەمابوو، ناچار هەڵوەدا دەبوون و ڕایان دەکرد بە ئاسماندا.

هەباسی وەرزێر پێش گیان لێ تۆران چشی کرد لە خاووخێزان و سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت. بەدارەدارە و لارەلارەوە ڕێگەی گرتە بەر، بەڵکو لە جێگەیەک چارەسەری خۆی بکا. بە چنگەکرکە و پەلەکوتە و لنگەلەرزە بەچەند

کەژ و کێو و چیا و هەورازدا هەڵگەڕا و لە چەند شیو و دۆڵ و نشێوەوە داگەڕا و لە چەند چەم و ڕووبار پەڕییەوە تا ئاخری بەهەر مەینەتێک بوو خۆی گەیاندە شارێک لە شارە نزیکەکانی گەرمێن.

کە لە شار نزیک بووەوە شنەی هیوایەک دای لە دڵی زامداری. بەخەیاڵی خۆی لای وابوو ئیتر ئاوەدانییە و جێگەی ئینسانەتی و پیاوەتی و شارستانیەتە. زگی تێر و لەشی تیمار دەکات و کە تۆزێ بووژایەوە دەس دەداتە کاروبارێک، خۆشی دەژیێنێ و پارەش بۆ خاووخێزانی دەنێرێ و لە چنگ برسییایەتی و مردن دەریان دەهێنێ. جا بە شێنەیی ئەوانیش دێنێ و لێی دادەنیشێ. هەریەکە خەریکی ئیش و کارێک دەبن و لە شارستانی پڕ خێروبێر و لە وڵاتی تێروتەسەلدا ئاسوودە و دڵنیا دەحەسێنەوە و جارێکی تر بەبیریش ناگەڕێنەوە.

وەرزێری ساویلکە و دڵپاک هەروا زوو ژینی خۆی و خێزانی لەو شارەدا سووک و ئاسان بە خەیاڵ پێک هێنا و بزەی هومێد و هیوا دەیگرت و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: نەمدەزانی کوردستان ئاوایە، جێگەی بەپیت و بەرەکەتی وەک ئێرەی تێدایە. نامەخوا ئەم خەڵک و مەردمە چەن تێروپڕن، چەن پۆشتە و پەرداخ و بەهێز و گوڕن، چەند کۆک و بۆشناخن، چەن ڕەنگ و ڕوو سوور و خەریک و دەس بەکارن. ئەگەر کوردستان وا ئاوەدانە، ئەی بۆ لای ئێمە ئەوەندە کوورِ و کرێن و خاپوور و وێرانە؟ دەبوو کە قات و قڕی و نەهاتی ڕووی کردە لایەک، لایەکەی تر درێغیی لێ نەکات و یارمەتیی بدات! دیسان هەر باشە دێین لێرە دەژین تا لە سیاساڵ و نەهاتی ڕزگار دەبین. خوا دەروویەکی باشی لێ کردمەوە. بەهۆی مەینەت و دەردەوە گەیاندمیە ئێرە. پیر و پێشینان گوتوویانە: خوا کە بە لێزانی دەرگەیەک داخات، بە میهرەبانی کەلێنێکی تر دەکاتەوە. ئیتر شان و قۆڵم لە بێگار ئاسوودە دەبێت و مردووی گۆڕ و گۆڕستانیشم لە خوسەند و جمێن و جنێو دەحەسێنەوە.

وەرزێر گەشایەوە و زۆری پێ خۆش بوو کە ڕزگاری بووە و جەندرمە و خان و بەگ و بێگاری لە کۆڵ کەوتووە. بەدڵێکی پڕ لە ئاوات و هیواوە ڕووی کردە

ناو شـار و هێندێ گەڕا بـە جادە و بازاڕدا. شـەرمی کرد داوای هیـچ لە هیچ کەس بکات و لە ڕووی نەهات لە کووچە و کۆڵانـان هـەوڵی دوو سـێ نان بدات. بە زگی برسی و لەشی ماندوو و شـەکەتەوە ڕۆیشت و ڕووی کـردە مزگەوت، بەڵکو لەوێ دڵنەرمـێ، دینداری، خاوەن ئیمانێ، بە چەن فلسـێ یا بە یەک دوو نانێ دەسگرۆییی بکات، تا شەو بحەسێتەوە و بەیانی خۆی گورج کا بۆ ئیش و کارێک. تەنیا ڕۆژێکی دژوارە، کە یەک دوو ژەم تێر بوو ئیتر وردە وردە ئیش دەکات و پارەی دەس دەکەوێت و دەبووژێتـەوە و دێتەوە دۆخی جاران (چ بکا؟ بڵـێ چی؟ کـار بـۆ ڕەنجبـەران حـەسـانـەوەیە. پیـشـەی کـرێکار ڕەنج و چەوسانـەوەیە. کار کـاڵایەکە بـە بەژن و باڵای کرێکار و وەرزێران بڕاوە. ئەو ڕۆژەی بێ کار نەبن خۆشی و جەژنیانە).

چوو لە هەیوانی مزگەوت دانیشت و بە چاوەنواڕیی ڕێکەوت کزکەی کرد. زۆری نەخایاند کابرایەکی چڵکنەی چاو مژمۆر لە دەرگەی مزگەوتەکە هاتە دەرەوە، لەم نەگبەت و چارەڕەشـە هاتە بەرەوە. چڵکن بە تـێ خوڕینەوە گوتی: کابرا خەڵکی کوێی؟

وەرزێر بە خاووخلیچک و بێ هێزییەوە وەڵامی دایەوە: ژا.. وە.. ڕۆ.

چڵکن گوتی: خێراکە هەستە بڕۆ.

وەرزێر گـوتی: هیچ ئەرکـێکم لەسـەر تۆ نییـە، بۆچی دەرم دەکـەی؟ ئێـرە مزگەوتـە، خانەی خوایە، جێگەی ئاوارە و هەژار و داماوانە. لە خوا ناترسی وا تێم دەخوڕی و دەگوڕێنی بە سەرمدا و لەم خانەی خوایە وا بە سووکییەوە دەرم دەنێی؟ تۆش هەر وەکو من مافت پێوەیەتی. ئیتر بۆچی وازم لێ نایەنی تۆزێ بحەسێمەوە؟

چڵکن گـوتی: با مـجـێـوریش بم، پێم ناخـۆش نیـیـە و لێم لە چاو نایە کابرایەکی چارەڕەشی وەکو تۆ لێرە بێت. بەڵام لەبەر خوا ئەمـەت پێ دەڵێم، کـەچی دیارە ناشـارەزای و نازانی. قـوڕبەسـەر، بتـبـیـنن دەڵێن بێگانەی و دەتگرن. جا ئیتر ئارەزووی خۆتە.

وەرزێر گـوتی: بۆچی من و تۆ هـەردووکمـان کورد نـین؟ هـەردووکمـان وەک یەک هـاوڕەگـەز و خوێن نین؟ ئێرەش هـەر کوردستـان نییە؟ من و ئەم خـەڵکەی لە ئەم شارەدان گشتمان کورد نین و لە کوردستان نین؟ ئیـتر بۆچی دەمگرن؟ ئەم من و تۆیی و دووبەرەکییـە چییـە و ئەم جیـاوازی و قینەبەرییـە شـوورەیی نییە؟ خۆ من نەهـاتووم بەشی کەس بخۆم و ببمە بار بەسەر کەسەوە. دەمەوێ لێرە بحـاوێمـەوە و بە ڕەنجی شـان و کرێی دەسـتی خـۆم بژیم. ئیـتر سـووچ و تاوانم چییە، لەسەر چی دەمگرن؟

چڵکن گوتی: تێ دەگەم و ئەمـانەم وەک ڕۆژ بەلاوە ڕۆشن و ڕوونە. بەڵام کێ ئەم چـەند و چوونـەت لێ دەبیـسـێ؟ بێ سـوودە، ڕاکـە، دەتگرن و مـاوەیەک دەتخەنە زیندان و لە پاشان بەڕێت دەکەنەوە بۆ وڵاتی خۆتان.

وەرزێر کـە ئەمـەی بیـست جـەرگ و هـەناوی داکـەوت و حـەوش و حـەساری مزگەوتـی لێ بوو بە کونەمشک. جنێو و لێدان و برسـیـیـەتی و بێگاریی بیر کـەوتەوە و زامی جێگە کۆڵ و داری زۆرداریی کولایەوە. ئاخێکی هـەڵکێشـا و چاوێکی بە ئاسـمـانـدا خشـاند، چ ڕوانین و چاو پێداخشـاندنێک! بە قـەدرایی سـەد کتێب پڕ بوو لە گلەیی و بناشت. بە دوو سێ تەکان هەسـتـا و لەشی لە قـاچی بار کرد. لاقی لەرزی و دەتگوت دەڵێ: ئیـتر بەسـە، هێـزم تێدا نەمـاوە، سـواوم، دار و بەرد و ئاسـن و پۆڵا نیم، گـۆشت و ئێسـقـانم، پـەکم کـەوتووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئیتر بە من دەرناچێ!

وەرزێر گـوێی نەدایە، بە کۆمـەگی گالۆکەکەی وەک پـەت کێشی کـرد و بە دارەدارە خۆی پێ گـەیاندە قەراخ شـار. ئیتر لەوێ مەینەت کۆتاییی هات. لاق لەرزی. لەش کەوتە زەوی. گیانی شـەکەت و وەڕزیش بۆ ئاسمان فڕی.

***

مـجێـور کـە قـسـەی پتـەو و بیـچـمی مـەینەتبـاری کـابرای وەرزێر کـاریان کردبووە دڵی و ئازاریان دەدا، هەستی هـاومەینەتیی بێدار بوو و گوتی: ئێمـەی هـەژار بەزەییـمـان بە یەکتـردا نەیەتـەوە، کێ بـەزەییی پێمـاندا دێتـەوە؟ هـەسـتـا دوای کەوت کـە بیـهێنێتـەوە بەڵکو خـێرومـەندان لە مزگـەوت خـێری پێ بکـەن تا

تۆزێ دەبووژێتەوە، جا ئەوسا ملی کارێ بگرێ یان بڕواتەوە. بازاڕ و جادە و کۆڵانی بەدوادا گەڕا و کەلێن و قوژبنی شاری پشکنی، تووشی نەهات. تا ئاخری لە قەراخ شار دۆزییەوە، بەڵام چی؟ لاشەیەکی بێ گیان و زامدار! زانی تاوانێکی گەورەی کردووە و سووچی ئەوە ئەم چارەڕەشە مردووە. تەریق بووەوە و پاڕایەوە لە تەرمی زامدار و دوعا و فاتیحای خوێند بۆ گیانی پەڕەوازەی هەژار، بەڵکو لێی ببوورێ و لەو تاوانەی کردوویەتی بیبەخشێ. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: من بە گیانی ناخێرم دڵسۆزیم کرد، بەو قسانە ویستم خێرخوایی بکەم، خۆ بۆیەکم نەبوو بەم ڕۆژە بگات.

بەشەرمەزاری دای بە کۆڵی خۆیدا و پەیتا پەیتا لەژێر لچەوە دەیگوت: بریا، سەد بریا من بوومایە لە جیاتیی تۆ! هەڵی گرت و هێنای لە حەوزی مزگەوت ڕای کێشا و بۆ کفن کەوتە ناو بازاڕ. ڕۆیشت تا گەیشتە دووکانی مام حاجیی بازرگان و گوتی: کابرایەکی هەژار و ئاوارە و بێ کەسوکار لە برسا مردووە و هاتووم بۆ کفن. تۆ کفنی بۆ بکە و شۆردن و گۆڕیشی لەسەر من. حاجی پیشی خواردەوە و مژێکی لە جگەرەکەی دا. وەک مار پێوەی دا، پڕ بەپێست ئاوسا. لە پاشان کۆکەیەکی کرد و هاتە قسە و گوتی: بەم بێ بازاڕییە خێر و بەرەکەتت هێناوە! بەمن چی ڕەشوڕووتێک مردووە؟ دیسان هێندێکی کە پیشی خواردەوە و گوتی: باشە، پەلە مەکە، با بازاڕمان ببێ ئەوسا وەرەوە کفنی بۆ دەکەم. مجێور بە تووڕەیی و بەسەرڕاوەشاندن گەڕایەوە. لەژێر لێوەوە بەدەم ڕێگەوە بە جنێوەوە دەیگوت: بەڵێ، مام حاجی! تەرمەکە خوێ بکەم بۆگەن نەکات تا بازارت دەبێت، ئەوسا بێمەوە خزمەتت! تف لە خۆت و پارەشت. بۆچی مردووش کاڵا و کوتاڵە پەسا و ئیحتیکار بکرێ!.. بردی بە جلوبەرگەکەی بەریەوە ناشتی و گوتی: شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ.

(قاجر) و (کانی پانکە) دوو دێن لە ناوچەی بۆکان. هاوکەوشەنن، سنوور و سەراوەردیان پێکەوەیە و جووتیان لەیەک دەگەڕێتەوە.

شێخ ئەحمەدی کانی پانکە (خوای لێ خۆش بێ) بەسەرێنیی خۆی ماڵی لە کانی پانکە بوو. خەریکی خۆشکردنەوەی شێت و هار بوو. بۆ هەموو ئێش و ئۆف و دەرد و ئازارێ نووشتەی دەکرد. بە هاتوهاواری هەموو کەسەوە بوو. هەرگیز ماندوویی و شەکەتیی نەدەزانی چییە. نازانم و ناتوانم و پێم ناکرێی بە دەمدا نەدەهات. خوای لێ ڕازی بێت، بۆ کاروباری خەڵک زۆر جەڵد و خێرا و چوست و چالاک بوو. لە دوعا و نزا. لە نووشتە و جادوو، لە تێڕوانین و فاڵ گرتنەوە، لە پرووپێتە و داوودەرمان درێغیی لە موسڵمانان نەدەکرد.

دیارە موسڵمانانیش بیریان لەمە کردبووەوە کە ئەم پیاوە شەو و ڕۆژ خەریکی نوێژ و تاعەتی خوا و ئیش و فرمانی ئەوانە، کار و کاسبیی پێ ناکرێ. وەک ئەو لە ڕێی خوادا بەهەموو هاوار و بانگێکی ئەوانەوە هەیە و دەگاتە فریایان، ئەمانیش دەبێ شەرم بیانگرێت و بەدەستی بەتاڵ نەچنە خزمەتی. دوعا و نزای بێ خزمەت، نووشتەی بێ سەرقەڵەمانە، دەرمان و تیماری بێ ئولیفەت کار ناکات. ئەمانیش خێرێکیان دەسگیر نابێت و ئەویش نفووسی دەشکێ! ڕۆژ و شەو وەک قەتاری ڕەش و سپی بەدوای یەکدا تێ دەپەڕین. ئەم دەمی بە سڵاوسەندنەوە و چاکوخۆشی و دوعا خوێندنەوە خەریک و دەستیشی لە نووشتە نووسین و گژوگیا کوتاندا بوو. خەڵکیش دەم بەسڵاو و پاڕانەوە و دەست بە دیاری و پشت بە کۆڵەوە لە هاتوچوودا بوون.

هەردوولا پێک هاتبوون و سەر و دڵ خۆش بوون. ئەم بژێوێکی باشی دەست دەکەوت و گوزەرانێکی چاکی دەکرد و دارایی و سامانێکی جوانی پێکەوە

نابوو، لەسەر هیچ پەکی نەدەکەوت. ئەوانیش کاروباریان هەڵدەسووڕا و عەمر و ماڵیان بەزیاد دەبوو، دەرد و بەڵایان لە کۆڵ دەکەوت.

بەڵێ وا بوو! هەست و ئاگا پادشای لە شەو فەرمانی لە ناوچەی پاشایەتیی خۆیدا ڕەوایە و لەسەر سەر و چاوانە! ئەوان لایان وابوو وایە. جا تۆ هەر بڵێ: وا بوو.. وا چوو.. بەچی دەچێت؟! هەر وەکو خۆی دەیفەرموو: «دنیا فانییە و بۆ کەس تا سەر نامێنێ. ئەوەی بمێنێتەوە، هەر چاکەیە!» پاش ئەو هەموو چاکە و خزمەتەی بەخەڵکی کرد لە دنیا دەرچوو، بەرەو قیامەت کۆچی کرد. بەڵام ئەم وەک هێندێ پیاوچاکانی تر نەبوو، جگە لە چاکەکانی تەنیا سامانێکی باشی بۆ منداڵەکانی جێ هێشت و ئیتر بۆی نەکرا دێ و خانووبەرە و شتی وا بکڕێت.

منداڵەکانی لە کاتی خۆشی و تێروتەسەلیدا چاویان پشکووتبوو، خۆشخۆر و خۆشدڕ و نازپەروەردە بوون. ئاگایان لە سەرەتای ژیانی باوکیان نەبوو، نەیاندەزانی ئەم ماڵ و دەوڵەتە لە کوێ پەیدا بووە و ئەم بەند و جۆگەیە بناوانی لە کوێ هەڵگیراوە؟ ژیانی خۆش، دارایی زۆر، هاتوچووی خەڵکیش نەدەپسایەوە. ئیتر چی؟ باشە، ئەمان خافڵا بوون و بەرجەوەندی دنیایان نەکردبوو، ئەی باوکیان بۆ فێری پیشەکەی خۆی نەدەکردن و بەزەیی بە موسڵماناندا نەهاتبووەوە؟

منیش وەک تۆ لە تاریکاییدام. تۆ بڵێی وەکو لە ناویاندا باوە لە ترسی ئەمە بووبێت کە ئەوان هەوەڵی دەمیان بوو، هەرزەکار بوون، دەترسا پێیان ڕاگیر نەکرێ و تێدا بشێوێن، یان نەیدەویست ڕازی نهێنیی پیشە و هونەری خۆی بڵێت کە ڕازی نهێنیی هونەر و پیشە تەنانەت ئێستاش خۆشەویستە، یان بە دارایی و سامانەکەی لێیان دڵنیا بووە؟ بەڵام قسەی خۆمان بێت و لەناومان دەرنەچێ، چییان پێ بڵێ و چییان فێر کات؟ خۆی چی فێر بووبوو تا لەوانی بشارێتەوە! کار و دەسەڵات بە خوایە، ئەو بڵێ چی و چ بکات؟ بەشی ئەمانی تێدا نەبوو!

منداڵەکانی ڕەنجیان تێدا نەدابوو، پشتیان پێیەوە نەیەشابوو. دوای

باوکیان شەش و بێش لێیان دا و تەخشان و پەخشانیان کرد. خوا نەیبڕێ، ئەوەندە زۆر بوو بەم جۆرەش بەشی چەند ساڵێکی کرد. کوڕەکان کە هەریەکەی لە ژنێک بوون، بەرودوا جیا بوونەوە و هەریەکەیان ماڵ و حاڵێکی بۆ خۆی پێکەوە نا و وەک جووجکی کەچەڵە پەڕەوازە بوون، لەبەر دەستەنگی و نەمانی دارایی و سامانی میراتی ڕوویان کردە ماڵە خاڵوانی خۆیان و مریدانی باوکیان و ئامینە خان و برا بچکۆلەکەی و دایکەکەیان جێ هێشت. ئەوەی لەو ناوەدا دەسەوسان و داماو بوو، هەر ئامینە خانی چارەڕەش بوو.

دیسان تا دایکی مابوو هەر باشترێک بوو، چونکە دایکی هەرچەند پیر و پەڕپووت و کەنەفت و پەککەوتە بوو، جێگەی بیروباوەڕی خەڵک بوو، بەپیرۆزیان دەزانی و بەچاوێکی موفەڕک تەماشایان دەکرد. بەتایبەتی لەناو ژناندا دەم و نفووسی بەپیت و بەرەکەت بوو، بەڵام (نەهاتی چاکە، قۆرتی خراپە). دوای جیابوونەوە و تەفروتووونابوونی براکانی، زۆری نەخایاند دایکیشی ئەمەگی بەجێ هێنا و دوای باوکی کەوت بۆ شاری خامۆشان. ئامینە خان خۆی مایەوە و برا چکۆلەکەی.

ئیتر ئامینە خان بوو بەگەورەی ماڵ و جێنشینی باوکی و جێداری دایکی و بناوانی برا چکۆلەکەی. دەبوو ئیش و کاری ماڵ بکات و بۆ چاکوخۆشی و دوعا و نزا و داوودەرمان بەدەم خەڵکیشەوە بێت. کاری بەوە چاک بوو لە وەختی خۆیدا تاقە کچەی باوکی بوو، (کچیش خۆشیرینکەرە)، باوکی خۆشی دەویست و بەردەستیی خۆی پێ دەکرد. سەبارەت بەمە هێندێ ڕێوشوێنی ئیش شارەزا بوو، بڕێ دەرمان و گیاوگژیاشی کە لە وەختی خۆیدا بۆ باوکی جێبەجێ دەکرد دەناسی و فێری بەکارهێنانیان بووبوو. لە دێی خۆیان و ئاواییەکانی دەوروپشتیانەوە کوڕ و کچ بۆ دوعای چەور و شیرینی و پێک بران، ژن و پیاو بۆ منداڵبوون و دەمبەست و داوودەرمان ڕوویان تێ دەکرد و سەریان قاڵ کردبوو.

ئامینە خان، وەک جوان نەبوو، ئەوەندەش دزێو و ناشیرین نەبوو کەس نەیخوازێ. لە تافی جوانی و نوخشەی پێگەیشتندا کەڵەگەت و پانوپۆڕ و بەژن

و باڵایەکی ڕێکوپێک و لەخت و لار و داروبارێکی باشی بوو، بەڵام دیارە بۆرەپیاو و کوڕە وەرزێر هاوشانی ئەو نەبوون و داواکارێکی تریشی نەبوو. لەبەرئەمە مابووەوە. بەسەرێنیی دایکی مەیدانی تێکەڵیی کوڕوکاڵ و مەودای باس و خواسی لەگەڵ گەورە کچ و جوانەژناندا نەبوو. ناچار بەهیوای ڕۆژی بەختەوەری ددانی بە جەرگی خۆیدا گرتبوو، کەینوبەینی دڵداریی نەدەزانی و ئاگای لێ نەبوو.

ئێستا، کە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی هەموو جۆرە سکاڵاییێکی دڵداری و هەموو چەشنە ڕاز و نیازێکی کچێنی و کوڕێنی بووە و لەژێر سەرپەرشتیی دایکیشیدا نەماوە، هەرچەند هاتوچووی مانگ و ساڵانی زۆر بەسەریدا شوێنیان کردووەتە دیمەنی و گۆناکانیان سیس و مەمکەکانیان بڵ کردووە و چەناگەیان داچۆڕاندووە و تاڵی سپییان خستووەتە سەری و ددانیان کەل کردووە، بەڵام وەک ترێی شەراب کە تا خۆی بخواتەوە توندتر دەبێت، ئەمیش زیاتر دەروونی بڵێسەی سەندبوو و دڵی گڕی گرتبوو. ئیتر ناچار بوو لەگەڵ کوڕوکاڵا لە کاتی دەرمان پێدان و نووشتەکردندا چاوبڕکێنە بکا و دوو جەفەنگ و دوو زەردەخەنەی دڵتەڕانەش ئاڵوگۆڕ کات و جاروباریش لەگەڵ ئەوانەی زۆر دڵگیر بن لە چاوداگرتنێکیش دریغی نەکات. لەگەڵ کچۆڵەکان و ژنە دڵتەڕەکانیش لە باسی دڵداری و کردنەوەی گرێی دڵی خۆی و هاوێرکردنی جوان و ناشیرینیی لاوان و هەرزەکار و کوڕوکاڵی ئاوایی لەزەتێک بەرێ.

ئامینە خان بازاڕی گەرم بوو. هەرکەسە بە خەیاڵێک و هەریەکەی بۆ کارێک دەچوونە لای و هەردەم ماڵەکەی جمەی دەهات.

براکانی لەوە تووڕە بوون کە خەڵکەکە سەریان کردووەتە ئامینە خان و دیاریی بۆ دەبەن و خێروبێریان هەموو بۆ ئەوە و ئەمانیش کەس ڕوویان تێ ناکات.

ئەمان با نەخوێندەواریش بن، بە سەر و مێزەرێکی زل و ڕیشێکی پانەوە زرتەی چاویان بێت و ئافرەتێکیش لە جێگەی باوکیان دانیشێت و بازاڕی وا گەرم بێت.

براكـانی لێی كـەوتنە تۆپ و تـەشـەر. ناو و نـیتكـەیەكی زۆریان دواخـست و هـەزاران بەیت و باویان بۆ ڕێک خست.

ئامـینە خـانیش بە نۆرەی خـۆی دەسـتـەوسـتـان نەوێسـتـا و ئـاكاری درێو و كـردەوەی ناپەسـنـدی ئەوانی بۆ خـەڵک دەرخـست و لێی كـردنە قـاو و دەیگوت: هـەرچی بەمنی دەڵێن خۆیان خراپتر دەكەن. ئەگەر دەڵێن نەخوێندەوارم نازانم دوعا و نزا بكەم، ئەوانیش وەک من نەخـوێندەوارن و هـیچ نازانن. ئەگەر دەڵێن دیاریم بۆ دێت، ئـەوانیش هـەر بەنانـی خـەڵک بەڕێ دەچـن. ئەگـەر دەڵێن من بە دەم پیـاوان و كـوڕوكاڵی نامـەحـرەمـەوە دەچم، ئـەوانیش تەنانەت بەسـەرێنیی باوكـیـشـم بـەدەم ئافـرەت و كچ و كـیـژی نامـەحـرەمـەوە دەچوون. خـۆ من لە سایەی خـواوە لە ڕێگەی هیچیشـدا نیم و لە ڕێی خوادا خزمەتی خـەڵک دەكەم و دەڵێم بـا وەجـاخـەكـەمـان كـوێر نەبێـتـەوە. من بـەم ئافـرەتیـیـەی خـۆمـەوە حورمـەتی جێگەكەم ڕاگرتووە، كەچی ئەوان بۆ ڕابواردنی خۆیان بڵاوەیان لێ كرد و هـەریەكەی ڕووی كردە لایەک.

خـەڵكەكەش نەیاندەتوانی مـورشـیدزادەكـانیـان بەدرۆ بخـەنەوە، ناچار بوون بڕوا بـەهـەردوولایان بكەن و وردە وردە تێ گـەیشـتن ئـەمـە بـناغـەی بـۆشـە و (كێشـە لـەسـەر لێفـەی مـەلایە) و ئـەم گێرە و كێشـە و هـەرا و بـەزمـە هـەر بۆ كرووساندنەوەی ئەوانە! ئیتر لێیان تەكینەوە و وازیان لە هەردوولایان هێنا.

ئامینـە خان كە هاتوچووكەری نەما و دیاری و كۆڵەباری لێ بڕا، ناچار بوو خـۆی بەمـاڵان و لە كـاتی نوخشـەشـدا بە خـەرمـانانـەوە بگەڕێ نووشـتـە بكا و دوعـا بـخـوێنێ و شت دەس خـات. بۆ هـاتوچووی سـەرخـەرمـانان گوێرێژێكی پەیدا كرد، لەمسـەرەوە سواری دەبوو، لەوسـەریشەوە خەلەی لێ دەنا.

خـەرمـانـەكـەی كـانی پانكەی تەواو كـردبـوو، نانی سـاڵی كـۆ كـردبووەوە، ئەمجـار بۆ جلوبەرگ و پێداویستـیی ماڵ دەیویست هێندێكی تریش كۆ كاتەوە و بیفرۆشێ. ئیتر تا سـاڵێكی كە پۆشتە و پەرداخ و تێروتەسەل ڕابوێرێ.

گوێرێژی كورتـان كرد و لێی سـوار بوو بەرەو خـەرمـانەكـانی قـاجر. كە لە

ئاسۆگەی کانی پانکە سەرکەوت، لە پێدەشتیدا، کە زۆری نەدەما بۆ سەر چەمی (تەتەهوو) خەرمانێکی گەورەی بەدی کرد. بەدڵێکی خۆش و تەمایەکی زۆرەوە وڵاغەکەی بەرەو خەرمان لێ خوڕی. زۆری نەخایاند گەیشتە پێشەوە. تەماشای کرد ڕەشیدی مام هەباس کە باوکی یەکە دەوڵەمەندی قاجرە بەتەنیا لەوێیە و بەکاوەخۆ شەن دەکات، بەڵام چەند ماڵۆسکەی گەورەی سوور کردووە.

ئامینە خان سڵاوێکی کرد و هێندێ دوعای لەژێر لێوەوە خوێند و فووی کرد بەسەر خەرمانەکەدا پیت و بەرەکەتی تێ کەوێت و بێ چاوێنی بێت.

ڕەشید کە کوڕێکی گەنج و هەرزەکار بوو دەستی لە شەن هەڵگرت و هات بەدەم ئامینە خانەوە. زۆری بەخێرهاتن کرد و دۆی ساردی لە مەشکۆلەکە بۆ تێ کرد تا تینووایەتیی بشکێ. لەژێر سێبەری کەپرەکە دانیشتن و ڕەشید دەستی کرد بە چا لێنان و لەبەریشەوە چاکوخۆشییان دەکرد و هەواڵی کەسوکاری یەکتریان دەپرسی.

ئامینە خان هەواڵی خەجێی خوشکی ڕەشیدی پرسی. ڕەشید گوتی: دوێنێ خوازبێنیکەری هاتە سەر و دامان بە شوو. ئامینە خان کە باسی شووکردنی بیست برینی دڵی کولاوە و ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: ئەی ڕەشید گیان، تۆ کەی بەخێر ژن دێنی؟

ڕەشید: چارەنووس بەخوایە. بزانین چۆن دەبێ.

ئامینە خان: بەڵێ چارەنووس بە خوایە، بەڵام کوڕێکی وەک تۆ جوان و لاوچاک چۆن دەبێ کەست نەدۆزیبێتەوە و حەز لە کەس نەکەیت؟ کوڕی وەک تۆ جوان بۆ ژن دادەمێنێ؟ خوا نەیبڕێ، جگە لە جوانیی خۆت، لە هیچیشتان کەم نییە!

ڕەشید: بڵێم چی! کێ جوابی من دەداتەوە؟

ئامینە خان (بە نازێک و چاوێکی نەرمەوە): ئەوە دەڵێی چی؟ حەیف نییە! ئەو چاوە جوانانەی بەتۆوەیە بەخوا خوشکی خۆشت عاشقت دەبێت!

ڕەشـید: چی بێ لە تۆ نهێنی بێ! حـەز لە کـچـێک دەکـەم، بەڵام ئەوەندەی دەکـەم و دەکرێنم جـوابم ناداتەوە. ئەگـەر نووشتـەیەکم بۆ بکەی بۆم سـاز بێ، چی دەڵێی دەتدەمێ.

ئامـینە خـان: ڕەشـید گـیان! سـەرقـەڵەمـانە دەبێ پێشـەکی بدرێ، ئەگـینا نووشتە کار ناکات.

ڕەشید: باشە، چیت دەوێ دەتدەمێ، بەڵام دەترسم نووشتەکە کار نەکات.

ئامـینە خـان: تۆ جـەواڵێ گـەنمم بدەیە، نووشـتـەیەکت بۆ دەکـەم بەمـەرج. خوانەخواستە کە کاری نەکرد لە منی بناسە.

ڕەشید هەستا جەواڵەکەی لە گوێرێژەکەی ئامینە خان داگرت و پڕی کرد لە گەنم و درووی و داینا و هاتەوە ژێر کەپرەکە، گوتی: ئەوە گەنم. دەیسا تۆش نووشتەکەم بۆ بنووسە.

ئامـینە خـان کوتێک کـاغـەزی چڵکن و قـەڵەمـێکی لە گـیرفـانـی دەرهێنا و نەختێ خـەتی ڕەش و سـپـیی لێ کێشـا و نووشـتـاندیەوە و تـۆزێ منجـەمنجی کرد و فـووی کـرد بە نووشـتـەکـەدا و گـوتـی: بە سـەری باوکم نووشـتـەیێکم بۆ کردووی تا ئێستا نووشتەی وام بۆ کەس نەکردووە.

ڕەشید نووشتەکەی لێ وەرگرت و گوتی: جا ئەمە چیی لێ بکەم؟

ئامینە خان: بیخەرە کۆشیەوە و ئیتر دەنگ مەکە، خۆی بانگت دەکات.

ڕەشید: دەترسم دەستم ببڕی و تووشی پەندێکیشم بکەی. بۆ خاتری خـوا ئامینە خان چۆن لە خۆمەوە بیخەمە کۆشی ئافرەتەوە؟

ئامینە خان: ڕەشید! وا دیارە تۆ زۆر بێ باوەڕی بە چاک و پیران، یان زۆر شـەرمنی. ئەم نووشـتـەیەی بۆ تـۆم کـردووە بەسـەری باوکم بیـخـەیە کـۆشـی ئافرەتێکی دینداری وەکو منیشەوە کە لە سایەی خواوە لە ڕێگەی هیچیشدا نیم، ناچارە دەنگ نەکات.

ڕەشید کە ئەمەی بیست نەیکردە نامەردی، ڕێوڕاست نووشتەکەی خستە کۆشی ئامینە خانەوە.

ئامـینه خـان گـوتی: ئـەیەڕۆ ڕەشـیـد! ئەوە چیت کـرد؟ چۆن ئـەو فـێـڵـەت دۆزییەوە؟

ئیـتر ئامینه خان خۆی بەدرۆ نەخستـەوە و لە پاشـان نووشتـەکەی دایەوە دەست ڕەشـیـد و گوتی: خۆ باوەڕت کرد کـار دەکات. دەسـا باشـی هەڵگرە بۆ هەموو جارێ با بەکارت بێت.

ڕەشـیـد نووشتـەکەی نا گـیـرفـانی و گـەنمەکەی بۆ بار کـرد. ئامینـە خـان بەجـەواڵە گەنمەوە بەرەو کانی پانکه کەوته ڕێ و ڕەشـیـدیش هەیپێی لێ کرد بۆ چەمی تەتەهوو..

## هێلکەی هادی خانی

بێگومان پێت سەیرە، ڕەنگە لات وابێ هێلکە لەسەر واتەی خۆی نییە، یان هادی خان وەک جادووگەر هێلکەی کردووە.

نەخێر، هێلکە هەر هێلکەیە. هادی خانیش نە جادووگەرە، نە مریشک. یەکێکە لەو دەوڵەمەند و خاوەن موڵکە گەورانە کە لە سنە پێیان دەڵێن (ئەعیان).

ئەم چیرۆکە ڕاست و دروست و ڕووداوە. نە هەڵبەستە و ڕێک خراوە، نە ڕێسیاو و پێسیاوی بیر و خەیاڵە. ئەگەر هەڵەشە نەبی و پەلە نەکەی و تۆزێ بەشێنەیی بی، تا چیرۆکەکە دوایی دێ، لام وایە زۆرت بەلاوە سەیرتر دەبێ لەوەی کە بیری لێ دەکەیتەوە، وەکو من کە بەش بەحاڵی خۆم زۆرم بەلاوە سەیرترە لەوە کە هادی خان جادووگەر بوایە، یان بووبووایە بە مریشک و هێلکەی بکردایە. چونکە ئەوسا هەر ئەوەندە بوو شتێکی سەیروسەمەرە ڕووی دەدا و نەختێکیش پێکەنینی لێ پەیدا دەبوو. بەڵام ئێستا هەر دەستی لێ مەدە. پێشەکی خۆت تووشی تووڕەیی یان خەم و خەفەت مەکە، بوێستە تا چیرۆکەکە دوایی دێ، جا بزانە چی دەبێ، لەگەڵ چ جۆرە جانەوەرێکدا دەستەویەخە دەبی؟

سەرت نەیەشێنم، خۆشم نازانم جاری چەندەم بوو لە دەست ڕێژیمی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی ڕام دەکرد. لە کرماشان هاواڵێکم منی بەپیاوێکی باش سپارد کە بەڕێم کا. کابرا پیاوێکی باش و بەڕێز بوو، خەڵک دەستی قەدریان لێ دەنا. سەربەدەرەوە و ناسراو بوو. کەمێکیش بە دەستەڵات بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا خاکینە و بێ فیز بوو. بەیەکەوە چووینە گاراج، بەکابرای گاراجداری گوت: ئێمەش ڕەوتەنین. گاراجدار زۆر بەحورمەتەوە لە

پێشەوەی پاسێکدا کە بۆ سنە دەچوو جێگەی بۆ دانایین و سەبارەت بەو تا دەرگەی گاراجەکەش بەڕێی کردین.

کەوتینە ڕێ و لە شار دەرچووین. من کە لە دڵی خۆمدا زۆرم ترس لەوە بوو کە پێم بزانن، نەختێ هاتمەوە سەر خۆم، پشوویەکم هاتەوە بەر. هێندێکی تر ڕۆیشتین. کە تەماشام کرد هۆدەیەک لەسەر چەقی ڕێگەیەکەیە. لەبەر ئاڵۆز و بڵۆزیی خۆم و وتوویرەی تێکەڵ و پێکەڵ نەمتوانی بەهیچی تێ بگەم. هێشتا تەواو نەگەیشتبووینە حاستی هۆدەکە کتوپڕ کابرایەکی دەم چەقەڵەی ڕەنگ تریاکی و ژاندارمەیەکی مل باریکی لەڕ و لاواز کە بە کاسکێتە زلەکەی سەری و بەژن و باڵای ڕەقەڵیدا وەک قارچکە گولانە دەچوو، هاتن و پێشی پاسەکەیان گرت. من لەبەر خۆمەوە گوتم یاخوا خێر بێت، لە ئاگر ڕزگار بووین بەسەر ماردا کەوتین. کابرای هاوڕێم چاوێکی لێ کردم و سووکێک گوتی: هیچ نییە.

ترومبێلچی دەرگەی پاسەکەی کردەوە. کابرای دەم چەقەڵ بەفیزێکەوە هاتە سەرێ، بێ ماندوونەبوونی و چاکوخۆشی، بە ڕوویەکی گرژ و دەم و کاوێژێکی خاووخلیچک و خەواڵوو یان خومارەوە گوتی: یائەڵڵا! بدەن، خێرا کەن.

هەرکەسە دەری هێنا و پێنج قرانی دایە. هاوڕێکەی منیش لە جیاتیی هەردووکمان تمەنێکی دایە، بەڵام کوڕێکی تیژکەڵەی دەمڕووتە کە بەشێوە لە چاوکراوەکانی دێهاتی سەرجادە دەچوو، کردیە هەراوهوریا: لە کوێم بوو، نیمە، ئێمە ڕۆژی تمەنێک پەیدا ناکەین. کرێی ترومبێل و دەلاڵیی گەراج و فێڵ و تەڵەکەی بەقاڵ لەوێ بوەستێ. ئێستا پێنج قران بدەین، مەشکەیەکم ماست هێنابوو ئەوەتا بەشی دوو ژەمم قەند و چا لێ کڕیوە، بەخوا ئیتر هیچم پێ نەماوە.

کابرای دەم چەقەڵ سەرێکی کێشا بۆ دەرەوەی پاسەکە، وابزانم دەیویست ژاندارمەکە بانگ کات کوڕەکە دابەزێنێ و بیگرێ، بەڵام هاوڕێکەی من نازانم بەزەییی بەودا هاتەوە و پێوەندییەکی پێیەوە بوو، یان مەترسیی لەوە بوو کە بمانگێڕنەوە دواوە و گێرە و کێشەیەک بۆ من ساز بێ، ماوەی کابرای دەم

چەقەڵی نەدا و خێرا گوتی: بگرە!

کابرا ئاوڕی دایەوە گورج تمەنێکی دا دەستی و گوتی پێنج قرانی لە جیاتیی ئەو کوڕە و ئەوی تریشی بۆ خۆت. کابرای دەم چەقەڵ چرچ و لۆچی ناوچاوانی نەختێ لەبەریەک کشانەوە و لە خۆشییا تۆزێ دەمی داچەقا و بەنووزەیەکەوە گوتی: خوا خۆشت کا.

ئەو دابەزی و ئێمەش کەوتینە ڕێ.

کوڕە دەمڕووتەکە هاتەوە قسە و گوتی:

– هەی.. هەی!. دەوڵەت دەیەوێ بەپێنج قران پێنج قرانی ڕێبوار و هاتوچووکەران داوودەزگای خۆی بەڕێوە بەرێ! بۆ خاتری خوا کووچە و کۆڵانی کرماشان بەمن چی؟ من پارە بۆ بدەم بە شارەوانیی کرماشان؟

هاوڕێکەی من گوتی: کوڕم ئەم قسانە پار دەکران (واتە کە زەمانی موسەدیق بوو). ئێستا کەڵکی نییە و تووشی گرتن و ئازاردانیش دەبی. تۆزێ ئاگات لە دەمی خۆت بێ.

ئیتر بەم پێنج قرانە وەک کلیلی تەلیسم یا بیسمیللای پیاوچاکان ڕێگەمان بۆ کرایەوە و بەبێ گرێ و قۆرت، بە بەر (تاقوسان)دا بە بەر یادگارەکەی فەرهادی قارەمانی چیرۆکی (شیرین و فەرهاد)دا ڕۆیشتین و لە (ناودەربەند) تێ پەڕین.

لە چایخانەکەی (ملە مرواری) هەرچەند ڕەمەزانیش بوو، دابەزین و لەبەر هاوڕێکەم کە لە پێشەوایانی دینی ئەژمێررا، لە قوژبنێکدا قاوەڵتیمان کرد.

هاوڕێکانیشمان، شارستانییەکانیان لە نان و چاخواردن و بۆرەپیاوەکانیشیان لە دەستنوێژ و نوێژکردن بوونەوە، سەرلەنوێ سوار بووین و کەوتینەوە ڕێ. دەتگوت پێنج قرانی تاین هێشتا پیت و بەرەکەتی هەر مابوو، بە بەر چەند ژاندرمەخانەدا ڕەت بووین هیچ گەڕوگێچەڵیان نەکردین. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ وا دیاربوو هاوڕێکەی منیش لەو ناوەدا لە پێنج قرانی گۆرین بێ نرختر نەبوو، چونکە ئیتر هەموو کەس دەیناسی و تەنانەت

ژاندارمەکانیش کە چاویان پێ دەکەوت بەدەست سلاوێکیان لێ دەکرد. جا نازانم لەوەپێش پێنج قرانی بەوانیش دابوو یان هەر بە دەوڵەمەندییەکەی وەک نووشتەی دەمبەست دەمیان ڕەق دەبوو.

پاس بە ورەورِ ڕێگەی خۆی دەبری. منیش بە دڵنیایی سەیری هەوراز و نشێو و چەم و ڕووبارانم دەکرد. هاوڕێکەشم بە ڕواڵەت لەبەر وەرزی ڕۆژوو، لە ڕاستیشدا سەبارەت بە تێرخواردن و خاوبوونەوە وەنەوزی دەدا. ڕێبوارەکانی تریش یەکتریان دەدواند تا گەیشتینە چایخانەی (...) لەوێ دابەزین و بە چایچی و بە خەڵکەوە گشتیان هاتن بە پیری هاوڕێکەمەوە، تەمەس ئەو چایخانەیە موڵکی ئەوە و ئەم خەڵکەش یا بۆرەپیاو یا دەسوپێوەندی ئەون.

تاوێک لەوێ حەساینەوە. لە پاشان ئەوان بەرەو سنە کەوتنە ڕێ. منیش بەرەو ئاوایی دەستم دا کەژ. ناشارەزا بووم نەمدەزانی بەکوێدا بڕۆم. دوو پیاو کەلوپەلی ماڵی کابرای هاوڕێمیان دەبردەوە و کەمێک لە پێش منەوە بوون. تۆزێ پێم هەڵگرت و گرتمنەوە. هەرچەند ئەوان کوڕی کێو و کەژ بوون، بەڵام سەبارەت بەمە کۆڵەکانیان قورس بوو زۆر باش لەگەڵیان دەردەچووم.

لە باسک و ملەیەک سەرکەوتین، دێیەک دەرکەوت. پرسیم: ئەمەیە ئاوایی (...)؟ گوتیان: نەخێر! ئەمەی چی. ئەم تەمومژەت دیوە نووچکەی کەژەکەی داگرتووە؟ ئاوایی (...) وا لەوێیە.

کەژەکە زۆر بەرز و کوورِ و زەردوما بوو. بۆم نەدەقەبڵا بەرزایی چەندەیە؟ تا لە پاشان کابرای خاوەن ئاوایی هاتەوە، جارێک لەناو قساندا گوتی: حەوت هەزار پێ لە بان دەریاوە بەرزە.

بە شیو و دەرەیەکدا هەڵکشاین. بۆن و بەرامەی گوڵ و گوڵزار پیاوی مەست دەکرد. بە پەنای دۆڵەکەوە و تا سەری بەندەن باخ و باخات بوو. دار و درەخت وەک دۆستانی بە ئەمەگ و هاوبیر سەریان بەسەر یەکەوە نابوو، دەتگوت ڕاز و نیاز دەکەن بە ئالاوواڵای سەوزەگەڵاوە، بەدەم شنەی باوە

دەشەکانەوە، دەتگوت بە هەوای موزیکی خوڕەخوڕی ئاوەکەوە کە لە لووتکەی کەژەکە دەهاتە خوارەوە، وەک دەوڵەمەند و خوا پێداوەکان، لەسەر شانۆی کابارییەکان سەما دەکەن و ئاگایان لە دەرد و مەرگی کەس نییە.

ئەم دیمەنە بۆ من، بە تایبەتی دوای ماوەیەک زیندان، ئەوەندە جوان و خەمرەوێن بوو، بەرزیی کەژەکە و شەکەت و ماندوویی خۆمی لە بیر بردبوومەوە. بەکاوەخۆ تێ هەڵدەگەڕاین تا دەمادەمی خۆراوا گەیشتینە ئاوایی (...).

دوای چەند ڕۆژێک کوڕێکی سنەییش کە خزمی خانەخوێکەم بوو، بەناوی سەردانەوە هاتە ئەوێ. کوڕێکی خوێندەوار و وریا بوو. وابزانم ئەویش وەک ماسی لە تاوی ڕاوکەران قوڵاخەی دابوو. بەڕۆژ لەبەر هاتوچۆی ژاندارمە و چەرچی و وردەواڵەفرۆش کە پتریان بە پۆلیسی نهێنی دەزانران، دەچووینە باخێکی دوور لە ئاوایی.

باخەکە لە جێگەیەکی ئێجگار خۆشدا هەڵکەوتبوو. هەرچەند گێلاس و قەیسی نزیک پێگەیشتن بوون، هێشتا لە سەرووی ئەوێوە، بە نووچکەی کەژە بەرزەکەی پشتیەوە، ڕنووی بەفر دەدرەوشایەوە. لەوێ بۆم دەرکەوت ئەو ئاوەی بەناو باخەکانی خوارەوەدا هاژەی دەکرد، سەرچاوەی لای ئەو ڕنووانەیە و لەگەڵ بەفراوەکەیان تێکەڵ دەبێ. بۆیە بە ڕۆژ هەر هاژەی دێت و بە شەو کە بەفراو دەیبەستێ کەم و هێدی دەبێتەوە.

لەم باخەدا کۆمەڵێ کرێکاری لەڕ و لاواز و ڕووتەڵە قوڕەکارییان دەکرد. خەریک بوون خانوویەک بۆ خاوەن باخەکە دروست کەن. نیوەڕۆیان سەرو سێ نانیان دەدانێ. هێندێ ڕۆژ دۆشی لەگەڵ دەبوو. لە ئەوڕەحمانی باخەوانم پرسی: ئەمانە کرێیان چەندەیە؟ گوتی: ڕۆژی تمەنێک. گوتم: جا چۆن بەم ڕۆژە درێژانە بە تمەنێک کار دەکەن؟ گوتی: هاهوو! ئەمە کار و کاسبییان ڕەنێوهێنانی ئەم باخەیە. ئەگەر ساڵێک تەرزە و گلێرە درەختەکانیان بکوتێ، هیچیان نییە پێی بژین. پارەکە نەهاتیان بوو، زستان پارەیان وەرگرتووە لەپێی کاری هاویندا ڕۆژی بە تمەنێک و خۆیان پێ خستووەتە بەهار. ئێستا

بۆیە بەوەندە کار دەکەن. ئەم سێ نانەی دەشیاندرێتێ پیاوەتییە!

ئەوڕەحـمـان کـە نیـوەڕۆیان دەچووەوە ئاوایـی نان بۆ کـرێکارەکـان بێنێ، ئێـمـەش پارەمـان دەدایە شـتێکمـان بۆ بکڕێ. ڕۆژێ لەو ڕۆژانە دوو تمەنمان دایە هێلکەمان بۆ بکڕێ. ئەوڕەحمان هاتەوە، نانی لە کرێکارەکان دابەش کرد و سـەرکەوت بۆ لای ئێمـە. هێشـتـا چەند هەنگاوی مـابوو بگاتە لامـان گوتی: نان و ڕۆنم لە مـاڵی ئاغا هـێنا و بابیی دوو تمـەنەکـەش هێلـکەم بۆ هـاوردوون، بەڵام چ هێلکە؟ هێلکەی هادی خانی!

لە کوڕە سنەییـەکەم پرسـی: هێلکەی هادی خانی چییە؟ گوتی: بەخوا بێژم چە!

ئەوڕەحمان هاتە پێشەوە شتومەکەکەی دانا. ئاگری کردەوە و چای لێ نا و هێلکەوڕۆنێکی باشـی کرد و هەرسێکمـان دەستمـان بە خواردنی کرد. لەسەر نانخـواردن لـە ئەوڕەحـمـانم پرسی: هێلکەی هادی خـانی چۆنـە؟ گـوتی: ئەی چاوت پێیـان نەکەوت چەند درشت و گەورە بوون؟ هۆوەتا بـڕوانە تێکوڵەکەیان. گوتم: بۆچـی ئەوڕەحـمـان ئێـوە بە هێلکەی گـەورە دەڵێن هـادی خـانـی؟ گـوتی: بەڵێ، لەم چەمی (گاوەڕۆ)یەدا وا دەڵێین. ئەمـە حیکایەتی هـەس. گوتم: ئادەی حیکایەتەکەمان بۆ بگێڕەوە.

ئەوڕەحـمـان کـە کـوڕێکی سـاویلکە و دەم بـەپێکەنین بـوو، بزەیەکی گـرت و دەستی پێ کرد و گوتی: لەو شیوەی ئەودیومانەوە لە داوێنی عەوداڵان دێیەکی ئاوەدان و گەورەی لێیە نێزیکەی دوو سەد ماڵ دەبێ ناوی (نشوور)ە. ئەم دێیە جگە لە بـاخـاتی زۆر کـێڵگەی فـرەشی هەیە و ئاووهەواشـی گەلێ سـازگارە. هـادی خـانی خـاوەنی، سـەرەڕای گشت مـڵکەکـانی، خـانوویەکی خـۆشی لەوێ دروست کردووە هـاوینان دوو سێ مـانگ بە خـاووخـێزانەوە بۆ ڕابواردن دێتـە ئەوێ. پیـاوێکی فـرە لـەچەر و چنۆکـە لـە پیـاوی دەوڵەت بەولاوە مـشکیش چێشکەی نانی ناکا.

خـەڵکی نشـوور ئەوانەی جـووتبـەندن وەک دێـهـاتی تر خـەرج و پیـتـاک و

پووشـانـه و ڕۆنانه و کـاوڕانـه و خـوریـیـانه و مـووانـه و فـرووجـانـه و بێگارانـەی خـۆیان دەدەن. دەغڵ و دان و شـیـناوەردیش ئەوە دیارە کە نـیـوەیی و سـێـیـەکـە. باخـەکـانـیـشـیـان لەم سـاڵانەدا بەهـۆی تاپۆوە لێ کـراوەتە نـیـوەیی. ئەوانەی ڕەشـاییـشـن دیسـان وەکـو هەندەران مـانگی سێ ڕۆژ بێگار دەکـەن. ئەگـەر ئاژەڵیـشـیـان ببـێت، ئەوا ڕۆنانە و پووشـانە و کـاوڕانە و خـوریـیـانەش دەدەن. بەڵام هادی خـان زیاد لە گشت شـوێنێک بەپێی ئەژمـارە بۆ گشت مـامـرێکی سەرە پازدە هێلکە لە ڕەشاییەکان دەسێنێ.

کە هادی خـان مـاڵی دێتـە نـشـوور، گزیر دەکـەوێتـە ناو ئاوایی مـامـرەکـان چاوئەژمێر دەکا، سـیـایی دەگرێ و دەیبـا بۆ ئاغـا. لە پاشـان دەنگیـان دەدا هەرکـەس چەندی هێلکانە لە پێدایە بیـبـات. ڕەشـایـیـەکـان کـە ڕەنجـبـەر و وەرزێری جـووتبـەنـدەکـانن، خـۆیان لە دەشت خـەریکی کـارن. ژن و منداڵیـان زەمـبـیـلە هێلکە هەڵدەگرن و دەیبـەن بـۆ مـاڵی هادی خـان. هادی خـان بۆ ئەندازەگرتنی هێلکەکان کونێکی خڕی کردووەتە تەختەیەک. خزمەتکارەکەی تەختـەکە دەگرێ بەدەسـتـەوە و لە بەرچاوی هادی خان هێلکەکـانی پێ ئەندازە دەگـــرێ، هـەر هێلکـەیەک بـە کـــونـەکـــەوە نەچوو وەری دەگـــرێ و ئەوەی بـە کونەکەشەوە نەوێستا نایەوێ. خـاوەنەکەی ناچارە بیبا بیگۆڕێتەوە بەهێلکەی قـــەڵەو. جـا ســـەبارەت بـەمـــە هـێلکـەی گـەورە لـەم ناوەدا ناوبـانگی کـــردووە بەهێلکەی هادی خانی.

گوتم: ئەورەحمان جا بۆ دەیدەن؟ کەی ئەمە لە قانووندا هەیە؟

گوتی: تۆ ئێژی چە؟ ئەی نایدەین چ دەکەین؟ هادی خـان ئەعیـانە و ماڵی لە شـارە و هـەر خـۆی حـەسـاوە. ژاندارمـە دەنێـرێتـە سـەرمـان بە شـەق ورگمـان دەدڕن.

– جـا ئێـوەش هەمـووتان قسەی خـۆتان بکـەنە یەک و لە هـادی خـانیش و لە ژاندارمەکانیش لای دەوڵەت شکات بکەن.

– بەڵێ لە زەمـانی دوکـتـۆر مـوسـەدیقدا ئەمـەمـان کرد و تەنانـەت من خـۆم

ئێستا ئاوارەی ئەوەم: دایکم هێلکانەی بردبوو بۆ ماڵی هادی خان، هێلکەکان بە کونی تەختەکەوە نەوێستابوون، کابرای خزمەتکار هەموو هێلکەکانی دابوو بە سەرە سپییەکەی دایکمدا. ئێوارە کە لە ئیش هاتمەوە سەری شۆردبوو، باسی هیچیشی نەکرد تا من تووشی گێچەڵ نەبم، بەڵام دراوسێکان بۆیان گێڕامەوە. منیش هەر بەو شەکەتی و ماندووییەوە دەستم دا داس و چوومە ماڵی هادی خان تا وەک کەما ملی هەڵبڕم، خواوراستان چووبوو بۆ سنە و لە جیاتیی ئەو کابرای خزمەتکارم بەر پەل کەوت داخی هادی خانیشم بەو ڕشت و هەتا جووڵاوە لێم دا و لە دوو سێ لاوە سەرم شکاند. ئیتر دنیا وەک ماستی مەییوی لێ هات و باسی هێلکە لەو ناوەدا نەما تا دەوری موسەدیق تێک چوو. دیسان سەرلەنوێ هادی خان لە جاران خراپتر زەبروزەنگی دەست پێ کردەوە و ژاندارمەی هێنا کە من بگرێ. منیش بۆی دەرچووم و ئەوەتا لێرە باخەوانم. بەڵام برا بچووکەکەمیان بەردەست کەوت و گرتیان، ئێستا وا لە کرماشان لە زینداندایە، ها نەبوو کە ئێوە هاتن منیش لە پاسەکەدا بووم و قرەم لە تەک کابرای دەم چەقەڵدا کرد، ئەوە چووبوومە کرماشان سەری براکەم دابوو.

– ئەوڕەحمان، تۆ ئەوسا گوتت ماستم هێناوە بیفرۆشم.

– ئەی چە؟ بێژم ئەوڕەحمانم و بمگرن! بەخوا هەر ئەوەندە بوو ماستم نەبردبووە فرۆشتن، ئەگینا گشت قسەکانی ترم ڕاست بوو. ئەوسا کە ماستم دەبردە فرۆشتن، ئەوانەم گشت بەسەر دەهات.

– ئەوڕەحمان، وەرزێر خۆی بەربەرەکانێی خان و بەگ و ژاندرمەی پێ ناکرێ. لەگەڵ ڕۆشنبیر و زەحمەتکێشەکانی شارستان ڕێک کەون، ئەوان خوێندەوارن و باشتر ڕێگەی کار دەزانن، با شارەزاییتان بکەن.

– ئا ئەمە خۆشە. نەخوێندەوار وەک کوێر وایە چوزانێ چ بکا؟ ئیستە ئێمە شارەوشار بەدوای ئەواندا بگەڕێین، یان ئەوان دەبێ بێن و ئێمە تێ بگەیێنن؟ خۆ هیچ نەبێ نانێکیان لە بەروبووی ڕەنجەکەی ئێمە خواردووە؟

– ئەوڕەحمان قسەی تۆیە، بەڵام پەلە مەکە با ئەوانیش خۆیان تەواو پێ بگەیەنن، جا ئێوەش شارەزایی دەکەن.

– سا وەڵڵا ئێمەش لە تای تەوراس ئامادەترین. بگرە بە هەموو لایەکمان پیرێژن و مامر و هێلکە لەم پەند و مەخسەرەیە ڕزگار بکەین.

## قورئان خوێندن له جیاتیی پارەی بەرتیل

پێش شـەڕی دووهـەمی جـیـهـانی بوو، ڕۆژێک سـەعـاتی هـەشـتی بەیانی، گـرووهبـان ڕەزائی، سـەرۆکی پاسگەی ژاندارمـەی بۆکان هاتە دایرە، چووە هۆدەی کارەکەی، لە پشت مێزەکەی دانیشت، باوێشکێکی دا و جگەرەیەکی داگیرساند. دەستێکی دابووە بەرچەناگەی، بەدەستەکەی تریشی جاروبار جگەرەکـەی دەنا بـە لێـویەوە و مـژێکی توندی لێ دەدا. دەمی دەکـردەوە و دووکەڵەکە لەسـەرخۆ قەف قەف لە دەمی دەهاتە دەرێ. لەسـەر مێزەکەوە بۆ لای میـچی هۆدەکە خـەتێکی مارپێچیی دەکێشا. دەتگوت کلۆ خـەڵووزێکی نەسووتاوە لەناو مـەنقەڵی زستـانی ماڵە فەقیرێکدا دووکەڵ دەکا و لە تاوی سەرما دەرگە یا پەنجەرە ناکەنەوە و بە دووکەڵەکە ڕازین.

لە ڕاستیدا دووکەڵەکە دووکەڵی عادەتیی جگەرە نەبوو، بۆچڕووکیشی لێ دەهات. کەسێ ناشارەزا بوایە وای دەزانی پاشماوە دووکەڵی تریاکی شەو لە کەلێن و قوژبنی ورگیدا ماوەتەوە و ئێستا تێکەڵ دووکەڵی جگەرەکە دەبێ و دێتە دەرێ. بەڵام نەخێر، بۆچڕووکی جەرگ و هەناوی بوو، ئاگر لە دەروونی بەربووبوو، خەم و خەفەت یا باشتر بڵێین ترس و خۆف ئارامی لێ هەڵگرتبوو، پەیتا پەیتا باوێشکی دەدا. وا دیاربوو شەو نەخەوتبوو، ئێستاش بەیارمەتیی جگەرەکێشان پەرۆش و پەژارەی شەوێ لە مێشکیدا لە بێژینگ و هێڵەک دەدا. دوای وتوویرەیەکی زۆر بەدەنگێکی سـەرۆکانە نا، بەدەنگێکی لە عادەتییش نەرمتر بانگی کرد:

– حوسێن قولی!

حوسێن قولی، کە لە هەموو ژاندارمەکان دەمڕاستتر و بەگوڕ و گێچەڵتر بوو، هاتە ژوورەوە و تەق هەردوو لاقی لەیەک دا. دەستی ڕاستی تا بناگوێی

بەرز کـردەوە و بەدەسـتی لـە بناگـوێ نراو و بەورگی ئاوسـاویەوە دەتگوت کووپەی ترخێنەیە.

ڕەزائی: چەندی مانگە؟

حوسێن قولی: بیست و سێی مانگە.

ڕەزائی، هـەناسـەیەکی درێژی هەڵکێـشـا و لـەبەر خـۆیەوە گـوتی: یـانی حەوتوویەکی ماوە. ئەمجار ڕووی کردە حوسێن قولی:

– ئەم مـانگە وەزعەکـەمـان زۆر شـپرزەیـە. ئەگەر مـەعاشـەکەی خـۆشم و ئێوەشی بخـەمە سـەر دەری ناهێنێ. پێنج سـەد تمەن لە کوێ بێنم؟ بەڕاسـتی بۆ ئێرە پێنج سـەد تمەن زۆرە، بەتایبـەتی لە بەهاردا، کە خـەڵکەکە خۆشیـان حاسڵی پارەکەیان تەواو بووە و هیی ئەمساڵیشیان پێ نەگەیشتووە، بەو کەژ و کێوانەدا بڵاو بوونەتەوە و خـەریکی کار و کاسبین. نە شکات و شکاتکاری هەیە و نە کێشە و هەرا.

حـوسـێن قـولی: دەی جـا با ئەم مـانگە هێندێک قـەرزار بین، لە پاشـان دەیدەین.

ڕەزائی: شـتێکی سـەیرە! تۆ چەند سـاڵە ژاندارمی، کەچی ئێسـتا قسـەی ئاوا دەکەی! مەگەر نازانی سەرهەنگ ئەم جۆرە قسانەی بە گوێچکەدا ناچێ؟ شـتی وای پێ بگوترێ دەسـبـەجێ هەمـوومـان دەگـوێزێتـەوە. لەوانـەیە گێچەڵێکیشـمـان بۆ سـاز بکا. ئەگەر شـتومـەکی خـۆشـمـان فرۆشـتبێ، دەبێ پارەکەی بۆ تەواو کەین. بەڵام ئەو قـەرزەی دەیڵێی دەتوانین لەگەڵ خـۆمـانی بکەین، یانی ئەم مـانگە هـەر تەنیا بە مەعاشـەکەمـان بژین، وە لە پاشـان تێی هەڵبێنینەوە.

حـوسـێن قـولی: بەڵێ، بەڵێ، تێ گـەیشـتم، ئێـسـتـا پووڵەکـەی سـەرهـەنگ چەندی کەمە؟

ڕەزائی: دوو سەد تمەن.

حـوسـێن قـولی: خـوا سـەلامـەتت کـا، دوو سـەد تمـەن ئەوەی دەوێ؟

مەئمووریەتێک بدە بەمن، مەئمووریەتێکیش بدە بە ڕەجەب قولی، پووڵەکەی سەرهەنگیش تەواو دەکەین و هێندێکیش بۆ ئێوە دەمێنێتەوە.

ڕەزائی: ئەوەی دەمێنێتەوە بێ ئێوە نایخۆم، بەڵام لە حەوتوویەکدا ئەوە دەکرێ؟

حوسێن قولی: بۆچی ناکرێ؟ چارە نییە. ئێمە کە بووینەتە پیاوی دەوڵەت دەبێ زەحمەت بکێشین.

ڕەزائی: ئەوەندەی سەر دەهێنم و دەبەم، ئێستا مەئمووریەتێکی وا نییە کە ئەو هەموو دێهاتەی پێوە بگەڕێی. تەنیا دەوسیەی مازاد[1]ی پارەکە هەیە، ئەویش ئێستا بەم بەهارە مازادی چی؟ ئەگەر کارەکە زل بێتەوە و بگاتە شکات و هاتوهاوار، تووشی مەینەتێکی زۆر دێین.

حوسێن قولی: نەخێر، نایەڵم بگاتە شکات و شتی وا، خۆم دەزانم چ دەکەم. تۆ بۆم بنووسە.

ڕەزائی، دەوسیەی مازادی پارەکە دەردەهێنێ و دەڵێ: بۆکان چوار بلووکی هەیە: تورجان، یەڵتەمر، یەختەچی، بەهێ. بە هەموویانەوە دوو سەد و چل دێن.

حوسێن قولی قسەی ڕەزائیی بڕی و گوتی: نا، نا، تورجان و یەڵتەمر، ڕووتە و پووتەن. وا بەپەلە هیچیان لێ هەڵناوەرێ. من بنێرە بۆ یەختەچی. ڕەجەب قولیش بۆ بەهێ.

ڕەزائی بیرێکی کردەوە، دەستی دا قەڵەم و نووسی:

«ژاندارم، حوسێن قولی! پێویستە بچیتە سەر خاوەن مڵکەکانی بلووکی یەختەچی. هەرکەس مازادی پارەکەی لەسەر ماوە دەسبەجێ پێی بار بکەی و بینێری بۆ مەهاباد. ئەگەر بروبیانووی هێناوە بیهێنی بۆ ئێرە».

---

(١) لە هەر خاوەن مڵکەی هێندێ گەنمیان دەستاند، بەناوی ئەوە کە لە پێداویستیی خۆی زیادە و ئیحتیاجی پێی نییە. ئەمەیان ناو نابوو (مازاد)، وە لە جیاتیی ئەو گەنمەش یا پارەیان نەدەدا، یا شتێکی زۆر کەمیان دەدا.

حوسێن قولی دوو ژاندارمی لەگەڵ خۆی هەڵگرت، تفەنگیان کردە شانیان و سوار بوون ڕۆیشتن. دەیزانی کوێ بڕۆینە و کوێ کرێنە. خۆی لە خاوەن مڵکە گەورەکانی کە دۆستایەتییان لەگەڵ سەرلەشکر و سەرهەنگ و شتی وا هەبوو بوارد، ڕووی کردە خاوەن مڵکە ناوەنجییەکان. ئەوەی مازادی لەسەر مابوو ١٥- ٢٠ تمەنی لێ ئەستاند. ئەوەی لەسەری نەمابوو دەیگوت ناوت لەگەڵ ئەوانە هاتووە کە نەیانداوە. بچۆرە بۆکان لای سەرۆکی ژاندارم، بەشکم لەوێ ڕوون بێتەوە کە داوتە یان نا.

ئەملا، ئەولا، ئاخرەکەی بە ٥- ٦ تمەن وازی دەهێنا کە ئەو سەفەرەی وەبەر نەخا.

حوسێن قولی بە ٤- ٥ ڕۆژ دوو سەد تمەنی کۆ کردبووەوە. کەوتبووە کرکاشی زیادی. نێزیک نیوەڕۆ بوو گەیشتە گوندی (کانی تۆمار). لەوێ نیوەڕۆژی کرد و سەید حەسەنی خاوەن مڵکی ئاواییەکەی هەڵپێچا کە بینێرێ بۆ بۆکان. سەید حەسەن لە کەمەوە و حوسێن قولییش لە زۆرەوە دەستیان کرد بەسەودا. لە دوای چەنە لێدانێکی زۆر لەسەر دە تمەن ڕێک کەوتن. حوسێن قولی دە تمەنەکەی وەرگرت و بەرەو (حاجی کەند) کەوتە ڕێ. ئێوارە گەیشتە حاجی کەند. حەسەن ئاغای حاجی کەند لە دیواخان لەگەڵ چەند کەسی میوان دانیشتبوو. کە لە دوورەوە چاوی بە ژاندارمەکان کەوت، دەسبەجێ میرزای بانگ کرد و گوتی: بچۆ، بەهەر جۆرێک بێ کارێکی وا بکە برۆن، با نەبنە مووی لووت لە میوانەکان.

میرزا بە پیریانەوە چوو، دەستی کرد بەسەوداکردن لەگەڵیان کە ئەو شەوەیان لێ بکرێتەوە. چەندەیان بداتێ لەوێ دانەبەزن و بچنە دێیەکی تر. حوسێن قولی لە بیست تمەنەوە و میرزاش لە پێنج تمەنەوە دەستیان پێ کرد. ئەو تمەن تمەن دەهاتە خوارێ، ئەمیش تمەن تمەن دەچووە سەرێ. حوسێن قولی لە دوازدە تمەن پێی چەقاند. میرزا کە دیتی ئیتر فایدەی نییە نایەتە خوارەوە، دوازدە تمەنی دایە. حوسێن قولی وەری گرت و نایە باخەڵی، ڕکێفی لێ دا و بەرەو (دارەگردەڵە) کەوتە ڕێ.

کە گەیشتە ئەوێ ڕۆژ ئاوابوو. لە ماڵی مامە عەلی دابەزی. هەرچەندە دارەگردەڵە کوێرەدێیەک بوو، مامە عەلییش دەرک و دیواخانێکی وای نەبوو جێگەی حەسانەوە بێ، بەڵام شەو داهاتبوو، ژاندارمیش دەستی شەوی نییە، ناچار بوو لەوێ بمێنێتەوە.

سبەینێ حوسێن قولی لە خەو هەڵستا. بە بەرماڵەکاندا ڕۆیشت، بچێتە سەر حەوز و ئاوەکە دەموچاوی بشوا. گەیشتە بەردەرگەی ماڵێک دەنگی قورئان خوێندن دەهات. لەوێ ڕاوێستا. بیری کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەمە هەرکەس هەیە، یان مەلایەک، یان حاجییەک، سەیدێک، شتێکی وایە. دەبێ شەپکەشی لە سەردا نەبێ. کەوایە شتێکی لێ هەڵدەوەرێ.

فیکرەکەی بە شێوە و ڕەوشتی ژاندارمە ڕاست بوو، چونکە دەوڵەت قانوونێکی دانابوو دەبوو هەموو کەس چاکەت و پانتۆڵ لەبەر کا و شەپکە لە سەر نێ. جلوبەرگی کوردی، کە بەرگی میللیی کوردەکان بوو. قەدەغە بوو، هەرکەس لەبەریدا بوایە، بەپێی ئەو قانوونە تووشی گێچەڵێکی زۆر دەهات.

حوسێن قولی بێ پرس و ڕا چووە ژوورەوە. مەلا کەریم کە پیاوێکی پیر و ڕیش سپی و مەلای ئاوایی بوو، بەیانی نوێژی کردبوو، هێشتا لەسەر بەرماڵەکە بەرەو قیبلە دانیشتبوو قورئانی دەخوێند. پوورە مەنیجی ژنیشی چای لێ نابوو، بە دیاریەوە دانیشتبوو، تا مەلا لە قورئان خوێندن دەبێتەوە.

مەلا کەریم کە دیتی بەم بەیانییە لە جیاتی خێروبێر ئەو بەڵایەی لێ پەیدا بووە، سپی هەڵگەڕا و قورئان خوێندنەکەی لێ تێک چوو، بەخێرهاتنی حوسێن قولیی کرد و بە مەلاژنی گوت چای تێ کا.

حوسێن قولی بە نیوە کوردی و نیوە تورکی گوتی: چای ناخۆمەوە، دەچمە ماڵی مامە عەلی. خێرا خۆت ساز کە، دەبێ بێی بۆ بۆکان.

مەلا: من لە ڕێی هیچدا نیم، کارم بە چاک و خراپی دنیا نییە، پیر و پەککەوتووم، بۆچی بێم بۆ بۆکان؟

حوسێن قولی: گوێ نادەیە قانوونی دەوڵەت. نە شەپکەت لە سەرە، نە

چاکەت و پانتۆڵت لەبەرە. مەگەر ئەمە بێ قانوونی نییە؟

حەمەشەریف دراوسێی مەلا کە چاوی لێ بوو ژاندارم چووە ماڵی مەلا، دەسبەجێ هات بەشکەم بەهەر جۆرێک بێ مەلا لە چنگ ژاندارم ڕزگار کا.

حەمەشەریف ڕووی کردە حوسێن قولی:

– کوڕە عەیبە، چیت لەم پیاوە دەوێ! ئەمە لە کوێ بڕ دەکا بێتە بۆکان؟ وازی لێ بێنە. ئینساف شتێکی باشە.

حوسێن قولی: من ئەم قسانە نازانم، پیاوی دەوڵەتم. دەبێ فەرمانی دەوڵەت بەجێ بگەیێنم.

حەمەشەریف حوسێن قولیی بردە حەوشەکە، هێندێ سرتەی لەگەڵ کرد و هاتنەوە ژوورەوە. حەمەشەریف گوتی: بە پێنج تمەن ڕازیم کردووە واز بێنێ، بزانن پێنج تمەنەکەی بۆ پەیدا کەن.

مەلاژن کە ئافرەتێکی پیر و ڕەق و ویشک بوو لە ترساندا دەلەرزی. بەزەحمەت هەستا و دەستی کرد بە پشکنینی پرۆپرێسکە، ئاخرەکەی دوو تمەنی دۆزییەوە، دایە دەست حەمەشەریف و گوتی: بەخوا لەمە زیاتر لە ماڵماندا نییە. حەمەشەریفیش گیرفانی گەڕا تاقە تمەنێکی پێ بوو، دەری هێنا و لەگەڵ دوو تمەنەکەی مەلاژن دای بە حوسێن قولی و گوتی: نییانە، هیچیان نییە، ئەوەتا بە بەرچاوی خۆتەوە من تمەنێکیان بۆ دەدەم. منیش هەر ئەوەندەم پێیە ئەگینا درێخیم نەدەکرد.

حوسێن قولی کە دیتی هیچی تریان لێ پەیدا نابێ، سێ تمەنەکەی وەرگرت و ڕووی کردە مەلا:

– مامۆستا، لەبەر خاتری قورئانەکە ئەوا وەری دەگرم. دایکم دوو سێ مانگە مردووە، لە جیاتیی دوو تمەنەکەی تر قورئان بۆ دایکم بخوێنە.

## نە دیداری حاجی، نە خەوی مزگەوت

دیســـــــان ئەو ڕۆژەش بردبوویانە بێگار، هەدایان پێ نەدابوو. هەر لە تاوکەوتنەوە تا ئێوارە، بە درێژاییی ڕۆژگاری بەهار ڕەتاندبوویان. کابرای گزیر سەری زمان و بنی زمانی جنێو بوو. دەمی دەتگوت چەقەنەی ئاشە پەیتا پەیتا دەینەڕاند و دەیگوڕاند.

بایز کوڕێکی وریا و لەسەرخۆ بوو. زۆر باشیش بەخۆیدا دەپەرموو، بەڵام نەیدەویست دەم بنێتە دەمی کابرایەک کە لە ترسی کار و زەحمەتکێشان بووەتە باشماوخۆری ئاغا و ئاوا بەڕووشەڵی بەسەر هاومالەکانیدا دەگوڕێنێ. ئەو ڕۆژەش تا ئێوارە قوڕەکاریی بۆ ماڵی ئاغا کرد. ئێوارە نزیک تاو پەڕین بەدەست و قاچی قوڕاوییەوە هاتە ماڵەوە، چارۆکەکەی کە قۆرییە تەنەکەکە و ئیستیکان و ژێرپیاڵەکە و نەختێ شەکر و چای تێدا بوو، دا دەست ژنەکەی. چووە سەر کانی دەست و قاچی شۆرد و هاتەوە.

خەزاڵی ژنی هێلکە و شۆرباوی لێ نابوو، بۆی تێ کرد: بایز دوو سێ نانی تێ گوشی. تا خەزاڵ خەریک بوو قۆرییەکە بنێتە سەر ئاگر، بایز لە برساندا خۆشی نەیزانی چۆنی تێگوشینەکە هەڵلووشی.

خەزاڵ: نەختێ چێشت ماوە، بۆت تێ کەم؟

بایز: نا، نامەوێ، بۆم تێ مەکە! کیسە توتنەکەی دەرهێنا. سیغارێکی پێچاوە و دای گیرساند. جاروبار مژێکی لێ دەدا و چاوی بڕیبووە قۆریە ڕەش و دووکەڵاوییەکەی سەر ئاگرەکە.

خەزاڵ زۆری پەرۆش بوو، سەرنجی بایزی دەدا. ئەو ئێوارەیە کز و مات بوو. خەزاڵ جارێک لە دڵی خۆیدا دەیگوت ڕەنگە کابرای گزیر بەگژیدا چووبێ. جارێکیش دەیگوت بەم ڕۆژگارە درێژە قوڕەکاریی کردووە، شەکەت و

ماندووه. نیازی بوو لێی بپرسێ، بەڵام پەشیمان بووەوە، گوتی هەرچییەک هەیە با هەر نەیخەمەوە بیری.

چایەکە پێ گەیشت. خەزاڵ پیاڵەیەکی بۆ تێ کرد و بە زەردخەنەیەکەوە بۆی دانا گوتی: چایەکی جوانە، باشی دەم کێشاوە، بیخۆوە با بۆت تێ کەمەوە، بەشکم ماندووت بحەسێتەوە.

بایز لەبەر وتوویرەی خۆی نەیپرژا سەر دڵسۆزیی خەزاڵ. پیاڵەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بەخواردنەوەی چایەکە. تامی چایەکە سەرنجی بۆ لای قسەکەی خەزاڵ ڕاکێشا، گوتی دەستت خۆش بێ، ڕاست دەکەی، بۆم تێ کەوە با بحەسێمەوە!

خەزاڵ بۆی تێ کردەوە. بایز دەتگوت بەربانگی ڕەمەزان دەکاتەوە، سیغارێکی تریشی پێچاوە، دای گیرساند، وەکو لە بیرکردنەوەکەیدا گەیشتبێتە بڕیاری ئاخری، مژێکی قایمی لە سیغارەکەی دا، بە بزەیەکی ساردەوە گوتی: خەزاڵ! ئەم دێیە بەکاری ئێمە نایەت. بە بێگار دەمانپڕووکێنن، نایەڵن کار و کاسبییەک بۆ خۆمان بکەین. وا چاکە سەری خۆمان هەڵگرین و بڕۆین.

خەزاڵ: جا باشە، نیازی کوێت هەیە؟ بچینە هەر کوێیەک هەر وایە. ئاغا و کوێخا و گزیر، قڕیان تێ کەوێ، لە هەموو دێیەک هەن.

بایز: ئەوە دەڵێی چی؟ من لە داخی ئەمانە سەری خۆم هەڵدەگرم. چ ناکەم دەچمە جێگەیەک هەر ڕۆژە نارۆژێ گزیر بێت و دەنگم دا بۆ بێگار؟

خەزاڵ: ئەی کەوایە دەچییە کوێ؟

بایز: دەچینە سابڵاخ.

خەزاڵ: کوڕە، بایز! ئەمە چ خەیاڵێکە کەوتووەتە سەرت؟ ئێمە لە سابڵاخ چۆن بەڕێ دەچین؟!

بایز: بۆچی بەڕێ ناچین؟ ئەم قوڕەکارییەی لێرە بە بێگار دەیکەین، لەوێ بیکەین گەلێ باشتر بەڕێ دەچین. ئێستا جارێ نە منداڵمان هەیە و نە هیچ.

تاقـه دوو سـەرخـێـزانـین. ئەگـەر کـار بۆ خـۆمـان بکەین، بەرێچـوونی دوو سـەرخێزان هەر پەیدا دەبێ. ئەوەتا لێرە ئەمـە حـاڵمـانە، سـەرەڕای بێگارەکە دایک و باوکیشمان لە چاڵ دەردێنن.

خەزاڵ: باشە، چۆنت پێ خۆشە، وا بکە.

نەختێ شرەوپڕە و قـاپ و قاچاخیـان بوو، کۆیان کردەوە و ڕۆیشتن. چوونە سابڵاخ، لە گەڕەکی (بەرداشە کۆن) هۆدەیەکیان بەکرێ گرت و دانیشتن. بایز هەمـوو ڕۆژێ دەچووە کرێکاری. ژیانیـان لە چاو ئەو وەختـە کە لە (کێچ ئاوا) بوون گەلـێ باشـتر بوو. وردە وردە نـەختێ پووڵیـان پاشـەکەوت کـرد. بایز لە دێهـاتـی (شـاروێران) شـارەزا بـوو. ئەم مـاوەیەش لـە سـابڵاخ نەخـتـێ چاوی کرابووەوە، دەستی کرد بە هاتوچووی لادێ، هێلکە و مریشک و ڕۆن و پەنیر و مـیـوە و سـەوزی و شـتـی وای دەکـڕی، دەیهـێنا سـابڵاخ دەیفـرۆشـتـەوە. تا ئاخرەکـەی دووکانێکی بەکرێ گرت و بووە دووکـاندار. ئەمـجـار خـانوویەکی سەربەخۆشی گرت.

کوڕێکی سەرڕاست بوو، فڕوفێڵی لە کڕیارەکان نەدەکرد. زۆری پێ نەچوو ئاشنا و ڕۆشـنایەکی زۆری پەیدا کـرد. خـەڵکی کـێچ ئاوا و ئـەو دەوروبەرە سـەودا و مـامـەڵەیان لای بایز بوو. خزم و دۆست و برادەرەکانی کـە دەهاتنە شـار لای ئەو مـیـوان دەبوون. لە مـاوەی ئەم چەند سـاڵەدا دوو مـنداڵیـشیـان بووبوو. ئیـتـر خـانووەکـە بچـووک بوو جـێگەیان نەدەبووەوە. لەگـەڵ خـەزاڵ تەگبیریان کرد خانوویەک بکڕن.

بایز کەوتە پرسیار و دەلاڵی ڕاسپارد، خانوویەکی لە گەڕەکی (قولەقەبران) دۆزییەوە و کڕی. ئەمجار بەجارێک حەساوە.

تێکەڵیی ئاشناکان و دراوسێکانی کاری کردە بایز و لەگەڵیان چووە ماڵی شێخ بوو بەسۆفی. لە بایز کێچ ئاواییـیەوە بووە سۆفی بایز. هەمـوو شـەوێ پێش مەلا بانگدان دەچووە مزگەوت، جەماعەت و خەتمی دەکرد.

لە ڕۆژی هەوەڵەوە کـە مـاڵی چووە ئەو گـەڕەکـە، گـەلێ بەیانـی کـە دەچووە

مـزگەوت، حـاجی ڕەحیم لە پێش ئەودا لەوێ بوو. لـە دڵی خـۆیدا دەیگوت ئەم حـاجـییـە چەندە پیـاوێکی بەدینە. وا دیـارە شـەو کـە دەخـەوێ هـەر بەخـەیاڵی جەماعـەت و خەتمەوەیە. ورده ورده لەگەڵ حـاجی ڕەحیم بوو بەئاشنا. تا بانگ دەدرا و مــەلا دەهـات حــاجی نـەقڵ و حـیکایـەتی بۆ ســۆفی بایز دەگـێـڕاوە. قسـەکانی حاجی زیـاتر لەبارەی سـەفەری حـەج بوو. سۆفی بایز خـەیاڵی حەج کەوتبووه سـەری. جار لەگەڵ جار قسـەکانی حاجیی پتر پێ خۆش بوو.

شــەوێکیــان حــاجـی گـوتی: ســۆفی بایز! وەکـو بیــســتــوومــە مــیــوان و هـاتوچووکەوت زۆرە. منداڵیشت هـەیە.

بایز: لە سایەی خوا و هیمەتی شێخەوە دوو خولامی تۆم هەن.

حــاجی: ئەی ئافــرەت، کـێت لە مــاڵدا هـەیە مــیــوانت بـۆ بەڕێ بکات و منداڵیشت بۆ بەخێو بکا؟

بایز: وەڵڵا هەر دایکی منداڵان.

حـاجی: سۆفی بایز، تۆ پیـاوێکی لە خـواترسی، چۆن ئەم زوڵمە لەو ئافـرەتە دەکەی؟

بایز: حـاجی گیـان! چ بکەم خـۆم دایک و خوشکم نـییە. ژنەکەشـم کـەسی نییە. دەنا دەزانم ئەو ئافرەتە زۆر ماندوو دەبێ، بەڵام چار چییە؟

حـاجی: چۆن چار چییە؟ شـەرعی خـوا و پێغـەمبـەر ڕێگەی داوە ژنێکی تر بێنە. هـەم ســونـەتە و هـەم مــاڵەکــەشت بەڕێوە دەبەن. هـەزار نـەخــۆشی و ســەرئێشــە هـەیە. یەکـیـان نەخۆش دەبێ، ئـەوی تریان ئاگـای لە منداڵەکـانت دەبێ و مـیـوانیـشت بۆ بەڕێ دەکا، یەکیـان دووگیـان دەبـێ، ئەوەی تریان کـار دەکا. خۆ شوکر حاڵیشت باشـە، لەسـەر بەڕێ چوون پەکت ناکەوێ.

بایز: فەرمـایشتەکـەت جوانە، بەڵام خێزانەکەم ئافـرەتێکی زۆر باشـە، زۆری کوێرەوەری لەگەڵ من دیوە، دڵم نایە دڵی بشکێنم.

حـاجی: بێ قـەزا بی، ئەو هەمـوو پیـاوەی دوو ژن و سێ ژنیـان هـەیە. خـۆ هەموویان ژنە هەوەڵەکەیان خراپ نەبووە، کەچی ژنی تریشیان هێناوە.

بایز ئەم خەیاڵە لە مێشکیدا جێگیر بوو، بیری کردەوە ئافرەتێکی وا بدۆزێتەوە لەگەڵ ژنەکەشی بسازێ و بەکاری ماڵەکەشی بێ. دوای چەند ڕۆژ بیرکردنەوە ئاخرەکەی بڕیاری دا، لە حاجی ڕەحیمی پرسی: ئەو شەوە تەگبیرێکی باشت بۆ من کرد، تۆ خۆ خۆت خەڵکی گەڕەکی، داخۆ ئافرەتێکی باش ناناسی؟

حاجی: چۆن ناناسم؟ زێبای کچی حاجی کەریمی خۆمان. تەواوی ئەم شارە بپشکنی ئافرەتی وا نادۆزییەوە. حاجی کەریم بنەماڵە و پیاوماقووڵی گەڕەکە. پیاوێکی سەربەدەرەوەیە، لە هەموو سابڵاخدا ناسراوە. پیاوێکی دەوڵەمەندە و چاوی لە ماڵی تۆ نییە، خزم و تایەفەدارە. تۆش پیاوێکی تەنیا باڵی، زۆر پێویستە پیاوێکی وا لە پشتت بێ. دنیا هەزار تەنگانەی هەیە. کچەکەشی قەیرە کچە، منداڵ و قرتی نییە، زۆر باش بەکاری ماڵ دێ.

بایز حاجی ڕەحیم و دوو سێ پیاوماقووڵی تری گەڕەکی ناردە ماڵی حاجی کەریم و زێبای خواست، مارەی کرد و زەماوەندی بۆ گێڕا و گواستیەوە.

زێبا چ زێبا! وا دیاربوو لەبەر ناحەزی مابووەوە و کەس نەیویستبوو. بۆ کاروباریش وەکو گای تەمبەڵ، ئاگرت لەسەر پشتی بکردایەوە نەدەجووڵا. خەزاڵ لەلایەک لەبەر دڵی بایز، لەلایەکیش لەبەر ئەوە زێبا تازەبووکە، سەرەڕای کوێرەوەریی خۆی، خزمەتی ئەویشی دەکرد.

زێبا لە جیاتیی ئەوەی بکەوێتە کار و هەڵسووڕان، تا دەهات زیاتر بەفیز و دەعیە دەبوو، وەکو کارەکەر دەیڕوانییە خەزاڵ، ئەگەر بایز کارێکی پێ دەسپارد، سێ و دووی نەدەکرد و دەیگوت: خۆ من کارەکەر نیم. بە ژنە کرمانجەکەت بڵێ. وردە وردە چەنە بەچەنەی بایزیش دەوێستا: بڕۆ کرمانج، لادێییی گەوج. تۆ عەقڵت لە کوێ بوو! بایز لە ترسی حاجی کەریم و خزم و تایەفەکەی نەیدەوێرا هیچ بە زێبا بڵێ، بەڵام خەزاڵ جاڕز و هەراسان بوو. ئیتر گەلێ جار چێشتی لێ نەدەنا و نانی نەدەکرد. هەموو شەو و ڕۆژێک شەڕ و هەرا و چەقەچەق بوو.

شەوێکیان هەر لە ئێوارەوە تا نیوەشەو شەڕەجوێن و چەقە و هەرای زێبا

بوو لەگەڵ خەزاڵ و بایز. ئاخرەکەی بایز لێفەیەکی هەڵگرت و چووە مزگەوت بخەوێ تا سبەینێ فریای دووکان و کار و کاسبییەکەی بکەوێ. کە چووە ژوورەوەی مزگەوتەکە سەرێک لەژێر بەرماڵەوە قوت بووەوە. حاجی ڕەحیم بوو. بایز بەپەشێوی سڵاوێکی کرد.

حاجی ڕەحیم: عەلەیکەسەلام! وەرە براکەم، وەرە زۆر بەخێربێی!

بایز بەکزێکەوە وەڵامی داوە.

حاجی: چییە، چ باسە؟ بۆچی وا پەشێوی؟

بایز: ڕەبب ماڵت وێران بێ! کوڕ و کچت بە کۆی زوخاڵ بێ، وەکو منت تووشی ئەم مەینەتە کرد.

حاجی دەستی کرد بەگاڵتەکردن: دەی دەی! ئەو تووڕەیییەی ناوێ. وەرە، براله وەرە. ئا لەوێ بۆ خۆت بخەوە. تایەفەی حاجی کەریم هەر وان، نەختێ توندە تەبیاتن. خوشکی حاجییش لەگەڵ من و ژنە گەورەکەم هەر وایە. خوا هەڵدەگرێ هەر من بە تەنیا لە مزگەوت بخەوم؟

بایز لە داخاندا وەڵامی حاجیی نەداوە، چوو لەولاوە ڕاکشا. بەڵام بەهیچ جۆرێ خەوی لێ نەکەوت. بیری لە حاڵی خۆی دەکردەوە کە چۆن بەدەستی خۆی ماڵ و حاڵی لە خۆی تێک داوە: من لە کێچ ئاوا ئەگەر بە ڕۆژ دەچوومە بێگار، هیچ نەبێ بە شەو دەحەسامەوە. ئێستا کاسبییەکەم لێ بووەتە بێگار، حەسانەوەی شەویشم لە کیس چووە، ئاشنا و دۆستەکانم لێ تەکیونەتەوە. خەزاڵیش ئەوەندە چەوساوەتەوە بەحاڵ گیانی لەبەردا ماوە. من لە دەست ئاغا ڕام کرد، کەچی لێرە بەدەستی خۆم ئاغام هێناوەتە سەر خۆم.

حاجی ئاگای لێ بوو بایز هەر ئەمدیو و ئەودیو دەکات و خەوی لێ ناکەوێ. گوتی: براله، خۆت ئەوەندە سەخڵەت مەکە. ئێستا بخەوە، بەیانی بەوردی تێم بگەیەنە چیت لێ قەوماوە. تەگبیرێکی باشت بۆ دەکەم.

بایز (بەبۆڵەبۆڵ): وەکو تەگبیرەکەی پێشووت! ئەگەر ئەمشەو ڕۆژم لێ دەبێتەوە ئیتر نە دیداری حاجی، نە خەوی مزگەوت!

## چای دیواخان

دیواخـانەکـە ئاوەدان کـرابـووەوە، دیوارەکـانـی سـواغی تازە درابـوون، سـێ پەنجـەرەکەی شـۆرابوون. قاڵیی تازە و باشی لێ ڕاخـرابوو، بەڵام پێشـخانـەکە پێـویسـت نەبوو خـۆی پێوە مـاندوو کرێ. چاوەڕوانیی ئەوە نەدەکـرا هـەرچەند ڕۆژێک جارێک ئاغاوات بە دەستەسـوارەوە دابەزن و میوان بن. ئاغا لە ژووری دیواخـان و نۆکـەرەکان لە پێشـخـانە مـیـوانداری بکرێن، چـونکە (ئاغـا مـیـرزا ڕەحـمـان) تـاجـرێکی سـابـڵاخی (مـەهـابـادی) بوو تازە گـوندی (قـاجـر)ی لە کوڕەکانی حەمەسالّح خان لە جیاتیی قەرز و سووتی قەرزە ئەستاندبوو.

نە عێل و عـەشیـرەتی بوو، نە خزم و قـەومی خاوەن مڵک. هـەرچـەنـد گەلێ لە خاوەن مـڵکەکانـی ئەو دەوروبەرە دەوڵەمەندتر و پارەدارتر بوو، بەڵام ئاغـاواتی دێبوکری و بەگزادەکانی فـەیزوڵا بەگی هـەر بە جاوفـرۆشێکی سابڵاغیان چاو لێ دەکرد. شایانی ئەوەیان نەدەزانی لە ڕیزی خـۆیانی بژمـێرن و خـێرا خێـرا سـەری بدەن.. کـابرایەکی سوارچاک یا ڕاوکـەرێکی باشیش نەبـوو تا لە کۆڕی ڕاوکەراندا جێی بکەنەوە. جاروباریش دوای ڕاو لە ماڵی دابەزن.

ئاغا میرزا ڕەحـمـان کە بە درێژاییی ژیانی لەناو ئەم خـەڵکە زۆر و زەوەندەی دنیادا تەنـیا بەسـەر (خـانم) و چێشـتکەرەکەی ماڵەوە و شـاگردەکـەی دووکاندا فـەرمانڕەواییی کردبوو، ئێسـتا کـە دەیدی خـاوەن مڵکە و شـەست حەفـتا مـاڵ ڕەعیـەتی لە بەردەسـتـدایە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت (شـەندە لـە مـەندە کـەمـتـر نییە)، با بنە و بنەچەکەم سابڵاغی و کووتاڵفرۆشیش بێ، ئێسـتا دەرەبەگێکی تەواوم. لە شـەش دانگـی ئەم دێیـەدا فـەرمـانم ڕەوایە و کـەس لـە خـۆم گـەورەتر نییە. وا چاکـە دەرک و دیواخـانێکم ببێ تا ڕەعیەتەکانم چاویان بترسـێ و ئاغا و بەگـەکـانیش گـاڵتـەم پێ نەکـەن. جا ئـەوە بوو دەسـتی کرد بـەڕازاندنەوەی

دیواخـانەکە. دوو نۆکـەری سواری و چایچـیـەکـیشی گـرت. ئەسـپـاردی لە پێـشـخـانە یەک دوو بەڕەیان ڕاخـست. مـێـزێکی قـورس و قـایمیـان لێ دانا، سـەماوەرێـکی هـەشتیی میـسواری گەورە و قۆرییـەکی چینیی سوور و یەک دوو دەست پیاڵە و ژێرپیـاڵە و کەشـەفی ژێر ئیـستیکان و قـەندان و قوتووی چایی و مقاش و دووکەڵکێش و سەتڵ و خەڵووز و شتی وایان لە پێشخانە ئامادە کرد.

مەلای ئاوایی و ڕیش سـپی و کەیخوای قاجر تاق و جووت و دەسـتە دەسـتە دەهاتنـە بەخـێـرهـێنان و پیـرۆزبایـیی ئاغـای تازە. دیارە بەدەسـتـی بەتـاڵیش نەدەهـاتن، هـەر کـامێکیان گیسکێک، کووپە ڕۆنێک یا کووپە پەنیرێک، یا هیچ نەبێ مریشکێک یا ١٥- ٢٠ هێلکەیان پێوە دەهێنا.

ئاغـا مـیرزا ڕەحـمـان کـە چاوی بەم خـێـروبێرە دەکـەوت، لە خـوت و خـۆڕایی بەسـەریدا دەرژا، لـە خـۆشـیـیـاندا توێژ توێژ قـەڵەو دەبوو و لە پێـسـتـی خـۆیدا جێی نەدەبووەوە، بە شێوەی ئاغا و بەگەکان بانگی دەکرد:

- کێ لەوێیە؟

یەکێ لە نۆکەرەکان یا چایچییەکە:

- بەڵێ، بەڵێ، ئاغا.

- چای بێنە!

چایچـیـیـەکە چای تێ دەکرد، پیاڵە چاکەی دەنا سـەر کـەشـەف و چـەند کلـۆ قـەندی لەسـەر دادەنا. یەکێ لە نـۆکـەرەکـان هـەڵی دەگـرت و دەیبـردە ژوورەوە لەلای سـەرەوە دەستی پێ دەکرد و لە پێش مـیوانێکی دادەنا. دیسان دەهـاتەوە پیـاڵەیەکی تری دەبرد. نەدەبوو وەکو چایخـانە دوو سێ پیـاڵە بەجـارێک بەرێ، چونکە ڕەسـمی دیواخانی ئاغا و بەگەکان وایە کە هـەر دەبێ پیاڵە پیاڵە چای بەرن و دای نێن.

(ڕەسـوو) لەمـەوپێش مـاوەیەک چایچـیی دیواخـانان بووبوو، لە ڕێوشـوێنی چایچـیـیـەتیی ئاغـاواتی باش دەزانـی. بەیانیـان زوو پێش هـەتاو کـەوتن کـە سـەمـاوەری تێ دەخـست، تا شـەوێ وەختـی خـەوتن نەیدەهـێشت بکوژێتـەوە.

بەدرێژاییی ڕۆژ و هێندێکیش لە شەو هەر وەختێ ئاغا بانگی دەکرد: چای بێنن، ڕەسوو دەسبەجێ چای تێ دەکرد، هیچ کاتێ درەنگی پێ نەدەچوو و بڕوبیانووی نەدەهێناوە. چەند مانگێک بەم جۆرە ڕابوورد. ئاغا میرزا ڕەحمان ڕێوشوێنی ئاغایەتی فێر بوو، بۆی دەرکەوت کە ڕەعیەتەکان سەرنەرمن، بەهەرلایەکدا هەوساریان ڕاکێشی وا دەڕۆن، ئیتر بەپێویستی نەدەزانی هەر ڕەعیەتێک هاتە دیواخان بە پیاڵە چایەک میوانداریی بکا، یا باشتر بڵێین بیخەڵەتێنێ. جگە لەوەش ئێستا ئیتر خۆ هێنانی پێ پیرۆزانە و جێژنانە بڕاوەتەوە. کە دەهاتنە دیواخانە، بۆ شکایەتکردن بوو، کە گای سۆفی ڕەحیم مەسەلا چووەتە ناو شیناوەردی حەمە کەریم یا ئەم نۆرەئاوی لە ئەو گرتووە، یا شتی تری لەم بابەتانە. ئیتر بۆ ئیش و کاری ئاوا کە هیچ خێرێکی لێ هەڵناوەرێ پێویست نییە کابرا چایەکیش بخواتەوە.

شەوێکیان ئاغا میرزا ڕەحمان لە ماڵەوە لە وتوویری کاسبکارانەدا بوو، هەموو بیری خۆی کۆ کردبووەوە کە مەسەلەی چای بەجۆرێک چارە بکا. لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– ئەم ئاغا و بەگانە ئاقڵیان ئاوایە، بۆیە بەژێر قەرز و سووتەوە دەبن و ملکەکەیان لە دەست دەردەچێ. ئێمە لە دووکان کڕیارێک بایی سەد دوو سەد تمەن کووتاڵی لێ دەکڕین، تمەنی دوو قڕان یا سەدی بیستمان قازانج دەکرد، جا چایەکمان بۆ دەکڕی. کەچی ئێستا کابرای کرمانج دێ دەڵێ سۆفی ڕەحیم زیانی کردووە، بانگ کەم چای بۆ بێنن؟ ئەمە کارێکی گەوجانەیە.

کتوپڕ (خانم) میرزا ڕەحمانی وریا کردەوە و گوتی:

– ئاغا! قەند و چا هەر بەشی دوو سێ ڕۆژ ماوە، تا زووە بنێرە (بۆکان) قەند و چا بکڕن.

میرزا ڕەحمان گوتی: کوێڕا تەواو بوو؟ خۆ ئەوەندە نییە قەند و چام کڕیوە!

خانم: ئەمە تۆ دەڵێی چی؟ لات وایە جارانە و لە شارین؟ ئەوەندەی لە شار بە ساڵێک قەند و چامان دەخواردەوە، ئێستا بە ١٥- ٢٠ ڕۆژ دەخورێتەوە،

بگره زیاتریش. ئەمە لای خۆی بووینەتە خاوەن ملّک و ئاغادێ. جا خۆ بەم جۆرە بڕوا دوو ساڵی تری پێ ناچێ دەسمایەی تجارەتەکەشمان لە دەست دەبێتەوە. تازە لە ڕوومان نایە ڕوو بکەینەوە شاریش.

ئاغا میرزا ڕەحمان قسەکانی خانمی زۆر بەدڵ بوو، بەڵام نەیویست خۆی بشکێنێ، گوتی: خانم تۆ دەبێ ئەوەت لە بیر نەچێ کە ئێمە ئێستا کابرایەکی دووکانداری سابلاغی نین، ئێستا ئێمە ئاغاین خاوەن ملّکین، بە ڕیزی ئەو ئاغاوەت و بەگزادانەین. پێشینان گوتوویانە: «گەورەیی خەرجی دەوێ». دەبێ دەرک و دیواخان و نان و خوانمان ببێ، دەنا ئابڕوومان دەچێ و هیچ کەس بە پیاومان نازانێ. جارێ نوخشە دەرنەهاتووە، با حاسڵ پێ بگا ئەو وەختە دەزانی ملّک چەندە بە بەرەکەتە، نێزیکەی چواریەکی حاسڵی ئەم دێیە بەم ٦٠- ٧٠ ماڵ ڕەعیەتەوە هیی ئێمەیە. ملّک لە گەنج و خەزێنەش باشترە، هەرگیز بڕانەوەی نییە.

خانم بێدەنگ بوو، بەڵام میرزا ڕەحمان لە دڵی خۆیدا گوتی:

– با ملّک وەکو گەنج و خەزێنەش بێ، بەڵام حیساب هەر حیسابە. هیچ کاتێ لە بازاڕدا نەبینراوە ئەوانەی هەزار هەزاریشیان هەیە تاقە شاییەکی خۆیان بە خۆڕایی بدەن بە کەس. خۆ من وەکو ئەم ئاغا و بەگانە لە هیچ و خۆڕایی ملّکم وەدەس نەکەوتووە. ئەمە خوێنی جەرگمە، هەموو بە قڕان قڕان و شایی شایی کۆم کردووەتەوە. ئەم دیواخانە ئەگەر چایخانە بوایە لە شار، جگە لەوە کە زەرەری نەدەکرد، هەموو ڕۆژێ قازانجێکی باشیشی لێ پەیدا دەبوو. خەڵات و بەراتی چایچی و نۆکەرەکانی دەردەهێنا و شتێکیشی دەمایەوە.

نەخێر، دەبێ چارەی ئەم مەسەلەیە بکرێ!

– باشە ئەگەر دیواخانەکە دادەخەم بە درێژایی ڕۆژ ئەم کرمانجانە دێن و هەریەکەی کارێکی هەیە ئەو وەختە دەبێ ئەم چەقە و هەرایە لەناو ژن و منداڵەکەمدا بکرێ، خۆ ئەمەش نابێ!

ئەگەر سەماوەر و شتومەکی چایەکە کۆ دەکەمەوە، بەشکەم کتوپڕ میوانێکی ماقووڵ و گەورە هات، لە کوێ ئەو شتومەکانە خێرا دەهێنرێنەوە دیواخان؟ جگە لەمە کە لەناو کرمانجەکاندا سووک دەبم، دەبمە گەپچاڕی ئاغا و بەگەکانی دراوسێش.

کتوپڕ وەکو فەیلەسووفێکی بیر لە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ و قورس بکاتەوە و لە نەکاو ئیلهامی بۆ بێت، ڕووناکایی کەوتە ناوچاوانی ئاغا میرزا ڕەحمان. بزەیەکی شادی کەوتە سەر لێوی و گوتی: خانم، باشە، سبەینێ دەنێرم بۆ قەند و چا، دەستیش پێوە دەگرین.

بەیانی بە عادەتی ڕۆژان چووە دیواخان. یەک دوو کەس هاتن. بانگی ڕەسووی کرد چایان بۆ بێنێ. چایەکەیان خواردەوە و قسەی خۆیان کرد و ڕۆیشتن. دوای ئەوان بانگی ڕەسووی کرد و گوتی:

– ڕۆڵە، کوڕی خۆم! پێویست نییە هەر وەختێ گوتم چای تێ کەن، گورج چای تێ کەی. جارێک بڵێ قەند نەماوە، دەبێ بچم لە ماڵەوە قەند بێنم، جارێک بڵێ چای نەماوە. جارێک بڵێ تازە ئاوم کردووەتە سەماوەرەکە، با بێتەوە کوڵ. من دەڵێم: چای بێنن! بەڵام هەموو جارێک بە بیانوویێک خۆی لێ ببوێرە.

ڕەسوو: بەڵێ ئاغا، بەسەرچاو.

ئیتر لەو کاتەوە ئەوەندە قەند و چایەی کە لەوێ بوو، وەکو شتێکی موتەفەڕک و پیرۆز، لە جێی خۆی مابووەوە، کەس دەستی لێ نەدەدا. ڕەسووی چایچیش حەسابووەوە. کار و پیشەی ئەوە بوو: «قەند نەماوە، دەبێ بچم لە ماڵەوە بێنم، تازە ئاوم کردووەتە سەماوەرەکە، با بچم چای بێنم، هێشتا ئاوەکە ساردە...».

چەند ڕۆژێک ئاغا میرزا دڵی لە حاست قەند و چا حەسابووەوە. ڕەسووش لە «بەڵێ ئاغا» و چەند وتەی تر زیاتر کارێکی نەبوو. ڕۆژێک نێزیکەی نیوەڕۆ کتوپڕ سەگوەڕێکی قایم دەستی پێ کرد. نیشانەی ئەوە بوو چەند کەسی

بێگانە هاتوونەتە ناو ئاوایی. ئاغا میرزا ڕەحمان کە لە پەنجەرەی دیواخانەکەوە تەماشای کرد، پێنج شەش سوار ژاندارم بوون گەیشتنە ناو ئاوایی. ئەوی پێشەوەیان تفەنگی پێ نەبوو دیاربوو ئەفسەریان بوو. میرزا ڕەحمان بەپەلە ڕەسووی نارده ماڵەوە کە خەبەر بدات میوانی ژاندارم هاتوون و بە گورجی نان و چێشت ئامادە بکەن. خۆشی بە دوو نۆکەرەکەیەوە هاتە خوارێ و تا کۆڵان بە پێشوازیانەوە چوو. سێ چوار ڕەعیەتیشی بانگ کرد. ئەسپی ژاندارمەکان بگرن و بیانبەن تاقەتیان کەن. کابرای ئەفسەر و ژاندارمەکان دابەزین. میرزا ڕەحمان بەدەم بەخێرهێنانەوە وەپێش خۆی دان و چوونە دیواخان. ئەوەندەی دەیتوانی مێشکی خۆی دەگوشی تا دوامین وشەی فارسی کە لە منداڵییەوە بە دەرس خوێندبووی یا بەدرێژاییی تەمەنی بیستبووی وەبیری خۆی بهێنێتەوە و بۆ بەخێرهێنان و مەراییکردن بیانڵێ. چرچ و لۆچی ناوچەوانی لەبەریەک ڕەواندبووەوە و پەیتا پەیتا دەمیشی تا لای بناگوێی دادەچەقاند تا وا پیشان بدات کە گۆیا لە خۆشیی هاتنی ئەوان شایی لە دڵیدا دەگەڕێ. جاروبار وەکو گاجووتێکی گوڵەداسووی گرتبێ، زمانی لوول دەکرد و دەمیشی باریک دەکردەوە و وشەی فارسیی بەنەجووراوی و سەروگوێلاک تێکشکاوی دەردەدا، تا ئەفسەرەکە تێ بگەیێنێ کە (باپیرە گەورەشی دۆینە و شەڵەمی نەخواردووە و ئەوەندە فارسە کاشانییش دەسکی لە دوا ناکەن). بێ پسانەوە دەیگوت: زۆر بەخێرهاتن، سەر چاوەکانم، گەورەتان کردم، پێلاوتان سەر سەرم. (لە تێچێنی قسەکانیدا):

– ڕەسووڵ چای تێ کە.

– ئاغا قەند نییە، با بچم لە ماڵەوە بێنم.

– بەڕاستی ئەگەر ئێوە جاروبار سەری ئەم دێهاتانە نەدەن، خۆ دز و جەردە و پیاوخراپ هیچ ناهێڵن.

– ڕەسوو خێراکە چای بێنە.

– ئاغا چای نییه، با بچم لای ئاغاژن چای بێنم.

– بەڵێ بەڵێ، قوربان! ئەگەر ئاگاتان لە وڵات نەبێ و جاروبار ئێمەمانان گەورە نەکەن و تەشریفتان نەیەت، ئەم ڕەعیەتانە یاغی دەبن و وەڵاممان نادەنەوە. ئەوە لە ترسی دەوڵەت ناوێرن، دەنا گوێ بۆ خواش شل ناکەن.

– ڕەسوو چایەکە بوو بە چی؟ دەخێرا!

– ئاوەکە ساردە، سەماوەرەکە نەهاتووەتە کوڵ.

لەم وەختەدا کابرای ئەفسەر تەماشای یەکێ لە ژاندارمەکانی کرد، لەوە دەچوو بەزمانی حاڵ دەڵێ: «ئەم کابرایە هەر لە قسەی زلی کردووە، وا دیارە نایەوێ پیاڵە چایەکیشمان بداتێ».

میرزا ڕەحمان لە تەماشاکردنی ئەفسەر و ژاندارمەکە جەرگ و هەناوی داکەوت، چونکە زۆر باش دەیزانی ئەگەر بکەونە گێچەڵکردنی و بیانوو دۆزینەوە، بۆ ئەوان لە ئاوخواردنەوە هاسانترە.

لەوانەیە ژاندارمەکە بچێتە دەرێ دە دوازدە فیشەک لە کونە دیوارێک، لە ئاخوڕی تەویلە، یا لەناو کادا قایم بکا، لە پاشا دەست بەپشکنین بکەن و بیدۆزنەوە، خۆ ئەوسا بە پارەی سێ چوار ساڵی قەند و چاش ڕزگار نابێ. ئاغا میرزا ڕەحمان وەک مار پێیەوە بدا لە ناکاو ڕاستەوە بوو ڕای کردە پێشخانە و بەسەبر گوتی:

– کوڕە ڕەسوو! تۆ ئەوە چ بەڵایەکم بەسەر دەهێنی! ئەی ئەوە چییە قەند و چا لەوێیە؟ چای تێ کە، برام چای... وەڵڵا وەبیللا بەڕاستیمە، کوڕە تەڵاقم کەوتبێ بەڕاستیمە! تێ کە!

## هەستکردن قەدەغەیە

ئاغـای دەوڵەتی ددانی دێشـا. چووە لای ددانسـاز، دوای سێ چوار کـەس نۆرەی هات. چووە ژوورەوە، لەسەر کورسییەکە دانیشت.

ددانساز: دەمت بکەوە.

دەوڵەتی دەمی کردەوە.

ددانساز (ماشەکەی لە ددانێکی دا): هەست بەئێش دەکەی؟

دەوڵەتی: نەخێر.

ددانسـاز ماشـەکەی، یەک لە دوای یەک، لە هەمـوو ددانەکانـی دا و ئەو پرسیارەی لێ کرد. دەوڵەتی هەموو جارێ وەڵامی دەداوە: نەخێر.

ددانساز: کەوایە ددانت نائێشێ.

دەوڵەتی: چۆن ددانم نائێشێ؟ ئەی بۆ هاتوومە ئێرە؟

ددانساز: دەستم لە هەموو ددانەکانت دا، هەر دەڵێی: نەخێر.

دەوڵەتی: تۆ پرسیارەکە خراپ دەکەی. دەڵێی «هەست بە ئێش دەکەی؟». لێم بپرسە: دەئێشێ یان نا؟

ددانساز: جا فەرقیان چییە؟

دەوڵەتی: فەرقیان زۆرە. ددانم دەئێشێ، بەڵام هەست بەئێش ناکەم.

ددانسـاز- کـە تازە لـە ئەوروپا خـوێندنی تەواو کـردبوو و لە هـێندێ کـاری نهێنیی دەوڵەت شارەزا نەبوو- سەری سووڕما، بەڵام زیاتر وای خەیاڵ دەکرد کە ئەم کابرایە مێشکی تێک چووبێ. زۆر لەسەرخۆ گوتی:

– حەز دەکەم تێم بگەیەنی پرسیارەکەم بۆچی خراپە؟

دەوڵەتی: چونکە هەستکردن قەدەغەیە.

ددانساز (بە سەرسوورماوییەکی زیاترەوە): هەستکردن قەدەغەیە؟ هەستکردنی ئینسان قەدەغە دەکرێ؟

دەوڵەتی: بەڵێ، قەدەغەیە. چۆن قەدەغە ناکرێ؟

ددانساز: ئەمە شتێکی سەیروسەمەرەیە. هەوەڵ جارە شتی وا دەبیسم. تۆ لەبەر قەدەغەکران وەڵام نادەیەوە؟

دەوڵەتی: بەڵێ.

ددانساز: کێ قەدەغەی کردووە؟

دەوڵەتی: وەزارەتخانە.

ددانساز: کام وەزارەتخانە؟

دەوڵەتی: وەزارەتی ژوورەوە.

ددانساز: شتی وام نەبیستووە.

دەوڵەتی: تۆ هەقتە نەتبیستبێ، خۆ تۆ کارمەندی ئەوێ نی.

ددانساز: یانێ کارمەندەکانی وەزارەتخانە هەقیان نییە هەست بکەن؟

دەوڵەتی: بەڵێ.

ددانساز: گوتوویانە هەست مەکە، ئیتر هەست ناکەی؟

دەوڵەتی: تەنیا گوتن نەبووە، تەداوی و دەرمانیشیان کردووم.

ددانساز: بۆچی هەستکردن نەخۆشییە تا دەرمان بکرێ؟

دەوڵەتی: بەڵێ.

ددانساز: ناتوانم لە قسەکانت تێ بگەم. زۆر ببوورە. خۆ تۆ لە تاوی ددان ئێشە شتی گێژکەری وەکو مۆرفین و بەنگ و شتی وات نەخواردووە؟

دەوڵەتی: نەوەڵا هیچم نەخواردووە و هۆشیشم زۆر لەسەر خۆمە.

ددانساز (لەبەر خۆیەوە قسەکانی دەوڵەتی دووپاتە دەکاتەوە: هەست ناکەم، هەستکردن قەدەغەیە. تەداوی کراوم هەست نەکەم): کێ دەڵێ هەستکردن

نەخۆشییە؟ چۆنیان تەداوی کردووی؟

دەوڵەتی (دەترسێ. چاو بە هۆدەکەدا دەگێڕێ کەسی لێ نەبێ): ناتوانم پێت بڵێم. تۆ ددانم دەرمان کە. بۆچی ئەوەندە لەسەری دەڕۆی؟

ددانساز: قسەکانت زۆر سەیرن. زۆر حەز دەکەم تێ بگەم مەسەلەکە چییە. من کابرایەکی ددانسازم. پێوەندیم بەهیچ لایەکەوە نییە. لێم دڵنیابە، تەواوی ددانەکانت بێ پارە بۆ چاک دەکەم، هەر ئەوەندە تێم بگەیەنە ئەمە چ مەسەلەیەکە؟

دەوڵەتی: من کارمەندم لە وەزارەتخانە. ماڵەکەم دوورە. هەموو ڕۆژێ بە ئوتوبووس دەچم بۆ کار و دەگەڕێمەوە. ڕۆژێک لە ئوتوبووسدا بووم، کتوپڕ سەرۆکی دایرەکەمان سەرکەوت، هاتە ناو ئوتوبووسەکە، هەستام و جێگەکەی خۆم دایە. گوتی:

– ترۆمبێلەکەم پەنچەل بووە. بەجێم هێشتووە شۆفێرەکە چاکی کاتەوە. ویستی نەختێکیش قسە لەگەڵ من بکات. گوتی:

– ئێوە کارێکی باش دەکەن بە ئوتوبووس دێن و دەچن. لە ماڵەوە تا دەگەنە ئێزگەی ئوتوبووس. لە ئێزگەی ئوتوبووسیشەوە تا دەگەنە سەر کارەکەتان بە پێ دەڕۆن. ئەمە وەرزشێکی باشە، لەشتان ساغ دەبێ، هەست بە چوست و چالاکی دەکەن. هەموو ڕۆژێ ئەم هەموو خەڵکە جۆربەجۆرە دەبینن، گوێتان لە گەلێ قسە و باسی سەیر دەبێ. ئەمەش وەکو سەیران و ڕابواردن وایە.

گوتم: جەنابی سەرۆک! ڕاست دەفەرمووی. هەست بە گەلێ شت دەکەین، بەڵام سەیر نین، دڵسووتێنن.

گوتی: چۆن؟ وەک چی؟

گوتم: هەست بەوە دەکەم کە خەڵکێکی زۆر لە ئێزگەی ئوتوبووس ڕاوەستاون و چاوەڕوانن، وە زۆر درەنگ نۆرەم بەردەکەوێ. لەبەر ئەوە گەلێ ڕۆژ فریا ناکەوم نان و چای بەیانی بخۆم. بە سکی برسی دێمە دەرەوە و ڕادەکەم خۆم بگەیەنمە ئوتوبووس. بە هاوین کە بەقرچەقرچی خۆرەتاو، بە

زستان بەباران و کرێوە دێم و خۆم دەگەیەنمە ئێزگەی ئوتوبووس هەست بەوە دەکەم کە ئەو خەڵکە چاوەڕوانی ئوتوبووسن، لە گەرماندا ئارەق دەردەدەن یا لە سەرماندا هەڵدەلەرزن. دەترسن نەگەنە سەر کارەکەیان و بژێویی ئەو ڕۆژەیان دەست نەکەوێ. هەست بە پەرۆشی و پەژارەیەکی زۆر دەکەم کە هێندێ جار دەبینم ئافرەتێک منداڵێکی نەخۆشی بەباوەشەوەیە، پارەی نییە تاکسیی بۆ بگرێت و بیگەیەنێتە دوکتۆر. لەناو ئوتوبووسیشدا وای پاڵەپەستۆ دەدەن وەختە منداڵەکەی بخنکێ. هێندێ ڕۆژ کە پارەم لە بیر دەچێت و لە ئێزگەی ئوتوبووسەوە بەڕاکردن دەگەڕێمەوە ماڵەوە بۆ پارە، هەست بە دەردی هەزاران ئینسان دەکەم کە هەقدەستی ڕۆژانەیان ئەوەندە نییە بە ئوتوبووس بێن و بچن. بە گەرمای هاوین و سەرمای زستان ڕێگەیەکی دوور و درێژ بە پێ دەڕۆن، ماندوو و شەکەت تا ئێوارە کار دەکەن و هەر بەو جۆرەش دەگەڕێنەوە، هەست بە خەفەتێکی زۆر دەکەم کە دەبینم منداڵانی هەشت نۆ ساڵانە لە جیاتیی ئەوەی لە مەدرەسە بخوێنن، لە ئێزگەی ئوتوبووس بنێشت و جگەرە دەفرۆشن تا پاروە نانێکیان دەست کەوێ. ئێوە شوکور حاڵتان باشە بە ترومبێل دێن و دەچن، ئەم جۆرە شتانە نابینن و داخ ناچێتە دڵتان.

تمەس سەرۆکی دایرەکەمان ئەمانەی بۆ وەزیر نووسیبوو. نزیکەی مانگێک دوای ئەوە ڕۆژێک هەموومانی بانگ کرد و ئەمری وەزارەتی بۆ خوێندینەوە و زۆر بە درێژی قسەی بۆ کردین.

وەزیر نووسیبووی: لەبارەی هەستکردن، لە پسپۆڕی ئەمەریکایی ریچەرد هێڵمەزمان پرسی، دەڵێ: هەستکردن دوو جۆرە: هەستکردنی ئیجابی هەیە و هەستکردنی سەلبی. هەستکردنی ئیجابی وەکو هەستکردن بەگەورەیی و بلیمەتی و زانایی سەردارخان. هەستکردن بەمە کە وڵات لە سایەی سەردارخانەوە تا چەند ساڵی تر دەبێتە یەکێ لە دەوڵەتە گەورەکانی دنیا، هەستکردن بەمە کە سەردارخان سایەی خوایە، هەست بەمە کە ڕێژیمی سەردارخان باشترین ڕێژێمە، هەست بەمە ئەوەی کە ئێستا هەیە شتێکی تەبیعییە و سەدان ساڵە هەر بووە (ليس في الأمكان أبدع مما كان).

هەستکردنی سەلبی یا (کاولکار) وەکو هەستکردنی ئەو کارمەندە وە هێندێ کەسی هەڵەشە کە هەستی سەلبییان لەوەش زۆر توندترە. ئەم هەستکردنە تازە پەیدا بووە، لەباری نەفسییەوە نەخۆشییە، نەخۆشییەکی وەکو پەتا و ئاهۆ وایە، زۆر زوو خەڵک دەیگرێتەوە. پێویستە بسپێرن کارمەندەکان وریای خۆیان بن تووشی ئەم نەخۆشییە نەبەن. ئەوانەش کە نەخۆش دەبن دەبێ بەتەنیا لە جێگەیەک ڕاگیرێن تا کەسی تر لێیان نەگرێتەوە، وە لەلای پسپۆڕەکان چارە بکرێن.

دەوڵەت بۆ ئەوەی یارمەتیی ئەو نەخۆشانە بدا و پارەیان نەچێ، ئەسپاردوویەتی لە پۆلیسخانە ڕایان گرن تا نۆرەیان دێ. کە نۆرەیان هات بیاننێرنە (کەلێن) تا لەوێ پسپۆڕەکانی ئەمەریکایی و ئیسرائیلی دەرمانیان بکەن.

ددانساز: تۆیان چۆن دەرمان کرد؟

دەوڵەتی: بردیانمە پۆلیسخانە، لەوێ سەرەتای دەرمانکردنیان ئامادە کرد، پاشان ناردمیانە (کەلێن) تەداوییان کردم.

ددانساز: چۆنیان تەداوی کردی؟

دەوڵەتی: دەرمانکردنەکە دوو جۆرە. جۆرێکیان ڕۆهەڵاتییە، بەشتی قەدیمیی وەکو داغکردن (آخر الدواء الكي). جۆرێکیشیان ڕۆئاوایی، بەتایبەتی ئەمەریکاییە، بە ئەسپابی کارەبا و شتی وا.

ددانساز: ئەی دەرمانتان نادەنێ؟

دەوڵەتی: دەرمانیش دەدەن، ماجوومێکی ڕەشە، لە جوێندان و تف لێکردن و تێهەڵدان دەیگرنەوە و دەیکەنە حەب. بەپێی قسەی پسپۆڕ هیی وا هەیە ڕۆژی دوو جار، هیی واش هەیە ڕۆژی سێ جار دەیدەنێ.

ددانساز: ئەو نەخۆشانە زوو چاک دەبنەوە؟

دەوڵەتی: ئەگەر نەخۆشییەکە تازە بێ، هەوەڵ جار بێ و سرک بێ، بە دوو سێ مانگ چاک دەبێتەوە. ئەگەر نەخۆشییەکە قورس بێ ماوەیەکی زۆری

دەویَ. ئەم نەخۆشییە زیاتر نەخۆشیی زەحمەتکێشەکان و ڕۆشنبیرانە. ئەوان زۆر درەنگ چاک دەبنەوە. زۆریشیان بە دەم دەرمانکردنەکەوە دەمرن.

ددانساز: ئەو هەموو کارمەند و سوپایی و پۆلیسەیان تەداوی کردووە؟

دەوڵەتی: ئەوانیان فێری هەستی ئیجابی کردووە، نەخۆش نابن. ئەگەر نەخۆش بن بە حەبی قوڕقوشم تەداوییان دەکەن.

ددانساز: ئەی ئەو هەموو خەڵکە چۆنن؟

دەوڵەتی: سەدی هەشتایان نەخۆشن. دەوڵەت ئەوەی خەتەر بێت و بیناسێ تەداویی دەکا. ئەوانەی تریش هیچ.

ددانساز: باشە، وەکو دەڵێی مەئمووری دەوڵەت زۆربەیان لە هەستکردن کەوتوون. ئەو هەموو خەڵکە چۆنیان تەماشا دەکەن و بەچییان دەزانن؟

دەوڵەتی: بە مردوومان دەزانن.

ددانساز: تۆ لات وا نییە ئەو هەموو (نەخۆشە) ڕۆژێ لە ڕۆژان پەلاماری ئەو تاقمە (ساغە!) دەدەن؟

دەوڵەتی: گومانی تێدا نییە.

ددانساز (لۆکە لە دەرمان هەڵدەکێشێ، دەیئاخنێتە کەلێنی ددانی دەوڵەتی. لەبەر خۆیەوە دەڵێ: بەهیوای ئەو ڕۆژە). سبەینێش وەرەوە.

دەوڵەتی (بە دەم دەرکەوتنەوە): هیچمان نەگوتووە، ها..!

ددانساز: دڵنیابە!

بیری نوێ، ژمارە ١٤٧، ١٩٧٥/٥/٢٦

وا بزانم هیچمان نازانین، نە ئەمن و نە ئەتۆ، لە کەیەوە ئاوایە. ئەوەندەی لێمان ڕوونە ئەمەیە کە زۆر لەمێژە ئاوا دەژین و پشتاوپشتیشمان هەر بەم جۆرە ژیاون. ژیان ڕێوشوێنێکی ڕوون و دیاری نەبووە. هەرکەسە لەبەر خۆیەوە ملی کارێکی گرتووە و خەریکی شتێک بووە. ئیتر لەسەر خوا، یا گاڵی هێناوە یا پەموو، گەلێ جاری واش بووە نە گاڵی هێناوە نە پەموو، ئەم و ئەو لە برساندا گیانیان وەکو چۆلەکەی بەرقۆچەقانی لە شەقەی باڵی داوە و پەرەوازە بووە. لە ترسی ئەمە هەرکەسێ پیشەی باوک و باپیری خۆی ڕەچاو کردووە. بەم جۆرە ژیان ڕەق هەڵاتووە و وەکو گا هەردەم لە پێستی خۆیدا ماوەتەوە. مێشکیش، ئاسوودە و ڕەحەت، پاڵی لێ داوەتەوە و بیری لە ژیانی باشتر نەکردووەتەوە. کوڕی وەرزێر بووەتە وەرزێر، کوڕی ئاسنگەر بووەتە ئاسنگەر. ئەوانی تریش هەر وا. ئەگەر لە پیشەی باوکیشیان ترازابن هەر بەدوای ئەو کارانەدا گەڕاون کە بەمیرات بۆیان بەجێ ماوە. ئیتر وا نەبووە کە بەرنامەیەک دانرابێ و بڕیاری کارێک درابێ وە خەڵکەکە بۆ ئەو کارە ئامادە کەن و کۆیان کەنەوە، مەگەر دەرەبەگەکان و ژاندارمی دەوڵەت! خوا هەڵناگرێ ئەوان هەردەم ئەم کارەیان کردووە، هەر تاوە ناتاوێک خەڵکیان بەکۆمەڵ ڕەپێچەک داوە و بردوویانن بۆ کار، هەرچەند کارەکە بەبێگار بووە و هەقیان نەداونێ، بەڵام بەهەر جۆر تاقە کاری بەکۆمەڵ و هەمیشەیی هەر ئەمە بووە.

سمایلی حەمە گەرمێنیش یەکێک بوو لەم خەڵکە. نە عەقڵی پێ دەشکا و نە دەیتوانی بە تاقی تەنیا خۆی لەو عالەمی خوایە هەڵاوێرێ. پیشەی باوکی ڕەچاو کردبوو، لە چەرچییەتی دەژیا. خورجینەکەی دەخستە سەر پشتی گوێدرێژەکە و سوار دەبوو، جاری وا بوو دەچووە سولەیمانی، جاری واش بوو

دەچووە مەهاباد، وردەواڵەی دەکڕی و بە دێهاتەوە دەگەڕا . لەگەڵ لادێیییەکان زۆر لەسەرخۆ و نەرمونیان بوو، دەیزانی پارەی نەقدیان نییە. وردەواڵەی بە هێلکە و مریشک پێ دەفرۆشتن. هێلکە و مریشکەکانیشی دەبردە شار دەیفرۆشتن و سەرلەنوێ وردەواڵەی دەکڕی و دەکەوتەوە دێهات.

گاڵتەی شار و لادێ لەسەر مام سمایل بوو. لە شار حیکایەت و نەقڵی دێهاتی بۆ دووکاندارەکان دەگێڕایەوە. لە دێهات باس و خواسی شاری بۆ لادێیییەکان دەکرد. وا هۆگری یەکتر بووبوون مام سمایل نەیدەتوانی زۆر لە ماڵەوە ئۆقرە بگرێ، لادێیییەکانیش چاوەڕوانی مام سمایل دەبوون، ئەگەر درەنگ بهاتایەتەوە وەڕزییان دەکرد. ئافرەتە لادێیییەکان لەسەر ئاوێنە و سابوون، دەرزی و دەزوو، بنێشت و کلە و کلتوور پەکیان نەدەکەوت. مام سمایلیش بەڕێ دەچوو، جاری وابوو شتێکیشی بۆ دەماوە.

بەڵام چەرخی چەپگەرد، یا دوژمنی چارەگران کتوپڕ تانوپۆی پیلانێکی وای تەنی ئافرەتە لادێیییەکان کلە لە کلتووریان بڕا و چاوی ڕەشیان کاڵ بووەوە. مام سمایلیش خەفەت دای گرت و بزە و پێکەنین لەناو هەرێزی ڕیشە سپییەکەیدا کە ڕوخساری داپۆشیبوو، ون بوو.

قاو داکەوت مریشکی ئەمەریکایی هاتووە، هێلکەی سێ زەردێنە و چوار زەردێنەی دەکا، جووجەڵەی پۆپە زێڕین هەڵدێنێ، هەریەکەیان بە قەدرایی سێ چوار مریشکی کوردی گۆشتی هەیە. هەر کەسێ مریشکێکی ئەمەریکایی ببێ لە مەڕێک زیاتر قازانجی دەست دەکەوێ. مام سمایل یەکێک بوو لەوانەی ئەم بەیت و باوەی لە شارەوە هێنا بۆ دێهات. چوزانێ ئەمە دەبێتە مارەکەی شێخ هۆمەر و لە ئەستۆی خۆی دەهاڵێ!

دوای ئەوە کە ناو و ناوبانگی مریشکی ئەمەریکایی بەتەواوی لە دێهاتدا بڵاو بووەوە، قەلە و قوتەی دەڵاڵی شارستانی بە مریشکی ئەمەریکاییەوە پەیدا بوون. هەر مریشکێکیان بە دە قات و بیست قاتی مریشکی خۆماڵی دەفرۆشت، یا بە کاوڕ و گیسک دەیانگۆڕییەوە. زۆری پێ نەچوو، بێ ئەوەی شەڕەکەڵەشێرێک بکرێ، کوردستان داگیر کرا و بووە (موستەعمەرە)ی

مریشکە ئەمەریکایی. مریشک و کەڵەشێری ئەمەریکایی بەفیز و دەعیەی (میسیز و میستێر)ەوە بە کووچە و کۆڵانی دێهاتدا دەگەڕان، وە وەکو قولەڕەشەکانی (هارلم) دەیانڕوانییە مریشکەکانی خۆماڵی.

کتوپڕ دەردە مریشک داکەوت. لادێییەکان ئەوەندەی سەرقەڵەمانەیان بە شێخ و مەلا دا و نووشتەیان بۆ مریشکەکان کرد فایدەی نەبوو. لە پێشدا مریشکی ئەمەریکایی جەندەکی گلاوی لە کوردستان بەجێ ما و گیانی چەپەڵی گەڕاوە (یەنگی دنیا)، پاشان مریشکەکانی خۆماڵییش لە قاسپەقاسپ کەوتن و کولانەیان بە چۆڵ و هۆڵی بەجێ هێشت.

لادێییەکانین دەستەودامێنی شێخ و مەلا بوون و پێیان ڕوانییە کتێب. ئەوەندەی (رمڵ) و (ئوستورلاب)یان گرتەوە، ئەوەندەی کەلێن و قوژبنی کتێبانیان پشکنی، تەنانەت لە خەونامەی (ئیبنوسیرین)یشدا ئەم گونگەڵەیان نەدۆزییەوە. ئاخرەکەی گوتیان: «غەزەبی خوایە نازڵ بووە، بڕۆن تۆبە بکەن، قوربانی و خێر و حەسەنات بکەن».

دەردە مریشک کەلێنێکی گەورەی خستە ژیانی لادێییەکان. هێلکەی مریشک بەهەموو جۆرێ فریای خەڵکەکە دەکەوت. هێلکە بەکولاوی، بەبرژاوی، بەکوکی، بەهێلکە و شۆرباو کەڵکی لادێییەکانی دەگرت، وە لە جیاتیی پارە هێندێ وردە شتیشی پێ دەکڕرا. پەڕی مریشک بۆ سەرین، وە گۆشتی مریشک لە شین و شاییدا، بە تایبەتی کە ژاندارم وەکو بەڵای خودا پەیدا دەبوون، لادێییەکانی لە ڕووزەردی و لە داماوی ڕزگار دەکرد. ئێستا ئەوا ئەمانە هەمووی لە کیس چوون. لە هیچ ماڵێک کەڵەشێر ناخوێنێ. نیوەشەو و بەرەبەیان لە خەڵک تێک چووە، تەنانەت ئەگەر تۆوی مەلاش لەسەر زەوی نەمێنێ، تاقە کەڵەشێرێک نییە ببێتە (بڵقاسم).

لەم ناوەدا ئەوی دەردی لە هەمووان گرانتر بوو مام سمایل بوو. ئەو کەلێن نەکەوتبووە ژیانی، هەر بەجارێک نانی بڕابوو. ئەویش وەکو خەڵکەکە قوبووڵی کردبوو ئەمە غەزەبی خوایە، بەڵام دڵی هەر قرتوقرتی بوو. گەلێک جار لەبەر خۆیەوە پرتە و بۆڵەی دەکرد: نازانم، تێ ناگەم، مریشک تاوان و گوناهی

چییە؟ دزیی کردووە، پیاوی کوشتووە،ماڵی خەڵکی خواردووە، بۆچی دەبێ وەبەر غەزەبی خوا کەوێ؟ خوا بۆچی دەبێ غەزەب لە مریشک گرێ؟ ئەگەر هەر دەیەوێ غەزەب بگرێ بۆچی ناچێتە سەر ژاندارمەکان ئەوەتا دنیایان خستووەتە زەلالەت؟ ئەم پرسیارانە تەنگەیان بە مام سمایل هەڵچنیبوو. بەڵام نەیدەوێرا لە کەس بپرسێ. نانی بڕابوو، لەوێ بووەستێ، سەریشی تێدا دەچوو. هێندی بە دێهاتدا گەڕا هیچی بۆ نەفرۆشرا. گوێدرێژەکەی دا بەرخۆی و بەلەقەلەق و بەخەفەتباری گەڕاوە شاری سەردەشت (دیتی لەوێش غەزەبی خوا[١]) مریشکی قڕ کردووە، چونکە لەوێش وەکو ئێرە هێلکە و مریشک دەس ناکەوێ.

سمایل – وا دیارە دەردەکە هەموو جێگەیەکی تەنیوەتەوە. خوا غەزەبی لەوێش گرتووە.

عەزیز – نەگبەت و نەهاتی ئەو وەختە ڕووی دا کە سەروگوێلاکی ئەو ئەمەریکاییانە پەیدا بوو.

سمایل – دەم خۆش. سەروگوێلاکی ئەو مریشکە نارەسەنانە ئەوەندە پیس و بەدفەڕ بوو، هەر دیار بوو ئەم بەڵایەمان بەسەر دێنن.

عەزیز – مام سمایل! مریشکی چی؟

سمایل: ئاخر مریشکە ئەمریکاییەکان ناڵێی؟

عەزیز – نا، نا. بێ قەزا بی! من ئەمەریکاییەکانی نوێنەرانی ئیمپریالیزم خۆیان دەڵێم.

سمایل– لە سایەی خواوە ئەوانەم نەدیوە. نازانم چ دەعبا و جانەوەرێکن،

---

(١) ڕۆژنامەکەی ئەم بابەتەی تێدا بڵاو کراوەتەوە، لەم شوێنەدا شێواوییەکە کەوتووەتە هەندێک لە دێرەکانیەوە: لە باتیی دێرێکی هەڵە تێکەوتوو، دێرێکی بێ هەڵە هەڵگیراوە و دێرە هەڵە تێکەوتووەکە ماوەتەوە. من دێرە هەڵە تێکەوتووەکەم لەم نووسینەوەیەدا لابردووە و جێگەی دێرە هەڵگیراوە بێ هەڵەکەم بەم ڕستەی ناو دوو (...)یە پڕ کردووەتەوە.

دەسا توخوا نەختێ باسیانم بۆ بکە با بزانم چەندە خراپن.

عەزیز – ناتوانی بزانی چەندە خراپن. هەر شتێکی تۆ لە دنیادا بەخراپی دەزانی ئەوان زۆر لەوەش خراپترن. قسەی خۆمان بێ ئەو دەردە مریشکەش هەر ئەوان دایان هێنا.

سمایل – ئادەی میرزا گیان تێم بگەیەنە، خۆ من لە داخی ئەوە، سیل و دیقم هەڵێناوە.

عەزیز – مام سمایل! ئەمەریکاییەکان لەگەڵ هێندێ سەرمایەداری تارانی کۆمپانیی مریشک بەخێوکردنیان داناوە. دەیانەوێ فرۆشتنی هێلکە و مریشک لە ئێران بگرنە دەست خۆیان و بەئارەزووی خۆیان بیفرۆشن. ئەگەر هەروەک جاران لە دێهات هەموو ماڵێ مریشکی ڕاگرتایە هێلکە و مریشکی ئەوان ڕەواجی نەدەبوو. دیارە نەشیاندەتوانی بەتێلای ژاندارم ڕاگرتنی مریشک قەدەغە کەن، بیریان کردەوە و فێڵێکیان دۆزییەوە وەکو فێڵی ڕێوی. فێڵەکە ئەمە بوو هێنایان مریشکێکی زۆری ئەمەریکاییان نەخۆش کرد و بەپووڵێکی زۆر بەخەڵکیان فرۆشت. لەلایەک پارەیەکی زۆریان کۆ کردەوە، لەلایەکیش قڕیان خستە مریشکی خۆماڵی.

مام سمایل – دەک خوا لە دایک و باوکی خۆت نەستێنێ! ئەوا دەرکەوت ئەمە غەزەبی خوا نەبوو، پیلانی دوژمن بوو. دەبا خەڵکەکەش عاقڵ بن و بیر لە حاڵی خۆیان بکەنەوە!

بیری نوێ، ژمارە ١١٨ لە ١٩٧٤/١٠/١٧

## جایزەی کۆمیتەی ئاشتیی جانەوەران
## بۆ کیسینجیر

ورچ (سەرۆکی کۆمیتەی ئاشتیی جانەوەران)- ئەوا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئاشتیی جانەوەران دەکەمەوە. دەست دەکەین بە قسەکردن لەبارەی ئەوانەی بۆ وەرگرتنی جایزەکە پێشنیاز کراون. ئاغای سکرتێر، کێ پێشنیاز کراوە؟

مەیموون (سکرتێری کۆمیتە) – ئاغای کیسینجیر، گورگ پێشنیازی کردووە.

سەرۆک – کێ لەم بارەیەوە دەیەوێ قسە بکا؟

کەروێشک – من دەمەوێ قسە بکەم.

گورگ – هەقی نییە قسە بکا، لەوەتی هەیە خوێنی لە مێشوولەیەک نەهێناوە. ئەسڵەن بۆ ئەوە نابێ ئەندامی کۆمیتەی جانەوەران بێ.

مەیموون – جانەوەران دوو جۆرن – هێندێکیان خوێنرێژن، هێندێکیشیان خوێنرێژ نین. ئەگەر رەخنەی ئاغای گورگ قبووڵ بکەین دەبێ بەشێکی زۆر لە جانەوەران لە مافی دەنگدان بێ بەش بکەین. لام وایە کە کەروێشک یەکێکە لە جانەوەران، وە هەقی قسەکردنی هەیە.

سەرۆک – کەروێشک تا ئێستا لە جانەوەران ژمێردراوە و ئەندامی کۆمیتەیە. لەبەر ئەوە دەتوانێ قسە بکا.

کەروێشک – ئاغای ورچ سەرۆکی بەرێزی کۆمیتە، ئاغایانی جانەوەران، ئەندامانی بەرێزی کۆمیتە! هەنری کیسینجیر لە ئەڵمانیا لەدایک بووە...

گورگ – ئەمە عەیب و شووورەیی نییە. هەر کەسێک لەم دنیایەدا لە جێگەیەک لەدایک بووە.

کەروێشک – مەبەستم ئەوە نییە عەیب و شوورەیی بێ. دەمەوێ ژیانی ئەو کابرایە بەکورتی بۆ کۆمیتەی بەڕێز باس بکەم– لە خێزانێکی جوولەکەیە.

گورگ – بێدەنگ بە! تۆ فاشیستی... تۆ دژی جوولەکەی.

کەروێشک – بڵێم چی! من تاوانم چییە کابرا لە خێزانێکی جوولەکەیە. خۆ من ئەمە وەک ڕەخنە گرتن ناڵێم. تۆ کە پێشنیازت کردووە دەبێ بزانی کوڕی کێیە. بۆچی پێت ناخۆشە؟

سەرۆک – (دەبۆڵێنی)– کەس هەقی نییە ڕێکوپێکیی کۆبوونەوە تێک بدا. وازی لێ بێنن تا قسەکانی تەواو دەبێ. ئەوسا کێ قسەی هەیە دەتوانێ بیکات.

کەروێشک – ئاغای سەرۆک سوپاست دەکەم– هەنری کیسینجیر لە ئەڵمان لەدایک بووە، خێزانێکی جوولەکەیە. بەناوی ئوستادی زانستگا لە زانستگای (هاروارد)ی ئەمەریکا بوو. هەموو کات دەیگوت: «من پیاوێکم عاشقی قودرەت و دەسەڵاتم». هەر لێرەوە دەردەکەوێ ئەم کابرایە چ پیاوێکە. ئەو عاشقی بیروڕای دوو کەس بوو، هەردەم ئەوانی بە (خولقێنەری مێژووی تازەی ئەورووپا) ناو دەبرد، وە ئەوانی دەپەرست. ئەو دوو کەسە (میترنیخ بیسمارک)ن.

خۆتان دەزانن ئەو دووانە هیچ کاتێ لایەنگری ئەوە نەبوون بەمافی بەرامبەر و وەکو یەکەوە وتوویژ بکرێ. هەردەم ویستوویانە بەزۆرداری و لە هەڵوێستی دەسەڵاتەوە (ئاشتی) داسەپێنن.

ئەوانە هەردووکیان لایەنگری میلیتارسیم بوون، کۆمەڵانی خەڵکیان بە سووک و چرووک دادەنا، وە وەکو ئامراز و ئەسباب بۆ ئامانجی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرتن. بیسمارک کە کیسینجیر دەیپەرستێ دەیگوت «پارلمان تیئاتریکە هەرگیز ئارتیستی لاوی بەخۆیەوە نەدیوە».

ئەوی تریش کە کیسینجیر دەیپەرستێ، یانی (میترنیخ) هەموو کات ناوی لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی زەمانی زووی ئەوروپا هاتووە، ڕەوشتی ماکیاڤیلیی هەبووە. لە مێژووی ئەوروپادا بە جادووگەرێکی گەورە بەناوبانگە، کیسینجیر کتێبی (٣٥٠) لاپەڕەیی دوکتۆرای خۆی لەبارەی ئەو پیاوە نووسیوە. لەو کتێبەدا دەڵێ: «ئەم پیاوانە لەبەرئەوە بە دیمەن و گەورە و هەڵکەوتوون کە توانیویانە ماوەی دوو سەد ساڵ ئاشتییەکی پتەو لە ئەوروپادا دامەزرێنن».

ئەو ئاشتییەی ئەوان لە ئەوروپادا دایان مەزراند بە چ نرخێک تەواو بوو. مەگەر ئەو ئاشتییەی کە (میترنیخ) بە دیاری دای بە ئەوروپا، بە شکاندنی سەروگوێلاکی وڵاتە بچووکەکانی ئەوروپا، وە کوشت و بڕ و دیل و ئەسیرکردنی میللەتە بێ دەستەڵاتەکان نەبوو؟ وە ئەو ئاشتییەش کە (بیسمارک) پێشکێشی کرد بەزەبری شمشێر نەبوو؟

ئەڵمانیا هەزار ساڵ بوو بەچەشنی فیدراڵ ئیدارە دەکرا، ئەوە بە ئاسن و خۆین وە چەشنی زۆرداری پشووی خەڵکی بڕی و کێشانییە ژێر فەرمانی خۆی. وڵاتانی تریشی داگیر کرد و ئیمپراتۆری ئیمپریالیستی (رایشی دووەم)ی دامەزراند. لە ناوەوەی ئەڵمانیادا هێندێ قانوونی وای بۆ دیل و ئەسیرکردنی کارگەرەکان دانا، وە ڕەوشتێکی وای دامەزراند کە لە پاشان هیتلەریش زۆر پەسندی کردن. هیتلەر لە کتێبەکەی خۆیدا (خەباتی من) دەنووسی: «موتاڵای قانوونی کارگەری بیسمارک لە رایشی سێیەمدا، بنچینەی سیاسەتی سەنعتیی ئێمە دەبێ».

کیسینجیر نووسەری دوو کتێبی (میترنیخ) و چەکی ئاتۆمی وەکو قودرەتی ترسێنەر بڕوای بە وتووێژی هێدی و هێمن و لەسەرخۆ و دوور و درێژ نییە، لایەنگری وتووێژە لە هەڵوێستی زۆرداری و فڕوفێڵەوە، لایەنگری چاوبەستن و دەم کورتکردن و داسەپاندنی ئاشتییە.

ئاغای سەرۆکی بەڕێز! ئەوەی تا ئێستا گوتم لەبارەی بیروڕای خودی کیسینجیر بوو. بەڵام کیسینجیر لە باری ڕەسمییەوە، بەناوی نوێنەری دەوڵەتی ئەمەریکا وتووێژی لەگەڵ ڤێتنام کردووە، بەناوی ئەو دەوڵەتەی کە

هەزاران مەدرەسە و نەخۆشخانەی لە ڤێتنام بۆمباران کردووە، هەزاران هەزار کەسی ڤێتنامی کوشتووە، وە هەزاران خانوو و مەزاری سووتاندووە. ئەوەندەی بۆمبا بە ڤێتنام داداوە، لە تەواوی ئەو بۆمبایانە زیاترە کە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا تەقێنراون.

ئاغای سەرۆک! من بەناوی ویژدانی جانەوەران داوا دەکەم جایزەی ئاشتی بە کیسینجیر نەدرێ. ئەو کابرایە نە لە باری شەخسییەوە و نە لە باری ڕەسمییەوە فڕی بە ئاشتییەوە نییە و شایانی جایزە نییە. تکا دەکەم شەرەفی جایزەی ئاشتیی جانەوەران بپارێزن. ئیتر ڕێز و حورمەت.

گورگ – (لووراندی) و داوای نۆرەی کرد.

سەرۆک – ئاغای گورگ! قسەی خۆت بکە!

گورگ– ئاغای سەرۆک! ئێوە بەڕاستی زۆر مەند و لەسەرخۆن، هەر ئێوە دەتوانن گوێ لەو هەموو قسە پووچەڵانەی کەروێشک بگرن. ئەو قسانەی ئەو کردنی زۆربەیان وەڵامی خۆی بوون. کەروێشک ڕەخنە لە میترنیخ و بیسمارک دەگرێ کە بە کوشتار و خوێنڕشتن و جادووگەری ئاشتییان دامەزراندووە، وەکو دەبینین ئیعتیراف بەوە دەکا کە ئاشتییان دامەزراندووە. ئیتر هەقی چییە ئەو ئاشتییە لە چ ڕێگەیەکەوە دامەزراوە. جانەوەرانی پێشینان، گۆڕیان لە گۆشت و دوگ بێ، گوتوویانە (الغاية تبرر الوسائل). ئەو دەڵێ ئەو هەموو بۆمبایەیان بە ڤێتنام داداوە. ئاخر ئەو کارەیان بۆ پاراستنی ئاشتی کردووە. ئەگەر وایان نەکردایە و ئەو هەموو بۆمبایە لە عەمبارەکاندا بمانایەتەوە هەردەم ئاشتی لە خەتەردا دەبوو. من لام وایە ئەگەر هەر تەنیا لەبەر ئەم کارەش بێ، دەبێ جایزەی ئاشتی بە کیسینجیر، نوێنەری دەوڵەتی ئاشتیخوازی ئەمەریکا بدرێ!

مەیموون – داوای قسەی کرد.

سەرۆک – فەرموو!

مەیموون– من بەناوی سکرتێری کۆمیتە داوا لە ئاغای سەرۆک دەکەم،

وەبیر ئەندامە بەڕێزەکانی کۆمیتە بخاتەوە کە قاعیدە و قانوونی کۆمیتە لە بەرچاو بگرن. ئەو قسانەی ئاغای گورگ کردنی لەگەڵ ڕێوشوێنی کۆمیتە ڕێک ناکەون. ئەوانە نە دەلیل هێنانەوە بوون، نە ڕەتکردنەوەی دەلیل. دەتوانم بڵێم چەقەڵ فێڵ بوون.

چەقەڵ – (قووڕاندی) قسەم هەیە.

سەرۆک – بڵێ:

چەقەڵ – ڕەخنە لە ئاغای مەیموون دەگرم، سووکایەتیی بەمن کرد: من فێڵ ناکەم.

ڕێوی– (واقاندی) و داوای قسەی کرد.

سەرۆک – فەرموو، مام ڕێوی، قسە بکە!

ڕێوی – زۆر سوپاستان دەکەم ئاغای سەرۆک و گەورەمان. ڕۆژباش ئەندامانی بەڕێزی کۆمیتەی جانەوەران.

لێرەدا قسە زۆر کراوە، ماوەیەکی زۆریش گوێ ڕاگیرا. خۆم بەسەربەرز دەزانم کە ئەندامی کۆمیتەیەکی ئەوەندە دادپەروەر و لەسەرخۆ و مەند و ژیرم. جێگەی شانازییە کە دیموکراسیی جانەوەران ئەوەندە فراوانە لاواز و دەستەلاتداریە دەم پاراوی دووان، قسەکانی ئاغای گورگ زۆر بەنرخ بوون، وەبیرخستنەوەکەی ئاغای مەیموون بەجێ بوو، ئاغای چەقەڵ هەقی بوو ڕەخنە بگرێ، مەیموونیش بە ڕوحێکی دیموکراسییەوە ڕەخنەکەی قبووڵ کرد. بەکورتی دیموکراسی لەوپەڕی بەرزیدا باڵی بەسەر کۆبوونەوەکەمان داکێشاوە. لەسەر بنچینەی ئەم دیموکراسییە تکا دەکەم لە ئاغای سەرۆک و هەموو ئەندامە بەڕێزەکان کە ئاوڕ لەم مەبەستە بدەنەوە. ئێرە کۆمیتەی جایزەی ئاشتیی جانەوەرانە. ئەوەی تا ئێستا گوترا و بیسترا هەمووی بەدەم و کاوێژی ئینسان بوو. ئێمە کارمان بە کاری ئینسان نییە. دەبێ بەشێوەی جانەوەران قسە بکرێ.

پێشنیاز دەکەم سەرلەنوێ کۆبوونەوەکە دەست بکاتەوە بە قسەکردن.

ئەوەی تا ئێستا گوترا و بیسترا بێ بایەخ بێ. هەرکەس نازانێ بەشێوەی جانەوەران بدوێ هەقی قسەی نەبێت و بێدەنگ بێ.

جانەوەرەکان- باشە، ڕامان لێیە.

مەیموون (سکرتێر)- قسەکەری ئەسڵی کەروێشک و گورگ بوون.

سەرۆک - کەروێشک! ئەگەر قسەت هەیە بیڵێ، بەڵام دەبێ بەدەم و کاوێژی جانەوەران بێ.

کەرویشک- بەڵێ ئاغای سەرۆک. شێری (تەکساس)[1] ڕۆیشت و چووە لێرەواری ڤێتنام، کلکی نا سەر نەڕەی پشتی، بە لێرەوارەکەدا دەگەڕا، دەینەڕاند و دەیگرماند. کتوپڕ تووشی پشیلەیەک هات. زۆری بەلاوە سەیر بوو، زۆری لێ ورد بووەوە. پاشان لێی پرسی: تۆ بیچمت لە بیچمی ئێمە دەچێ، خزمی ئێمە نی؟

پشیلە - بەڵێ. نەک خزم، هەر لە تیرەی ئێوەم.

شێری تەکساس- چۆن نەتەوەی ئێمە، لێرە ئاوا وردن؟

پشیلە- نەخێر. من خەڵکی (مارسیلیام)[2] وەکو تۆ زلە بووم، هاتمە ئێرە، لێرە ئاوا بچووکیان کردمەوە.

شێری تەکساس- کێ بچووکی کردیەوە؟

پشیلە- (چاوی گێڕا، کابرایەکی ڤێتنامیی دی)- گوتی: ئا ئەوە.

شێری تەکساس- (بە ڤێتنامیی گوت)- تۆ ئەم خزمەی منت ئاوا بچووک کردووەتەوە؟

ڤێتنامی- بەڵێ.

---

(١) تەکساس- یەکێکە لە ناوچەکانی ئەمەریکا، ناوەندی کانگیستێرەکان و پیاوکوژەکانە. شێری تەکساس کنایەیە لە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا.

(٢) مارسیلیا- بەندەرێکە لە فرەنسا. شێری مارسیلیا کنایەیە لە ئیمپریالیزمی فرەنسا، کە لە (دیان بیان فو) کرا بەپشیلە.

شێری تەکساس- بۆچی؟

ڤێتنامی- من لێرە لە ماڵی خۆم دانیشتووم، ئەو لەوپەڕی دنیاوە هات و منی ئازار دەدا. منیش بچووکم کردەوە.

شێری تەکساس- دەمەوێ شەڕت لەگەڵ بکەم و تۆڵەی ئەوت لێ بستێنم.

ڤێتنامی لە پێشدا تەڵەی بۆ شێری مارسیلیا نابووەوە، وردە وردە شێری تەکساسی برد تا گەیشتە دەوەنێک و بەتەڵەکەوە بوو، چوو سێ چوار تێلای بڕی و هاتە وێزەی شێرەکە، دەستی کرد بە لێدانی. شێر ماوەیەکی زۆر ددانی بە جەرگی خۆیدا گرت. ئاخرەکەی ناچار ڕووی کردە پشیلەکە.

- تۆ کۆنە ئاشنای ئەو کابرایەی زمانی دەزانی، پێی بڵێ: ئەگەر وەک تۆ بچووک ببمەوە وازم لێ دێنێ؟ ئێستا ئاغای سەرۆک! ئەم شێری تەکساسە کە بچووک بووەتەوە شایانی ئەوەیە جایزەی ئاشتیی بدرێتێ؟

سەرۆک - (ڕووی کردە کۆمیتە) دەڵێن چی؟

ڕێوی - ئاغای سەرۆک! بەپێی ئەو دیموکراسییە بەرزە کە شێوە و ڕەوشتی جەنابتانە دەنگ وەرگرن.

سەرۆک - کۆمیتە دەنگ بدات.

سکرتێر- بەزۆربەی دەنگەکان جایزەی ئاشتیی نۆبل دەدرێ بە کیسینجیر!

گورگ- پیرۆز بێ!

ڕێوی- پیرۆز بێ!

کەروێشک- بەپێی ئەو دیموکراسییە، جایزەی ئاشتیی نۆبل، ڕەنگە ئاخرەکەی وەبەر نیکسونیش بکەوێ!

کۆواری ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٢١- ٢٢، ١٩٧٤

## ڕاگەیاندنی مافی جانەوەران لە نزاری (یانکی)

لە نزاری[(١)] (یانکی) هەڵبژاردنی سەرۆکی جانەوەران بوو. دوای بێنە و بەرە و نەڕە و گوڕەیەکی زۆر، میستێر «ئێلێفانت»[(٢)] هەڵبژێردرا. وردە جانەوەری گۆشتنەخۆر لەناو خۆیاندا دەیانگوت پریزدێنت ئێ لێ فانت لە قسەکانی سەردەمی هەڵبژاردنیدا لەوە دەچوو چەنەبەری جانەوەرە دڕەکان بێت و نەیەڵێ ئەوەندە زوڵم و زۆریان لێ بکەن. بەڵام کاتێ دیتیان ئەندامەکانی دەوڵەتەکەی هەر لە دڕندەکان هەڵدەبژێرێ، بەتایبەتی دوو- سێیەکیشیانی بۆیە کردووە، گوتیان نەخێر هەر پێودانەکەی جارانە و فڕوفێڵی تازەش سەرباریەتی.

دوای ماوەیەک پریزیدێنت ئێلێفانت قسەی کرد و بەتەواوی دنیای جانەوەرانی ڕاگەیاند کەوا «بەناوی سەرۆک ناتوانێ ببینێ مافی جانەوەران لەملا و ئەولا پێشێل دەکرێ.. مافی جانەوەران دەبێ بپارێزرێ و هیچ کەس هەقی ئەوەی نییە ئەو مافە زەوت بکا».

وردە جانەوەرانی گۆشتنەخۆر کە ئەمەیان بیست گوتیان: «لە خوت و خۆڕایی گومانی خراپمان لە پریزیدێنت کرد. وا دیارە بەڵێنەکانی خۆی لە بیر ماوە و بەجێیان دێنێ».

بەڵام جانەوەرە دڕندەکان کە هێندێکیان لە دەوڵەتیشدا هاوبەش بوون، لەم قسانە تووڕە بوون و گوتیان: «ئەم کابرایە ناشارەزایە و ئاگای لە دەمی خۆی نییە. تووشی گیروگرفتێکمان دەکا. وا چاکە کۆبوونەوەیەکی نهێنی پێک بێنین و تێی بگەیەنین بەجۆرێک ئەو قسانەی خۆی وەرگرێتەوە»، لەمەش بەدوا

(١) نزار: وڵات.

(٢) ئێ لێ فانت: فیل.

بەبێ پرس و ڕای ئێمە قسە نەکا». کۆبوونەوەی نهێنی پێک هات.

میستێر لایۆن[٣] کە یەکێک بوو لە بەشدارانی کۆبوونەوە، هەستایە سەرپێ و ڕووی دەمی کردە پریزیدێنت و گوتی: «پریزیدێنت ئێلێفانت! ئەو قسانەی تۆ کردووتن بەپێچەوانەی ڕەسم و باوی نزار و بەپێچەوانەی سوود و قازانجی جانەوەرانە. مەگەر ئێوە نازانن لە جەنووبی نزار سپییەکان (کۆکلۆکس کلان) بەکرێ دەگرن و بەهاوکاریی ئەوان ڕەشەکان ڕاو دەکەن؟ ئەوان بۆ ڕابواردنی خۆیان ڕەشەکان ڕاوەدوو دەنێن.. کۆ دەبنەوە و ئاهەنگ دەگێڕن. ئاهەنگەکەیان بە لەت و پەتکردنی ڕەشێک لەبەر ڕووناکاییی مەشخەڵ کۆتاییی دێ. ئەو قسانەی ئێوە ئەم ڕەسم و باوە تێک دەدا، ئیتر ئاهەنگ و ڕابواردنەکە پەکی دەکەوێ و جانەوەرەکانی نزار وەڕز دەبن. من بەناوی ئەوانەوە ڕەخنە دەگرم و دەمەوێ لەو قسانە پەشیمان ببیتەوە».

نۆرەی قسە هاتە سەر میستێر تایگەر[٤] و گوتی «قسە تەنیا لە سوود و قازانج نییە. مەسەلەی گرینگ و گەورە ئەوەیە ڕێکوپێکی لەناو دەچێت و ڕێوشوێن بەتەواوەتی دەشێوێ. وردە جانەوەری وەکو ڕەشەکان و هیی تر سەر بەرز دەکەنەوە و هەموو نەریت و باوێک تێک دەدەن. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە ئێمە خۆمان بژێومان نامێنێ. دەست بۆ هەر جانەوەرێک بەرین هاوار دەکات و دەڵێ مافم پێشێل دەکەن».

میستێر وۆڵفیش[٥] دوای ئەو هەستایەوە گوتی: «ئەو قسانەی پریزیدێنت بەتەواوەتی بە زیانی چینی گۆشتخۆر (نازناوی دڕندەکان)ی جانەوەرانە. پریزیدێنت کە خۆی لەم چینەیە و ئەم چینە هێناویەتە سەر کار، تێ ناگەم بۆچی بە زیانی خۆی و چینەکەی دەدوێ؟ دوژمنەکانی ئێمەش هەر ئەو قسانە دەکەن. وا دیارە میستێر ئێلێفانت تازەکارە و لە ڕێوشوێنی سیاسەتی نزار ناشارەزایە. ژیانی چینی گۆشتخۆری جانەوەران و سوود و قازانجی دەوڵەتی

---

(٣) لایۆن: شێر.

(٤) تایگەر: پڵنگ.

(٥) وۆڵف: گورگ.

ئەوان پێویست دەکا پریزیدێنت ئێلێفانت، ڕابگەیەنێ کە ئەو قسانەی خۆی وەرگرێتەوە. لەمەش بەدوا هەر کاتێ نیازی قسەکردنی هەبێ لە پێشدا ڕاوێژ بە ئێمە بکا». میستێر وۆڵف لە کۆتاییی قسەکانیدا گوتی: ئێستا میستێر فۆکس کارناسی کۆمەلایەتی و پسیکۆلۆجیی نزار کە سکرتێر و ڕاوێژکەری میستێر لاینە، لەباری زانیارییەوە لەم مەسەلەیە دەدوێ».

میستێر فۆکس[٦] کلکی ڕاوەشاند و چووە پشت بڵندگۆ. هەستا سەر پاشوان و گوتی: «بە ئیجازەی پریزیدێنت و سەرۆکەکانی چینی گۆشتخۆر کە بەرزترین چینی جانەوەرانە، لە سەرەتاوە دەڵێم: بەداخەوە هەرچەند لە خواردنی هێندێ جانەوەری بچووکی وەکو مریشک و قاز و شتی وا، لە دەرفەتدا درێغی ناکەم، ئەو شەرەف و سەربەرزییەم بەرنەکەوتووە کە لە چینی بەرز و بەڕێزی ئێوە بژمێردرێم. بەلام لە سەردەمی ئیمپراتۆریی میستێر لایندا هەردەم یەکێک بووم لە خزمەتکارەکانی ئیمپراتۆری و چینی ئێوە. بەناوی وەزیر و ڕاوێژکەر یا ئەمینداری تایبەتی ڕاز و نهێنی، لەو بارەگایەدا بووم و خزمەتێکی زۆرم کردووە. دڵسۆزیی من بۆ ئێوەی بەڕێز و چینی بەرزتان لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە.. سەبارەت بەمە، ئەوەی دەیڵێم، هیوادارم لە بارەگای پریزیدێنتدا بەبێ ئەدەبی دانەنرێ. تەنیا بەڕوونکردنەوە و بیرخستنەوەی هێندێ مەسەلەی زانیاری بژمێردرێ کە مەبەست لەوەش دڵسۆزییە بۆ ئێوە و چینی بەرزی ئێوە.

«میستێر پریزیدێنت! میستێر لایۆن، تایگەر، وۆڵف! کۆمەڵناس و پسیکۆلۆجی گەورەی ئەمەریکایی (ئەدوارد ڕۆس) سیستێمێکی داناوە بەناوی سیستێمی (بەداهەت). بەپێی ئەم سیستێمەی ئەو، ئەو جانەوەرانەی لە هەلومەرجی جۆربەجۆری جوغرافیاییدا دەژین بەناچاری لە باری پێگەیشتنی عەقڵی و چلۆنایەتیی پسیکۆلۆجییەوە لەگەڵ یەک فەرقیان هەیە. جانەوەرەکانی ناوچەی گەرمێن لە باری عەقڵەوە بەخۆدا نەهاتوون و گەشەیان نەکردووە. خەڵکی شیمالی ڕۆژاوای ئەوروپا و ئەمەریکای شیمالی پێ

(٦) فۆکس: ڕێوی.

گەیشتوون. بەرزترین ئیستیعداد و لێهاتوویی عەقڵی و چلۆنایەتیی وەک (هێز) و (لەخۆڕادیوی) و (بەپارێزی) و شتی وایان هەیە. نزارە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێ لە مێژووی جیهاندا نەخشێکی گەورە یاری بکا.

«هێندێ تیووریزانی تری ئەم نەژادە دەڵێن: پەروەردەبوونی ڕۆحی خەڵکەکانی ڕۆژاوا، لە بنەڕەتەوە لەگەڵ خەڵکەکانی ئاسیا و ئەفریقیا فەرقی هەیە. بۆ خەڵکی ڕۆژاوا شتێکی تەبیعییە کە لە پێناوی دیموکراسی و ئازادی و هێزی چالاک و توندوتۆڵدا تێ بکوشێ. بەڵام خەڵکەکانی ئاسیا و ئەفریقیا دیموکراسییان هەر بەخەیاڵیشدا نایەت. گوێ نادەنە ئازادی و حەز لە دیکتاتۆری و زوڵم و زۆر دەکەن. لەبەر ئەوە شتێکی عەجایب نییە سپیپێستی خاوەنی چلۆنایەتیی بەرزتر، یانێ ئەمەریکایی لە بەرامبەر ڕەشەکانی ئەفریقیا و هیی تردا بەبەرزتر بزانرێ. بەپێی ئەم تیوورییانە جانەوەرانی نزاری یانکی لە تەواوی جانەوەرانی تر بەرزترن. دەبێ ئەمان ئاغای ئەوان بن و بەهەر چەشنێ بەپێویستی بزانن کەڵکیان لێ وەربگرن، نەزان و وەحشییەکان فێری زانین و دیموکراسی و ئازادی بکەن! ڕاگەیاندنی مافی جانەوەران ئاوا بە چەشنی گشتی بەپێچەوانەی مافی جانەوەرانی یانکییە و زیانی هەیە.

«جانەوەرانی بەڕێز! تا بەپێی ئەم تیوورییانە دەبزووتنەوە، فەرمانڕەوای سەرانسەری نزارەکانی دنیا بوون. بۆ نموونە، جانەوەرە بەرزەکانی بەریتانیا چەند سەد ساڵ بەسەر هیندستاندا، هینەکانی پورتوگال بەسەر ئەنگۆلا و مۆزامبیک و چەند نزاری تری ئەفریقیا و ئاسیادا، هینەکانی بەلجیک بەسەر کۆنگۆدا و هیی گەلێ جێی تری ئەورووپا بەسەر گەلێ نزار و لێرەواری جیهاندا فەرمانڕەواییان دەکرد.

ئەو نزارانەیان دەکردە کلکەی مایەی خاوی نزارەکەی خۆیان. نزارێک دەبوو لۆکە بەرهەم بهێنێ، نزارێکی تر خوری و یەکێکی تر شەکر. وەکو ئێستا چینی بەرزی ئێوە لە ئەمەریکای لاتینی ئیمپراتۆریی قاوە و مۆز و شەکری هەیە.

«مـیسـتـێر پریزیدێنت! نابێ لـە بیر بـچێ کە نـاوەندی چینی گـۆشـتـخـۆر (کـاپیـتـالیـزمی ئەمـەریکا) ناوچـەی مێـژوویی (نیـوئینگلاند)ە، واتە تەواوی ڕۆخـەکانی ڕۆژهـەلات و جێگەی دابـەزینی کۆچکردووە دەوڵەمـەند و بەرزەکانی ئەوروپا. ئەوان سـەبارەت بەوە کە لە باری عەقڵەوە پێ گەیشتبوون و لێزان و بەرز بوون، هێندێ مۆنۆپۆڵیـان بۆ خۆیان دامـەزراند. تەواوی ئەو خـاکە پـان و بەرینەیان کێشا ژێر فـەرمـانی خۆیانەوە. دەسـتـەلاتی نیـوئینگلاند وردە وردە تەواوی نزارە یەککگرتووەکـانی ئەمـەریکای تـەنیـیـەوە. بەلام ئەم کـارە هـەروا بەسـووک و ئاسـانی نەکرا. باپیـرەکـانی ئێـوەی بەڕێز ڕەنجێکی زۆریان دا، شـەش مـیلیـۆن و نیـویان لە هیندییـە سـوورەکـان کـوشـت تا (ئالابامـا) و (لویزیانا) و (میـسـیـسـیپی) و (کـارولینا) بوونە ناوەندی میلیـاردێر و چەک دروستکەرەکانی جیهان و کانگیستێرەکان. گۆشتخۆرەکانی جەنووبیش بە پشـتـیـوانی و یارمـەتیی سـەرمـایەی ڕۆژهەلاتیـیـەکانی ئەم نزارە، ڕێژیمی کۆیلەدارییان دامەزراند.

«قسەکانی پریزیدێنت لە دژی مێژووە. ئەم ڕژێمە ڕیشـەی مێژوویی هەیە و نابێ تێک بچـێ. تێکچـوونی ئەوە بە زیانی نیـوئینگلاند و تەواوی جـانەوەرە گۆشتخۆرەکانە. لەوانەشە– داوای لێبووردن دەکەم– بەروبووی بۆ پریزیدێنت باش نەبێ. لـە زەمـانی (لینکۆڵن)ەوە کـە قـانوونی تێکدانـی کۆیلـەیی دانرا، تا قانوونە مەدەنییە تازەکەی زەمانـی (کەنەدی) دوو سەرکۆمار بە گوللە کوژران. نزاری یانکی هـەروا بەرەڵلا نییە. لێرە دیکتاتۆرییەکی نهێنی هەیە کە خۆی لە قـاپێلکی ڕێژێمی ئـازادیی سـەرمـایەداریدا پیـشـان دەدا. هـاتنە سـەر کـاری دەوڵەت و مانەوەی ئەو لەسەر کار بەستراوە بەڕازیبوونی ئەو دیکتاتۆرییەوە.

«لە کۆتاییدا بۆ ئیسپاتی زیانی ئەو قسانە، نموونەیەک وەبیر دەخـەمـەوە: ساڵی ١٩٦٨ مەسەلەی ماف گەرم بوو. لە کاتێکدا کە ئێمە لە ڤێتنام خەریکی شــەڕ بووین و چینی بەرزی ئێـوە دەیویست بە پێنج ســەد هەزار ســەرباز و چەند مـیلیـۆن تۆن بۆمــبـا و ئەو هەمــوو پارەیەی بەخـتـی کـرد ئازادی و دیموکراسی بۆ خەڵکی ڤێتنام بەدیاری بەرێ، جـانەوەرە ڕەشـەکـانی نزاری

یانکی ڕاپەڕین، ئەو بەڵێنانەیان کردە مەسەلەی ڕۆژ کە دەوڵەتی کەنەدی پێش هەڵبژاردن بەوانی دابوو. سەرەڕای ئەو کوشتارەی کە چەند ساڵ لەوەپێش لە گەڕەکی (هارلم)ی نیویۆرک لەم جانەوەرە ڕەشانە کرا دیسان هاوروژان. لە گەڕەکی (واتز) لە شاری لۆس ئانجیلۆس (شاری فریشتەکان) لە ناوچەی میسیسیپی کە سێیەمین شاری گەورەی سەنعەتیی ئەمەریکایە دەستیان کرد بەئاژاوە. سەدی چل و پێنجی خەڵکی ئەو ناوچەیە ڕەشن. لێرەدا دەتوانن بیری لێ بکەنەوە ئەگەر ئەو ئاژاوەیە سەرکوت نەکرایە چ کارەساتێک دەقەوما.

لە سێ ناوچەی گرینگ و پڕ لە خەڵکی ئەمەریکا: میسیسیپی، ئالاباما، کارۆلینای جەنووبی هەرگیز تاقە خوێندکارێکی ڕەش لە زانستگە نەبینراوە.. کەچی ئەوانە داوایان دەکرد لە زانستگە بخوێنن و (جیمز مردیت)ی خوێندکاری ڕەشیان بەسەر زانستگەی میسیسیپیدا سەپاند. هەر لەو کاتەدا وردە جانەوەری سپییش هاوروژان. (واڵتەر ڕۆیتێر) نوێنەری وردە جانەوەری ئەمەریکا کە پێیان دەڵێن کارگەر، سەد و شەست هەزاری لەوانەی لە کارخانەی ترومبێل دروستکردنی (فۆرد)دا کار دەکەن هێنایە مەیدان، مانیان گرت و کارخانەکەیان پەک خست. ئەمانە لە دژی شەڕی ڤێتنام، یانێ لە دژی بڕیاری چینی بەرزی گۆشتخۆران، داوایان دەکرد لە باری قانوونییەوە دڵنیا کرێن کە نانێردرێنە شەڕ و دوو ئەوەندەی کە کۆمپانیی فۆرد پێشنیازی کردبوو داوای زیادکردنی هەقدەستیان دەکرد و خەریک بوون ئەو کۆمپانییە کە هیی گۆشتخۆرەکانە بفەوتێنن. ئا ئەمەیە بەروبووی دانی ماف بە وردە جانەوەر. (چەپڵە لێدان و ئافەرینی میستێر لایۆن و تایگەر و وۆڵف).

***

کە ئەوانە لێ بوونەوە پریزیدێنت ئێلێفانت چووە پشت بڵندگۆوە. لە سەرەتای قسەکانیدا ویستی پلارێک بگرێتە میستێر فۆکس کە لە زمانی میستێر لایۆنەوە هەڕەشەی لێ کرد و گوتی: «لەو کاتەوە کە لە زەمانی لینکۆلندا قانوونی تێکدانی ڕێژیمی کۆیلەداری دانرا، دوو سەرکۆمار بە گوللە

کوژراون» گوتی: «من زۆر باش دەزانم بەیارمەتیی کێ هەڵبژێردراوم و هەرگیز لە کونی خۆم هەڵناگەڕێمەوە، لەبەر ئەوە گەڕ نابم»(٧).

پاشان گوتی: «سوپاسی هەمووتان دەکەم. قسەکانتان دڵسۆزانە و ژیرانە بوو. ئێستا کە کۆبوونەوەکەمان نهێنییە و بێگانەمان لەناودا نییە، دەمەوێ بۆتانی ڕوون کەمەوە کە ئەو قسانەم لەسەر چ بنەڕەتێک کرد و لە کوێ ئاو دەخۆنەوە. هەمووتان میستێر هەژدیها (ڕۆکفلێر) دەناسن و لام وایە گومانتان لەوەدا نییە کە بە هەموو هێز و توانایەوە سوود و قازانجی چینی گۆشتخۆر دەپارێزێ. ماوەیەکی زۆر پێش هەڵبژاردن کۆمیتەیەک لە پسپۆڕان و لێزانان لە بارەگای ئەو لە چەند مەسەلەیەکی کۆڵییەوە. یەکێ لەو مەسەلانە مافی جانەوەران بوو. من بەپێی بڕیاری ئەو کۆمیتەیە و بەئەسپاردەی میستێر هەژدیها ئەو قسانەم کرد. من دەتوانم میستێر لایۆن و میستێر وۆڵف و بەتایبەتی میستێر تایگەر کە دەڵێ «بژێومان نامێنێ» دڵنیا بکەم کە ئەو قسانە بەهیچ جۆرێ پەکی کاری ئەو ناخات و بگرە بە سوودی ئەوانیشە. ئەوان دەتوانن لەسەر نەریت و ڕێوشوێنی خۆیان بڕۆن و تا ئێستا چییان کردووە هەروا بکەن. ئەمانە جارێ هێشتا هەر قسەن و نەبوونەتە قانوون. هەر جانەوەرێک بیەوێ بە بیانووی ئەم قسانەی من نەریت و ڕێوشوێنی نزار تێک بدات و لە ڕەسم و باوی چینی گۆشتخۆری جانەوەران دەرچێ، تێلا بەدەستەکانی دەوڵەت وەڵامیان دەدەنەوە».

میستێر فۆکس قسەکەی پریزیدێنتی بڕی و گوتی: «ببوورە! ئەمە نەختێ دەبێتە شوورەیی بۆ پریزیدێنت». پریزیدێنتیش درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: «شوورەییی چی، یانێ قسەکانی من دەبنە درۆ؟ (بەگاڵتەوە) لام وایە ئەم شوورەیییە لەسەر لێدانی لینکۆلن و کەنەدی ئاسانترە» «وشەی درۆ ڕێگەی ناکەوێتە کۆشکی سپی. بەمە دەڵێن گۆڕینی ئیرادە...».

پریزیدێنت لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیی و گوتی: «تازە ئەگەر ئەم قسانە بشبنە قانوون دیسان بۆ ئێوە هەروایە. قانوونی تێکدانی ڕێژیمی کوێلەداری

(٧) کورد دەڵێن: ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێ.

کە لە زەمانی لینکۆلندا نووسراوە تا ئێستا هەر وا لەسەر کاغەز ماوەتەوە. بەڵێ ڕاستە کڕین و فرۆشتنی ڕەشەکان لە بازاڕدا نەماوە» بەڵام کوشتن بە سزا هەر هەیە. جانسۆن کە خەریک بوو قانوونی مەدەنیی تازە بەجێ بگەیەنێ، هەر لەو وەختەدا جێمز مردیتی خوێندکاری ڕەش کە بۆ هەوەڵین جار دەچووە زانستگەی سپییەکان، سەرەڕای ئەوە کە پاسەوانی فیدراڵیشی لەگەڵ بوو تەقەی لێ کرا و کوژرا، لە کاتی ئاژاوەی ڕەشەکانیشدا کۆمەڵی (کۆکلۆکس کلان) و دەستە و تاقمی تر کە سەر بە چینی ئێمەن ماوەی دوو مانگ بوو تەقەیان لە ڕەشەکان دەکرد و دەیانکوشتن. نموونەی وا زۆر هەیە و ئێوە بەهیچ جۆرێ نابێ پەرۆشتان بێ. ئێمە کە دەڵێین ئازادی و دیموکراسیمان هەیە، بۆ جانەوەرەکانی نیۆئینگلاندە. بۆ جانەوەرەکانی چینی گۆشتخۆرە. ئەوان لە هەموو کاروبارێکی خۆیاندا ئازادن و دەوڵەت دەوڵەتی ئەوانە و لە خزمەت ئەواندایە.

«لەبارەی خۆپیشاندانی وردە جانەوەری کارخانەی فۆردیشەوە بۆ پێشگیری لە ئاژاوەی کارگەرەکان و بۆ پەکخستنی تێکەڵبوونی ئاژاوەی ڕەشەکان لەگەڵ ئەوان، پۆلیس بە ترومبێلی زرێپۆش و چەکی دژی خۆپیشاندانەوە لە دەوری کارخانەکانی فۆرد و ناوەندەکانی تری کارگەری کۆ بوونەوە و لەمێژ بوو گەڕەکی ڕەشەکانیشیان گەمارۆ دابوو.

«پۆلیسی ئاشکرا و نهێنی لەو کێشەیەدا چەند جۆرە چەکی دژی خۆپیشاندانیان بەدەستەوە بوو. یەکێ لەو چەکانە دەمانچەیەکی ڕۆکێتهاوێژ بوو کە گازی گێژکەری بڵاو دەکردەوە. ئەو گازە خۆپیشاندەرەکانی گێژ و وڕ دەکرد و دەکەوتن، بەڵام نەیدەکوشتن. یەکێکی تر چەکێک بوو کە خۆپیشاندەری چالاک و توندوتۆڵی خاووخلیچک دەکرد و لە کاری دەخست. تفەنگچییەکانی یانکی لە ڤێتنامیش ئەم چەکەیان بەکار دەهێنا. ئەمەیان بەلای ئێمە فەرق ناکات. هەر کەس لە دژی دەستەڵاتی چینی گۆشتخۆر بێ، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە، وەکو یەک تیێ دەسرەوێنین.

«چەکێکی تر کە لە دژی خۆپیشاندەرەکان کەڵکی لێ وەرگیرا، دەزگای

بڵاوکردنەوەی توێکڵە مۆز بوو. ئەم دەزگایە ئەو مادە لینج و نووسەنەکەی کە لە توێکڵی مۆزدا هەیە بەسەر جادەکان و خۆپیشاندەرەکاندا دەپرژاند. جادەکان ئەوەندە خلیسک دەبوون، خۆپیشاندەر هەر لە جێی خۆی بجووڵایەتەوە، دەخلیسکا و دەکەوت. دوای کەوتنیش بە جادەکەوە دەنووسا و نەیدەتوانی هەڵستێتەوە.

«ئەمانە ئەو چەکانە بوون کە نۆ ساڵ لەمەوپێش لە دژی ئاژاوە و خۆپیشاندانی وردە جانەوەر کەڵکیان لێ وەردەگیرا. لەوساوە بنیاتەکانی کیمیایی بەئەسپاردەی دەزگاکانی دەوڵەت گەلێ شتی تریشیان داهێناوە. ئێستا ئەوانە هەمووی لە بەردەستماندا هەن و لە کاتی پێویستدا کەڵکیان لێ وەردەگرین. دەوڵەت بەخۆی و بەو چەکانەوە و بەهەموو هۆیەکی تریشەوە سوود و قازانجی چینی بەرزی گۆشتخۆران دەپارێزێ و تەواوی قانوونەکانیش هەر بۆ ئەمە دانراون. بنچینەی قانوونە نووسراوەکان مادەیەکی تاقانەی نەنووسراوە، ئەویش ئەمەیە: «پاراستن و دابینکردنی هەموو چەشنە سوود و قازانج و ڕەسم و باوێکی چینی بەرزی گۆشتخۆرەکان لە ڕێگەی ڕاست یا چەوتەوە و بەهەموو هۆیەکی چاک یا خراپ».

«جاری وا هەیە شتێک ڕوو دەدات، وەبەر قانوونی نووسراو دەکەوێ، بەڵام بەپێچەوانەی قانوونە نەنووسراوەکەیە. لەو وەختەدا دەوڵەت و دەزگاکانی دەگەڕێنەوە سەر قانوونە نەنووسراوەکە. ڕۆحی ئازادی و دیموکراسیی نزار لێرەشدا دیاری دەدا. لە نموونەی سەرەوەدا کە باسمان کرد، مانگرتن و خۆپیشاندانی کارگەرەکانی کارخانەی فۆرد قانوونی بوو. قانوونی نووسراو ئەو مافەی بەوان دابوو، بەڵام پۆلیس بەپێی قانوونی نەنووسراو تێیان بەربوو و هیچ دادگەیەکیش خۆی تێ نەگەیاندن.

«تەواوی ئەم باسە دوور و درێژەم بۆ ئەوە بوو کە ئێوەی بەڕێز و چینی بەرزتان بە تەواوی دڵنیا بن».

«ئێستا دێینە سەر باسی ئەوە کە لەبەرچی و بۆچی ئێمە مافی جانەوەرانمان ڕاگەیاند. وەکو ئاگامان لێیە لە وەختی خۆیدا لایحەیەکی گشتی لەبارەی

مـافـی جـانەوەرانـەوە پەسند کـرا و بڵاو بووەوە. جـانەوەرانی گـۆشـتـنەخـۆر دەستبەجێ ئەوەیان قۆستەوە. هەرچەند لایحەیەکی گشتی بوو، بەلای خۆیاندا دایان کێشا و بەسـوودی خـۆیان مـانایان لـێ دایەوە. ئاخـرەکەی ئێمـەیان لـێ دەرهاویشت و تەنانەت بە دژی ئەو مافـەشیان دانایین. کارەکە وای لێ هات نە توانیمـان بەسـوودی خـۆمـان مـانای لـێ بدەینەوە، نـە ڕێگەی ئەوەشـمان مـا کـە هەڵی وەشێنینەوە. ئێستا ئەوا ئێمەش لە بەرانبـەر ئەوەدا مافی جانەوەرانمان بەگشتی ڕاگەیاند، تا دوای پەسندکران بەسوودی خۆیان مانایان لێ دایەوە.

تەبیعییە کەوا لەم کارەدا تیووریی (ئەدوارد ڕۆس) و تیووریزانەکانی تری خـۆمـان لە بەرچاو گـرتووە و لە بـاری زانیـارییـەوە بە دروست و پێـویسـتی دەزانین. بەڵام لە کردەوەدا نەختێ نەرم و شلمـان کردووە. ئێمـە دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین کـە لە نـزارەکـانـی تریش جـانەوەری گـۆشـتـخـۆر هەیـە. لەو جـێگەیەش کـە نیـیـە دەبێ هەوڵ بدەین پەیدا بن. لە تەجـرەبەی ڕابردووی جانەوەرە گۆشتخۆرەکانی بەریتانیا و هیی تریش کـەڵک وەرگرین و ئەوانە نەک بە بـرا، بگرە بەدەسـتـەوتاقـمـی خـۆمـان بزانـین. لەم کارەدا تـا ڕادەیەکی باش سـەرکـەوتووین. ئەوانە لە هەمـوو جێگەیەک قسـەکانی ئێمـەیان قبـووڵ کردووە. لە نەتیـجـەدا لایەنگرمـان دەست دەکەوێ، بارمـان سـووک و کـارمـان ئـاسـان دەبێ. نموونەیەکی ئەوە نزاری (زائیـر)ە. لەمـەوپێش جـانەوەرە ڕەشـەکان هـەموویان لە دژی ئێمـە بوون، بەڵام ئێستا گۆشتخۆرە ڕەشەکان هاوکاریمان لەگەڵ دەکەن. لە زائیر بەیارمەتیی ئێمـە خۆیان بەربوونە گیانی ڕەشە گۆشتنەخۆرەکان و ئاسەوارەیان برینەوە. ئەوا نیـازمان وایە لەشکرێک لەوانە بەکرێ بگرین و بیانـهێنین بۆ گیانی ڕەشـەکانی ئێرە».

میسـتێر فۆکس هـاتەوە دەنگ و گوتی: «ئەگـەر قبووڵمان بێ ئەو گۆشـتخۆرە ڕەشانە هـاوکاری ئێمـەن، بەکرێگرتنی لەشکرێکی وا و هێنانی بـۆ ئێرە زیانی هەیە، چونکە ئەوان لەوێ لاواز و بێ هێز دەبن».

پـریزیـدێنـت وتی: «بیـرمـان لـەوەش کـردووەتـەوە. نایـەڵین بێ هێـز بـن. گۆشـتخـۆری عـەرەب دەهێنینـە یارمەتییـان. ئەوان بەهێـز دەبن و گورگـەکانی ئیسرائیلیش سـەریان سووک دەبێ».

لێرەدا میستێر شەمعوونی نوێنەری گورگەکانی ئیسرائیل لە خۆشییاندا هەستا سەر پاشوان و دەستی کرد بە سەما و وتی: «بەرزە.. بیرێکی بەرزە.. بژی پریزیدێنت و چینی گۆشتخۆر».

پریزیدێنت لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیی و وتی: «فورمۆلی مەسەلەکەیە ئاوایە. مافی هەموو جانەوەرانت بەپێی نەریتی نزار قبوولە یان نا؟ ئاشکرایە کە جانەوەرانی گۆشتخۆر قبوولیانە و پێویست نییە لێیان بپرسرێ، بەڵام دەبێ نوێنەرانی هێندێ تیرە و بەرەی وەک گا و گامێش و چەقەڵ و دەڵەک و شتی وا هاتن قبووڵیان کرد و ڕۆیشتن.

نێرەقازێکی خرپن و قەڵەو بە نوێنەرایەتیی قورینگ و مراوی و مریشک هات و گوتی: «من لە پێش هەموو شتێکدا گلەییم لە ڕێوی هەیە. تا ئێستا چەند جار جانەوەران ڕێک کەوتوون و ئاشت بوونەتەوە، کەچی ئەو هەر پەلاماری ئێمە دەدا و دەمانخوا». پریزیدێنت گوتی: «ئەم قسەیە ناچێتە عەقڵەوە. ئێوە باڵدارن و دەفڕن. ڕێوی چۆن دەستی دەگاتە ئێوە بتانخوا؟» قاز گوتی: «خۆ ئێمە هەموو کات بە حەواوە نین، دەنیشینەوە». پریزیدێنت گوتی: کە دەشنیشنەوە بەسەر ئاودا دەگەڕێن. ڕێوی مەلەوان نییە لەناو ئاودا پەلامارتان بدا». قاز بەتووڕەییەکەوە گوتی: «ئێوە وەکو پارێزگاری ڕێوی قسە دەکەن. بە قسەی ئێوە، ئێمە یا بەحەواوە یا لەناو ئاودا هێلکە دەکەین و جووجک هەڵدێنین و ئیتر کارمان بە وشکانی نییە و نایەینە سەر زەوی». پریزیدێنت پاشەکشەیەکی کرد و گوتی: «نەء.. نەء.. میستێر قاز! مەبەستم ئەوە نییە. ئێستا لە ڕێوی دەپرسین». میستێر فۆکس لەولاوە هاتە زمان و گوتی: «نەخێر، قوربان! ئێمە ئەوانمان خۆش دەوێ، نیازی خراپمان لەحاند ئەوان نییە، ئەوان بەهەڵە چوون. ئێمە حەز لە پەڕوپۆی ئەوان دەکەین بۆ سەرین. کە دەچین داوای پەڕوپۆیان لێ بکەین ڕادەکەن و نایانەوێ یارمەتیمان بدەن». پریزیدێنت گوتی: «کەواتە، ئێستا دەتوانن لە یەکتر حالی ببن، ئەوان بەڵێن بدەن کە پەڕوپۆتان بدەنێ، ئێوەش بەڵێن بدەن هەر قازەی جارێک پەڕوپۆی لێ بکەنەوە». ڕێوی بزەی هاتێ و لەگەڵ قاز بەڵێنیان دا، قاز

فۆرمۆڵی پریزیدێنتی قبووڵ کرد و ڕۆیشت.

بەران بە نوێنەریی تیرەی پەز هاتە ژوورەوە و گوتی: «ئێمە ناتوانین لەگەڵ گورگ دۆستایەتی بکەین. ئەو دۆستایەتی نازانێ». پریزیدێنت گوتی: «هیچ هۆیەک بۆ ناکۆکیی نێوان ئێوە نابینم. ئەو گۆشتخۆرە و ئێوە گیاخۆر. بژێو و سوود و قازانجتان جیایە، ئیتر بۆچی دەبێ نێوانتان باش نەبێ؟». بەران گوتی: «خۆت هۆی ناکۆکیی نێوان ئێمەت گوت. ئەوان تەماع دەکەنە گۆشتی ئێمە». میستێر وۆڵف هاتە دەنگ و گوتی: «مەسەلەکە بەتەواوەتی بەپێچەوانەوەیە. ئەوان زوڵم لە ئێمە دەکەن. من نامەدەویست پایەی گۆشتخۆران نزم بکەمەوە و لێرە هاوار لە دەست ئەمانە بکەم. ئەوان شوانیان لەگەڵە، بە تفەنگەوە. سەگە دڕیان لەگەڵە، لە کەژ و کێویش وازمان لێ ناهێنن. دێنە سەرمان، بە شوان و بە سەگ ڕاومان دەکەن و دەمانکوژن. پریزیدێنت زۆر باش دەزانێ ژمارە باشترین دەلیل و بەڵگەیە. ئەوان لە هەموو نزارێک چەند سەد ئەوەندەی ئێمە زیاترن. وەختە ڕەگەزمان ببڕنەوە. بە زستان لە ئاغەڵی گەرمدا دەژین. ئالفیان بۆ دەبەن و خزمەتیان دەکەن، سەرەڕای ئەوەش کەوڵی گەرمیان لەبەردایە، ئێمە لەو چیاوچۆڵە هیچمان دەست ناکەوێ بیخۆین، لەناو بەفردا دەلەرزێین، دەچین داوای کەوڵێکیان لێ دەکەین ڕەق نەبینەوە، کەچی شوان و سەگمان تێ بەردەدەن».

پریزیدێنت گوتی: «بەڕاستی بێ ئینسافییە، جانەوەران دەبێ یارمەتیی یەکتر بدەن. ئێستا وا باشە نوێنەری پەز بەڵێن بدات کەوڵتان بدەنێ. ئێوەش بەڵێن بدەن هەر پەزەی تاقە کەوڵێکی لێ بکەنەوە». بەڵێن درا و بەران فۆرمۆڵی قبووڵ کرد و ڕۆیشت.

نوێنەری تیرەی مەیموون هاتە ژوورەوە. نەختێ بیری کردەوە و گوتی: «من لە بنج و بناوانەوە ئەو فۆرمۆڵەم لا دروست نییە. بەجۆرێکی وا ڕێک خراوە ئەگەر قبووڵی کەم هەروەک جاران زۆردار بێ زۆر دەخوا. ئەگەر قبووڵیشی نەکەم بە دوژمن دەژمێردرێم و خوێنم حەڵاڵ دەکرێ».

پریزیدێنت گوتی: «تۆ چۆن شتی وا دەڵێی؟ ئەو فۆرمۆڵە فۆرمۆڵێکی

مـەنتـیـقـی و دروسـتــە و شــایانی ڕەخنە نیـیـە». مــەیموون وەڵامــی دایەوە: «مـەنتـیـقـیی کێ؟ مـەنتـیـقـیی زۆرداران؟ ئەو فـۆرمـۆڵە دەبێ قـسـەی لێ بکرێ و بەجۆرێکی وا دانرێ کە نەبێتە پەت بۆ خنکاندنی بێ زۆرەکان». میستێر لایۆن کە ئـەمـەی بیست تەمـای بوو بەپێی قـانوونی نەنووسـراو پەلامـاری مـەیموون بدات و لـەت و پەتی بکات. مـەیمـوون بازێکی دا و بۆی دەرچوو، دارێکی بەرز لەو نزیکانە بوو، بەدارەکەدا هەڵگەڕا.

پریزیدێنت بە مـیسـتێـر فۆکسی گوت: «ئەوە کارەکەمان لێ تێک دەدا. بچۆ بیهێنەوە بەشکم بەجۆرێک پێی بسەلمێنین، ئەگەر نەهاتەوە بە قسە بیخافڵێنە تا پۆلیسی دژی خۆپیشـاندان دێن». ڕێوی چووە بن دارەکە و گوتی: میسـتێر مـەیموون وەرە خـوارەوە، با دوو قـسە بکـەین. ئێـمە لە دەردی یەکـتر دەگـەین». مەیموون گوتـی: «میسـتێر نیم و نایەمە خوارەوە، تۆش لە دەردی ئێمە ناگەی. من لـەمـێــژ بوو لـەسـەر ئـەم دارە بووم، گــوێم لە کــەین و بەینەکــانی ئێــوە و شـانازیی تۆش بوو کە بە درێژاییی تەمـەنت چڵکاوخـۆری گۆشـتـخـۆرەکـان و خائینی گۆشتنەخۆرەکان بووی».

پۆلیـسـی دژی خـۆپیشـاندان هاتن و دارەکـەیان وەبەر دەمـانچـەی گـاز دا، بەڵام مەیموون گێژ نەبوو، نەکەوتە خـوارەوە. دەستیان کرد بەپرژاندنی مادەی توێکڵـە مۆز، تەمەز مـەیموون لەسـەر دارەکەوە ئەوانی دیبـوو، پێش ئەوەی بگەنە بن دارەکـە بـازی دابووە لقی دارێکی تر و لەوێوە زیقـاندی. پۆلیس چـوونە بن دارەکـەی تر و دەسـتـیـان کرد بە دەمـانچـە تەقـاندن و مـادەی مـۆز پرژاندن. مـەیموون ئەوەندەی ئـەم دار و ئەو دار پێ کـردن تا تەواوی نـزارەکە پڕ بوو لە گـاز و لینـج و خلیـسک بـوو. ئەمـجـار گـۆشـتـخـۆرەکان خـۆیان گـێـژ دەبوون و دەخلیسکان و دەکەوتن.

پاشکۆی عێراق، ژمارە ٧، ١٩٧٧/٩/٢١
پاشکۆی عێراق، ژمارە ٨، ١٩٧٧/١٠/٢١

## پێشوازێکی برایانە

پیرۆت ئاغا هەردوو دەستی نابووە کەلەکەی، دەتگوت «سایی کوپەی ترخینە دەکاتەوە، بەپانایی جادەی بەهەشتدا دەهاتە خوارێ، مرومۆچ و تووڕە و گرژ گەیشتە مەیدانێک، فریشتەیەکی کەوا سپی، پاتۆل سەوز لەوێ وێستابوو.

بەهەوای زەمانی (پاشا) کە نایب و دەستڕۆیشتوو بوو بانگی کرد:

هۆ.. کاکەی پۆلیس..! کەس وەڵامی نەداوە.

لێی چووە پێشەوە و گوتی:

کاکەی پۆلیس لەگەڵ تۆمە!

– من کاکەی پۆلیس نیم.

– ئەی چیت؟

– فریشتەی ڕێنوێنیم.

– دەی باشە، هەرچییەک هەی، دایرەی مودیر لە کوێیە؟

– ئێرە شتی وای لێ نییە، لە چی دەگەڕێی، کێت دەوێ؟

– لەو کەسە دەگەڕێم کە بەسەر کاروباری ئێرەدا ڕادەگا، پیاو ئەگەر کارێکی ببێ بەکێ بڵێ؟

فریشتەکە تەلیفۆنێکی کرد و پاشان گوتی: لێرە ڕاوەستە، ئێستا دێن دەتبەن. تاوێکی پێ چوو فریشتەیەکی تری وەکو ئەوەکەی هەوەڵ پەیدا بوو لەگەڵ خۆی بردی بۆ لای (خازین)ی بەهەشت.

خازین– فەرموو، دەڵێی چی؟

پیرۆت ئاغا– دەمەوێ وەزعم نەختێ باش کەی.

– بەوردی پێم بڵێ پێداویستت چییە و چت دەوێ.

– پێداویستم بەهەموو شتێکە، نە کەسێک هەیە کەوشم بۆ دانێ، نە نۆکەران هەن دەستەونەزەرم راوێستن، نە فەراش و چایچیم هەیە و نە ئەسپ و تانجی و توولە. هەر هیچم نییە.

– ئەوانەی گوتت لێرە نین و سەرناگرن.

– دەی باشە، دێیەکم بدەنێ، خۆم هەموویان جێبەجێ دەکەم.

– ئێرە دێی لێ نییە.

– دە هێندێکم مسکین بدەنێ، خۆم بە شەق دێیان پێ دروست دەکەم.

– لێرە کەس نادرێتە دەس کەس و کەس ناتوانێ شەق بوەشێنێ.

– دە خەرمانێکم پیشان دەن بیسووتێنم.

– خەرمانمان نییە.

– دەی پێم بڵێ گاگەل لە کوێ هەیە تا بچم بیڕفێنم.

– ئێرە گاگەلی لێ نییە.

– دە ئەسپێک و دوو تانجیم بدەنێ بچم ڕاو بکەم.

– ئێرە ڕاوی لێ ناکرێ.

– دە کەسێکم بۆ پەیدا کەن قوماری لەگەڵ بکەم.

– لێرە قومار ناکرێ..

– دە کەلە و ملەیەکم پیشان دەن بچم خەڵکی لێ ڕووت کەم.

– لێرە جەردەیی و ڕاووڕووت نییە.

– ئەی چۆن ڕابوێرم؟ ئەمە چ بە قوڕە گیراوێکە هەرچییەکی ئەسبابی ئاغایەتییە لێی دەست ناکەوێ؟

ئا ئەم کاول بووە بۆ پێتان دەگوت: «فیها ما تشتهي الأنفاس وتلذ الاعين»؟ هیچ نەبێ ئا لەو خەڵکە چوار کەسم بدەنە دەست، چوار (سەگباب)یان پێ بڵێم و دڵم نەختێ سووکنایی بێت.

– لێرە هەموو کەس وەک یەکن، کەس ناتوانێ (سەگباب) بەکەس بڵێ.

– ها... شیوعییەکانیش هەر ئەم جۆرە قسانەیان دەکرد. ڕەنگە لەگەڵ ئەوان کەین و بەینتان هەبێ.

خازین– ئا کارتەکەت بێنە بزانم!

پیرۆت ئاغا– کارتەکەی دەرهێنا و دایە دەستی.

خازین ڕوانییە کارتەکە و گوتی تۆ بچۆ دەرەوە تا پاشان بانگت دەکەم. هەڵی گرت و تەلیفۆنێکی کرد بۆ مالکی جەهەنەم:

– لای ئێوە پیاوێکی وا هەیە ناوی (مام پیرۆتی گاوان) خەڵکی پیرۆت ئاوا بێ؟

– (دوای تاوێک)– بەڵێ هەیە.

– بینێرنە ئێرە.

دوو یاساولی جەهەنەم مام پیرۆتیان هێنا. مام پیرۆت کابرایەکی ڕەقی، وشکی، دووکەلاوی و لاهەلپڕوزاو.

خازین– مام پیرۆت! بۆچی کارتەکەی خۆت داوە بەو کابرایە؟

مام پیرۆت– من نەمداوەتێ. ئەمانە لە زەمانی (تموین)ەکەوە فێر بوون هەر کوتە کاغەزێکمان پێ ببینن لێمان دەرفێنن. کە کارتەکەیان دامێ، ڕفاندی. ئەو تێروتەسەل و باوی قاچی خۆش بوو، ڕای کرد. من ئەوەندەی تەکانم دا هێزی ئەژنۆم نەبوو، نەیگەیشتمێ.

خازین– (ڕووی کردە یاساولەکان: ئەم پیاوە لێرە دەبێ. بچن لە جیاتیی ئەم، ئەو کابرایەی دەرەوە بەرن. یاساولەکان چوون، هەریەکەی دەستی دا هەنگلێکی پیرۆت ئاغا کە بیبەن.

پیرۆت ئاغا چەپا و چەپ لێیان وەستاوە و نەڕاندی:

سەگباب! بۆ ئەوەندە نارەسەن و بێ ئەدەبن. یاساولەکان دوو سێ گورزی ئاگرینیان سرەواندە ناوشانی و پێش خۆیان دا. کە گەیشتنە دەرگەی

جەهەنەم، شەیتان هاتبووە پێشوازی و بانگی کرد:

– وەرە! برای ئازیزم وەرە! هەزار ئافەرین لێرەش ئاغایەتیی خۆت نواند!

ڕۆژنامەی بیری نوێ، بەغدا، ژمارە ٢٦٤،  ١٩٧٧/١٠/٢٩

## وەڵامێکی زیرەکانە

شەوی مابوو مستەفای نانەوا لەگەڵ شاگردەکانی خەریکی تەندوور داخستن و هەویر شێلان بوو، لە بەرەبەیانەوە دووانیان گونتکی دەگرت، یەکیان دەیکردەوە، مستەفاش بەو چلەی هاوینە لەبەر تەندوورەکە وێستابوو، نانی پێوە دەدا . یەکێ لە شاگردەکانیشی لەسەر پێش خوانەکە دانابوو نانەکان بفرۆشێ.

بەیانی زوو لە پێش هەموو کەسدا کارگەرەکان دەهاتن، هەریەکەی چەند نانی دەکڕی و بەپەلە دەرۆیشت تا خێرا بگاتە سەر کارەکەی، نەکو ئەو ڕۆژە کاری دەست نەکەوی یا هەقدەستی کەمتری بدەنێ. تاویان گەرم بووبوو، هورووژمی نانکڕ نەختێ هێدی بووبووەوە، مستەفا بەیەکێ لە شاگردەکانی گوت:

– ڕۆڵە چایەکە لێ نێ و بچۆ هێندێ پەنیر بکڕە با لە دەرفەتدا نانەکەمان بخۆین!

لەو وەختەدا حاجی ڕەحیم وەکو مانگا و گوێرەکە، نۆکەرەکەی وەدوای خۆی دابوو پێنج – شەش نانی پێ هەڵگرتبوو، پەیدا بوو. هێشتا بەتەواوی نەگەیشتبووە بەردووکانەکە نەڕاندی:

– ئەوە کوا مچەی نانەوا؟

مستەفا گوێی لە دەنگی حاجی بوو، هات، بەقۆڵی کراسەکەی ئارەقی تەویلی سڕی و گوتی:

– حاجی ئاغا فەرموو!

– چی فەرمووم؟ ئەوە نانە بۆ منت ناردووە؟ نابێ خەڵک بناسن و قەدری خەڵک بزانن!

مستەفا (زۆر بەمەندی و لەسەرخۆ):

حـاجی ئاغا ببـووره، ئێـمـه نانی ڕاسـپـاردەمـان نیـیـه، نان دەکـەین و دای دەنێین، هەرکەسێ تر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و دەیبا و دەڕوا.

– نابێ ئاگات له دەمی خۆت بێ، ئەوه وەڵامه بەمنی دەدەیەوە؟

– بەڵێ وەڵامـه و ڕاسـتـیـیـەکـەشی هـەر ئەوەیه، من تووڕە نابم و هیـچی خراپیـشم نەگوتووه. (جـەنابت!) لەخۆڕایی تووڕە دەبی، نانەکان خراپیـیـان چییه؟

– چۆن خراپییان چییه، ئەوەتا هەر هەویرن ناخورێن.

– حـاجی ئاغا، بڕوانه نانەکانی سەر پێش خوانەکە. برژاویان تێدایه، کەم برژاویان تێدایه، هەرکەسه حەز له جۆرێک دەکا، کڕیار دەبێ خۆی هەڵبژێرێ، پێم گوتی ئێمه نانی تایبەتی بۆ کەس ناکەین.

– چۆن ئاوا لەگەڵ من دەدوێی، تۆ من ناناسی، نازانی من کێم؟

– بۆچی ناتناسم، (جـەنابت!) حـاجی قـۆیتـاسی. «ئەم کـابرایه له پێشـدا پێیـان دەگوت قۆیتاس سوتخۆر، پاشان که دەوڵەمـەند بوو، چووه حەج و ناوی خۆی نا حاجی ڕەحیم».

– دەی خـوا موبارەکی نەکا، وامـان لێ هات؟ من سەدی وەک تـۆ کرێنشـینم هەیه. نەختێ بفامه و بزانه چۆن لەگەڵ خەڵک دەدوێی!.

– زۆر باش دەفامم و دەزانم لەگەڵ خەڵک بدوێم. منیش سەدان کەسی وەک تۆ نانخۆرم هەیه و لایەکی ئەم شاره نانی من دەخوا.

بیری نوێ ژماره، ٢٦٣، ٢٢/١٠/١٩٧٧

# فەرهەنگۆک

محەمەدی مەلا کەریم بە یارمەتیی مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە
ئامادەی کردووە

ئـ

ئاڵوودار: داری گەورەی سەربان پێ گرتن.

ئانە: عانە.

ئاوەنیا: زەوی کە بە ئاو لێنان نەرم کرابێتەوە بۆ تۆو تێدا داچاندن بێ چاوەڕوانیکردنی پەڵە.

ئەستێور: دارێ کە ساڵی پێشوو بنێشتی لێ نەگیرابێ؛ حەیوانی نەزاو کە بەچکەشی لە سکدا نەبێ.

ب

بزۆز: منداڵی جووڵاو.

بژوێن: شوێنی لەوەڕ زۆر.

بەرکۆزە: دوو تاڵە بەن یەخەیان پێ گرێ دەدا.

بەستێن: ئەمبەر و ئەوبەری چەم کە زیخی زۆر بێ.

بیلا: بەرهەیوان.

پ

پنگەل: پوونگەی پیربوو.

پەسا: قۆرخ.

پەستە: پەستەک.

پێ پیرۆزانە: پێ و قودووم خێری.

پیتۆڵ: زرنگ.

ت

تاژی: تانجی.

تاسکەتاسک: بە ناز ڕۆیشتن.

تاو: هەتاو، خۆر.

تاو هەڵات: خۆر هەڵاتن.

تای تەوراس: ناوەڕاستی تەوراس. بە کینایە بۆ ئامادەیی بەکار دەهێنرێ.

تراویلکە: ڕەشکەوپێشکەکردنی چاو.

تەبایی: ڕێکوپێکی، انسجام.

تەبکە: جۆرە داوێکە بەسەر چاڵێکی سەر بەتەختە گیراوەوە ساز دەکرێ بۆ ئەوەی گیانداری تێ بکەوێ و بیگرن.
تەبەک: تەبەق، سینی.
تەماڵ: کەروێشکی لان گرتوو.

ج

جەغز: دائیرە.
جەندەک: جەنازە، لاشە، کەلاک.

چ

چەک چن: چەک لێ کۆکراوە.

ح

حەشار: حەشارگە.

خ

خاراو: چەرمی خۆشکراو.
خاکینە: خاکی، متواضع.
خەزا: غەزا.

د

دەرۆست: دەرەقەت.
دەوسیە: فایل.

ڕ

ڕنوو: بەفری کەڵەکەکردوو کە با و شتی وا هێنابێتی.
رووشەڵی: پرڕوویی.
ڕەپستە: شینایی سەر ئاوەنیا.
ڕەشانگە: شوێنێ بەفری لێ نەباریبێ، یا چووبێتەوە.
ڕەشایی: دانیشتووی لادێ کە هیچی نەبێ.
ڕەوانشناسی: علم النفس.

ز

زەرد و زۆڵ: باش برژاو.
زەنوێر: لەوەڕەگە کە حەیوانی نەچووبێتێ؛ شوێنی سازگار.

س

ساڵدات: سەرباز (بە ڕووسی).
سفتەباز: کومپیالەساز، بۆ قەرزدان بەخەڵک.
سەراوەرد: نێوانی دوو پارچە زەوی.
سیایی: سیاهە، لیستە.
سیپە: سەنگەر.
سیسرە: سیسرک.

ش

شێلگیر: توورە، کەسێ سوور بێ لەسەر شتێ.

ف

فیزماڵک: تەقڵەبردنی ڕێوی، خۆدزینەوە.

## ق

قرت: زاق و زووق.

قورم: دۆرنج، دووکەڵی بەبنمیچەوە شۆڕبووەوە.

قورماوی: دۆرنجاوی.

قەرەم: زەل، قامیش.

## ک

کابارە: کاباریَ.

کادین: کادان.

کرێوەپێچ: ئەوەی کرێوە ڕاپێچی کردبیَ بۆ شوێنیَ.

کۆچەڵە: کاسەیەک لە دار یا لە قوڕ دەنریَ بە بەری درەختەوە بنێشتی تیَ داچۆڕیَ.

کوزوو: کز و باریک.

کەڕەسیسە: پڕووشە بەفر کە کزەبا هەڵی بڕیَ.

کەکرە: ژاڵە، تاڵ.

کەما: گیایەکی کوێستانییە حەیوانی لیَ دەلەوەڕیَ و دەشیبڕنەوە و وشکی دەکەنەوە بۆ زستان.

کەماجاڕ: جاڕەکەما.

## گ

گلێرە: وردە تەرزە.

گۆڕ: تەختان.

گۆڕین: معهود.

گۆڵەداسوو: دەردێکە ڕەشەوڵاخ دەیگریَ، زیادە گۆشتێکی وەک چقڵ لەسەر لێو و زمانی دەردەچیَ.

گەرداڵ: توێژاڵ.

گەوز: قەوس؛ ئەو نیو دائیرەیە کە لە هەڵهێنانەوەی داسەوە بۆ درەو پەیدا دەبیَ.

## ل

لەچەر: بەرچاو تەنگ.

لەحاند: لە ئاست.

لیزگە: زەنگیانەی هۆنراوە.

## م

ماشەر: کلافەی بەنی لەسەر دوو ئەژنۆ هەڵکراو.

مافنگی: نابووت.

مالۆسکە: دانی جیاکراوە لە کاتی شەنکردنی خەرماندا.

مریشکە بەکورک: مریشکە بەکڕ.

مەختە: کرێی زەوی کە دەرەبەگ لە جووتیاری دەسەند بەرانبەر بەوەی کە زەوییەکەی داوەتیَ. ئەمە سەرەڕای موڵکانەیە.

مەزرا: مەزرەعە، کێڵگە.

مەشقاڵە: مەشکەڵە.

میسوار: زەرد وەک مس.

ن

نوالّ: نێوان دوو گردی بچووک کە بەفری درەنگ بڕواتەوە و گیای درەنگ لێ بڕوێ.

و

ودم: قودووم، قووم.

سەردەپەڕی: بۆی دەردەچوو.

ه

هاوکەوشەن: هاوسنوور.

هاوێرکردن: جوێکردنەوەی کار و بەرخ لە دایکیان.

هەدا: ئۆقرە.

# پێڕست


پێشەکیی چاپی دووەم ..... 5
سەرەتا ..... 7
پێکەنینی گەدا ..... 14
عادەتی بازاڕ ..... 20
بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە ..... 27
تاج و تەختی کوێخا هۆمەر ..... 33
ئاغا وەجاخی ڕۆشنە ..... 40
خەملّی پەموو ..... 47
سەرفیترە ..... 53
کەشکۆڵی جادوویی ..... 59
شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ ..... 69
نووشتەکەی ئامینە خان ..... 74
هێلکەی هادی خانی ..... 82
قورئان خوێندن لە جیاتیی پارەی بەرتیل ..... 91
نە دیداری حاجی، نە خەوی مزگەوت ..... 97
چای دیواخان ..... 103
هەستکردن قەدەغەیە ..... 110
پیلانی دوژمن ..... 116
جایزەی کۆمیتەی ئاشتیی جانەوەران ..... 121
ڕاگەیاندنی مافی جانەوەران لە نزاری (یانکی) ..... 128
پێشوازێکی برایانە ..... 141
وەڵامێکی زیرەکانە ..... 145
فەرهەنگۆک ..... 147